## ئاڵا نیشانەی ناسنامەی نەتەوەیی و بوونی گەلی کوردستانە




# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٤٥)- (١٢)ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٢


# گەندەڵیی سیاسی

## دروستکردنی ئاستەنگ لە بەردەم پرۆسەی حوکمڕانیی باشدا

هەموو کارێکی سیاسی بە گەندەڵیی سیاسی هەژمار دەکرێت ئەگەر بەشێك لەو دیسپلینانە پێشێل بکات کە سیستمی سیاسی بۆ کەرتی گشتی دایناوە

ڕەفتاری هەر بەرپرسێکی گشتی بە گەندەڵیی سیاسی هەژمار دەکرێت ئەگەر پۆستەکەی بۆ بەرژەوەندیی کەسی و حزبەکەی قۆرخ بکات






# بڕیاری ڕژێم بۆ کشاندنەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکان

## ٤٦

لە مانگی ئەیلوولی ١٩٩١–دا، حکوومەت بڕیاری دا دامودەزگا حکوومی و کارگێڕییەکان لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک بکشێنێتەوە. حکوومەت پێی وا بوو بەرەی کوردستانی توانای ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی کوردستانی نابێت و تووشی فەشەل و ڕووخانێکی گەورە دەبێت، بەڵام خۆشبەختانە تەبایی و یەکڕیزیی ئەو سەردەمەی نێوان گەلی کورد و هیوا و پەرۆشی و هەستی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی ڕێکوپێک و دڵسۆزانەیان بۆ لێژنەکانی بەرەی کوردستانی ڕێگەیان نەدا هیچ بۆشاییەکی ئیداری و کارگێڕی بێتە ئاراوە. هەرچەندە لەبەر نەبوونی ئیمکاناتی پێویست خۆبەڕێوەبردن کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام زۆر باش بۆشاییەکە پڕ کرایەوە و بەڕێکوپێکی و بەباشی ئیدارەی کوردستان کرا.

بە مەبەستی یارمەتیدانی گەلەکەمان، ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە ناحکوومییە بیانییەکان سەردانی کوردستانیان کرد؛ هەرچەندە هاوکارییەکان وەک پێویست نەبوو، بەڵام بۆ ئەو سەردەم و بارودۆخ کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو. دواتر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هات و ڕۆڵ و کاریگەرییەکی باشی گێڕا لە یارمەتیدانی خەڵکی کوردستان، چونکە خەڵکەکەش بەپێی بارودۆخەکە وردە وردە جێگیر بوون و هیوایەکی زیاتریان بۆ پەیدا بوو.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبیی {فەرهەنگی دیپلۆماسی (کوردی – ئینگلیزی)} لە دووتوێی (٤٧٤) لاپەڕەی قەوارە گەورە لە نووسینی (هاوکار حەمە فەرەج) کەوتە بەردەستی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە.

نووسەر بۆ ئامادەکردن و نووسین و چاپکردنی ئەم کتێبە هەوڵی زۆری داوە، بە تایبەتیش کە هەموو چەمك و زاراوەکانی بە زنجیرە پیتی کوردی ڕیز کردووە، لە بەشێکی ئەم کتێبەیدا دەنووسێت: دیپلۆماسی هونەر و پراکتیکی بەڕێوەچوونی دانوستان، پاراستنی پەیوەندییەکانی نێوان گەلان و کارامەییە لە مامەڵەکردن، ئامڕازی سەرەکیی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە و حوکمڕانیی جیهانە، کە نوێنەرایەتیی بەدەستهێنانی ئامانج و ستراتیژییە فراوانەکان دەکات.

دیارە هەروەك نووسەر ئاماژەی پێ دەکات چەمك و دەستەواژە دیپلۆماسییەکان هاریکاریی دیپلۆمات و سیاسییەکان دەکەن، کە بەچەندین شێواز گوزارشت لە ڕاستییەکان بکەن و لەسەر مێزی گفتوگۆ سەرکەوتوو بن. لەم ناوەندەدا زمان کاریگەریی گەورەی هەیە، تاکوو بتوانرێت دیپلۆماسی بکرێت بە کاریگەرترین چەکی هاوچەرخ و بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەل.

نووسەر لەم بەرهەمەیدا کاری لەسەر فەرهەنگی ڕوونکردنەوە یان پێناسە کردووە، ئەوەی بیرۆکەی بنچینەییی ئەم فەرهەنگەیە ناساندنی زاراوە، چەمك و دەستەواژەکانە کە لە چوارچێوەی زانستی دیپلۆماسی، پەیوەندیی نێودەوڵەتی، کاروباری دەرەوەی دەوڵەتان، کاروباری نێردە دیپلۆماسی و کونسوولخانەکان و پەیماننامە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بەکاردێن.

بڕگەکانی ئەم فەرهەنگە لە کۆمەڵێك کولتووری ئەدەبیی جۆراوجۆرەوە کۆکراونەتەوە کە بریتین لە ئینگلیزی، ئەمریکی، ڕووسی و کوردی، هەروەها بە سەدان سایتی ئینتەرنێت و کتێب و ڕۆژنامە، وەکوو سەرچاوە سوودیان لێ وەرگیراوە.

ئەوەی ماوەتەوە سەبارەت بەم بەرهەمە ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە لە پێکهاتەی فەرهەنگەکەدا چەمکەکان بە زمانی کوردی ناسێنراون، لە بەرانبەریاندا هاوواتاکانیان بە زمانی ئینگلیزی بەکارهێنراون و پاشان چەمکەکان بە زمانی کوردی پێناسە کراون.

شایانی باسە لە ڕێوڕەسمێکدا ئەم بەرهەمە بەسەر ژمارەیەك لە نووسەرو ڕۆشنبیرو تایبەتمەندانی ئەم بوارە دابەشکرا، دەستخۆشی لە نووسەر (هاوکار حەمە فەرەج) دەکەین، ئومێدەوارین ئەم فەرهەنگە ببێتە سەرچاوەیەکی سوودبەخش بۆ ئەوانەی پسپۆڕن لە بواری سیاسەت و دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەهیوای بەرهەمی زیاتر.





## مەلا عەبدولواحید باڵەکی :



**لە سایەی مەلا مستەفا بارزانیدا هەمووکات مەلاکانی کوردستان لەناو کۆمەڵگە پێشەوا بوون**

## موزەفەر سابیر :



**شەو و ڕۆژ چاودێریی بازاڕ دەکەین و هاووڵاتیانیش دەتوانن لە هەر سەرپێچییەک ئاگادارمان بکەنەوە**

## گوڵیزار ڕەشید سندی



**براندی هەناری کوردستان دەستپێکی هەنگاوەکانی بەهاناوەچوونی جووتیاران**

## عەبدولڕەحمان سدیق



**ئافرەت لە بەرامبەر توندوتیژیی گۆڕانی کەشوهەوادا**

## پرۆفیسۆر ئەتالیا :



**ناسیۆنالیزم پەیوەستە بە ڕەوایەتیدانی سیاسی بە دەوڵەتەوە**


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

تاریق حەیدەری :




## ١٥ ملیار دینار بۆ ڕێگەوبانی گوندەکانی سنووری کۆیە تەرخان کراوە

ڕێبوار سیوەیلی :



## قارەمانی کردەیی و مەیدانییە مێژوویییەکە هەمیشە ژنان بوون، نەک پیاوان، بەڵام چونکە ژنان هەمیشە خەباتەکەیان لێ دزراوە، ئەوا پیاو وەک قارەمانی نەتەوە پێناسە کراوە

## قەڵەوی منداڵ گرفتێکی گەورەیە!



## پشکێنەرێکی پزیشکی لەماڵەوە



## سەربەخۆیی کوردستان لە فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتیی هونەری دەخرێتە بەر باس




گوڵان عەبدوڵڵا :

## هۆکاری سەرەکیی بەرەوپێش نەچوونی بالە نەبوونی خول و پاڵەوانێتییە







ئا: هۆشمەند ڕەفیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئاڵا نیشانەی ناسنامەی نەتەوەیی و بوونی گەلی کوردستانە، ئاڵا پیرۆزیی خۆی لە ناو سەرجەم گەلاندا بە گەلی کوردستانیشەوە هەیە، چونکە ناسنامەی نەتەوە و خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستانە، هەروەکو چۆن ئاڵا لە جیهاندا هێمای ناسینەوەی دەوڵەت و نەتەوە و گرووپ و ڕێکخراو و پارتی سیاسی و یانەی وەرزشی و دەزگای فەرمی و زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگە و لیوا و سوپای سەربازی و دەیان دامەزراوە و گرووپی جۆراوجۆری دیکەیە و، ڕێز و پیرۆزیی خۆی هەیە، لەلای کوردیش دوای ئەوەی لە ١٩/ ٢٠٠٩/٦ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێك یادی ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە. بەمەش ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەم بە ڕۆژی ئاڵا لە کوردستان دانراوە، ئەمەش دوای بڕیاری ژمارە ٢٦ی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١١ کاتێك پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩٩ یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستان – عێراق لە ١٠ مادده پێك هاتبوو، پەسەندی کرد و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش سیستمی ئاڵای کوردستانی بە بڕیاری ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٤ دەرکرد و، تێیدا پێوانەی ئاڵا و شوێن و بۆنەکانی هەڵکردنی ئاڵای دیاری کرد، پاشان سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانیش بە فەرمانی هەرێمیی ژمارە ٦٠ لە ٢٠٠٧/٧/٦ شوێنی هەڵکردنی ئاڵای دیاری کرد. بۆ قسەکردن لەسەر گرنگی و پیرۆزیی ئاڵا، لەم نیمچە شیکارییە زانستییەدا باسێکی مێژووی ئاڵا دەکەم:

## ● مێژووی ئاڵا

١. دارێکی درێژ چەقێنراوە و نیشانەیەکی پێوە لکێندراوە، بۆ ئەوەی خێزانەکەیان بە شوێنی کارکردنەکەیان بزانێت.

٢. ٤٠٠٠ ساڵ پێش زایین لە خاکی میزۆپۆتامیا (کوردستان) هەڵدراوە، ئەمەش لەلایەن ئاشوورییەکان و سەفەوییەکان و ساسانی و میدیاکان و سۆمەرییەکان و پاشان شارنشینە یۆنانییەکان و قەیسەرەکانی ژاپۆن و چین، لەو سەردەمەشدا ئاڵا بۆ یەکەمین جار لە پێستی ئاژەڵ دروست کراوە. هەندێك سەرچاوەش بەکارهێنانی ئاڵا بۆ میسرییە کۆنەکان دەگەڕێننەوە.

لە مێژووی نوێدا بۆ یەکەمین جار دانیشتوانی دوورگەی هیندی ڕۆژهەڵات و چینییەکان ئاڵایان بە شێوەی قوماش بەکار هێناوە .

# ئاڵا نیشانەی ناسنامەی نەتەوەیی و بوونی گەلی کوردستانە

## ڕاپۆرتێکی شیکاریی زانستی مێژوویی

پێداچوونەوەی زانستی: پرۆفیسۆر قادر محەمەد • پرۆفیسۆر ئاکۆ بورهان

### • ئاڵا بۆچی بەکار دێت؟

ئـاڵا بـۆ زۆر مەبەسـت و ئامانـج بـەکار هێنـراوە، کـە گرنگترینیـان بـۆ جەنـگ و جـەژن و بۆنـەکان و ناسـینەوەی وڵات و کاری دیپلۆماسـی بـووە، بـەو پێیـەی ئـاڵا ڕەمـز و شـەرەف و شـکۆمەندی و مێـژووی نەتەوەیـە.

### • ڕەنگەکانی ئاڵا

لـە هەمـوو دونیـادا بەپێـی جوگرافیـا و نەتـەوە و مێـژووی ئـەو گەلـە، ڕەنگەکانـی ئـاڵا کۆمەڵێك مانا و تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە، دەکرێـت ڕەنگـەکان بـەم شـێوەیە جیـا بکرێنـەوە:

*ڕەنگـی سـوور نیشـانەیە بـۆ شـۆڕش و ئازایـی و هێـز و خوێنـڕژان لـە جەنگـدا.

*ڕەنگـی زەرد نیشـانەیە بـۆ ڕووناکـی و درەوشـانەوە و ئاگـر و وریایـی.

*ڕەنگـی شـین نیشـانەیە بـۆ ئـاو و دەریـا و ئاسـمان و ئـازادی و پاکـی.

*ڕەنگـی ڕەش بـۆ پرسـە و مـەرگ و نەمـری بـەکار دەهێنرێت.

*ڕەنگـی سـپی نیشـانەیە بـۆ ئاشـتی و ئارامـی و ئاگربەسـت.

* *ڕەنگـی پرتەقاڵـی بـۆ ئازایـی و خۆبەختکـردن و قوربانیدانـە.

*ڕەنگـی سـەوز بـۆ بووژانـەوە و ئـازادی و پاراسـتن و گەنجـی و کشـتوکاڵ بـەکار دەهێنرێت.

### • مێژووی ئاڵای کوردستان

سـەرچاوە مێژووییـەکان مێـژووی ئـاڵای کـورد بـۆ سـەردەمی دەوڵەتـی مـاد بـۆ ٧٠٠ سـاڵ پێـش زاییـن دەگەڕێننـەوە، دواتـر ئـاڵای دەوڵەتـی ئەیوبـی (سـەلاحەدینی ئەیوبـی) لـە سـاڵی ١١٣٨-١١٩٣ زایینـی، ئـاڵای ئەتابەگیـەی هەولێـر (سـوڵتان موزەفەردیـن کۆگبـۆری) سـاڵی ١١٨٩ لـە ئەتابەگیـەی مووسـڵ جیـا بووەتـەوە و، ئـاڵای دەوڵەتـی زەنـد لـە سـاڵانی نێـوان ١٧٥٠-١٧٩٤ی زاییـن (کەریـم خانـی زەنـد) دروسـتی کـردووە، لـە دوای ئەمـەش ئـاڵای میرنشینی سـۆران دێت، کە لە ساڵانی نێوان ١٣٩٩-١٨٣٥ حکومەتێکی کوردی بـووە کـە لـە ساڵی ١٨١٦ دا سـەربەخۆیی خـۆی ڕاگەیاندووە و لـە ساڵی ١٨٣٥ لەسـەر دەسـتی هێزەکانـی دەوڵەتـی عوسـمانی ڕووخێنـدرا، ئـەو میرنشـینە لەسـەر دەسـتی پاشـای گـەورە دامـەزرا، ئەو کات پایتەختەکەی ڕەوانـدز بـووە.

ئـاڵای ڕاپەڕینـی بەدلیسـی لـە سـاڵی ١٩١٤ کـە ڕاپەڕینێکـی ڕێکخـراوی نهێنـی بـوو (ئیرشـاد) لـە کوردسـتانی باکـوور، بـە سـەرۆکایەتیی مـەلا سـەلیمی بەدلیسـی، شـێوەی ئاڵاکـەی لەسـەر پارچـە قوماشـێك بـە ئایەتـی قورئانـی پیـرۆز ڕازاندرابـووەوە. هـاوکات ئـاڵای قورچگیـری لـە سـاڵانی ١٩١٩-١٩٢١ لـە شـۆڕشـی قۆچگیـری لـە ناوچـەی دەرسـیم و خـوزات بەرپـا بـوو، ئەمـەش دوای ئـەوەی کـورد ئامـادە نەبـوو بچنـە ژێـر ڕکێفـی کەمالییەکانـەوە.

لـە دوای سـاڵی١٩٢٠ شـێوەی ئـاڵای کوردسـتان

**ئاڵا بۆ زۆر مەبەست و ئامانج بەکار هێنراوە، کە گرنگترینیان بۆ جەنگ و جەژن و بۆنەکان و ناسینەوەی وڵات و کاری دیپلۆماسی بووە، بەو پێیەی ئاڵا ڕەمز و شەرەف و شکۆمەندی و مێژووی نەتەوەیە**

**قازی محەمەدی وتەیەکی بەهێزی لە ڕۆژی دادگاییکردنیدا هەیە، دەڵێت: «هەرگیز دەستتان ناگات بە ئاڵای کوردستان، ڕۆژێک دێت ئەو ئاڵایە لە سەر بیناى ئەم دادگایەی کە تیایدا دادگایی دەکرێم، بەرز دەکرێتەوە و دەشەکێتەوە**

دەرکەوت، کە بۆ یەکەمین جار ئاڵای کوردستان لە ساڵی ١٩١٩ بە سەرۆکایەتیی ئەمین عالی بەدرخان دروست کراوە، کە بە ئاڵای کۆمەڵەی خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری لە ساڵی ١٩٢٠ ناسراوە، ئاڵای کۆمەڵەی تەشکیلاتی ئیجتیماعیی کوردستان، ئەو ئاڵایە هەمان ئاڵای ئێستای هەرێمی کوردستانە لە (باشووری کوردستان) کە لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (زین العابدین) لە ساڵی ١٩٢٠ دروست کراوە و، سوودی لە ڕەنگە پیرۆزەکانی ماددەکانی وەرگرتووە (سوور، سپی، زەرد و سەوز).

### ● گۆڕانکاری لە ئاڵای کوردستاندا

دوای ئەم ئاڵایە کۆمەڵێك ڕووداو و گۆڕانکاری لە هەرێمی کوردستان ڕوویان دا و شێوەی ئاڵاکە گۆڕانکاریی کەمی لەسەر کرا، نەك لە ڕەنگەکان، بەڵکو زیاتر لە وێنەکانی سەر ئاڵاکە، بۆ نموونە: ئاڵای کۆماری ئارارات لە ساڵانی نێوان ١٩٢٧- ١٩٣٠ کە کەوتبووە باکووری کوردستان و پارێزگای ئاگری پایتەختەکەی بووە، لە لایەن کۆمەڵەی خۆیبوونەوە سەرکردایەتی دەکرا، بە ڕابەرایەتیی (ئیحسان نووری پاشا) و لە ساڵی ١٩٢٧ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند (هەرچەندە قسەی زۆر لەسەر ئاڵاکە هەیە بەوەی ڕاست نەبێت) بەڵام لە ناو ڕۆژەکەدا وێنەی دوو چیای کوردستان بە ڕەنگی سپیی بە بەفر داپۆشراو هەیە.

هەرچی ئاڵای حکومەتەکەی شێخ مەحموودی حەفیدیشە لە ساڵانی نێوان ١٩٢٢- ١٩٢٤ ڕەنگی مانگێکی سپی لە ناو خۆرێکی ڕەنگ سوور، لە ناو ڕەنگێکی سپیدا هەبووە، بە هەمان شێوە ئاڵای شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ دا ئاڵایەکی سەوزە و خۆرێکی ڕەنگ زەردی تێدایە، ئاڵای حزبی ئازادیی کوردستانیش لە نێوان ساڵانی ١٩٤١- ١٩٤٢ کە ئەو کات لە ورمێ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاپەرینێك سەری هەڵدا، بەپاڵپشتیی حزبی ئازادیی کوردستان لە دژی دەسەڵاتدارانی ئێران لە سەردەمی عەلی سهیای سەرۆك وەزیرانی فارس.

### ● ئاڵای کورد لەسەردەمی کۆماری کوردستان — مەهاباد ١٩٤٦

حکومەتێکی کوردیی کەمتەمەن لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دامەزرێندراوە، کە تەمەنی ١١ مانگ بوو، پایتەختەکەی شاری مەهاباد بووە، لە ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٥ ئاڵای ئێران لەسەر باڵەخانەکان لەلایەن ڕاپەڕیوە کوردەکانەوە داگیرا، لە ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٧ بەرانبەر ٢٦ی سەرماوەرزی ساڵی ٢٦٤٥ی کوردی، لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆ و بە ئامادەبوونی قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی سەرکردەی نەتەوەیی کورد و شۆڕشگێڕانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە فەرمی ئاڵای کوردستان هەڵکرا، ئاڵاکە لە مەیدانی چوارچرا کاتژمێر ١٠ی بەیانی لەسەر شانی شەهید کەریمی نازمی لە ناو ئاپۆرای جەماوەردا، بەرەو باڵەخانەکە بە خۆشی و هوتاف کێشان و شادییەکی زۆرەوە و لە ناو دەنگی قرمەی تفەنگی سەدان برنۆ هەڵکرا، دواتر ڕاستەوخۆ ئاڵاکە لە سەرجەم شار و شارۆچکە و ناوچەکانی ژێر سنووری دەسەڵاتی کۆماردا هەڵکرا.

هەژار موکریانیی شاعیر لە ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ئەم هۆنراوەیەی خوێندەوە:

**بیبینێ ئەو کەسەی پێی وابوو کورد سەرناکەوێ**
**کێ بوو پێی وابوو تەمی نیگبەت لەسەرمان نارەوێ**
**داری ئاڵام وەکو چقڵە لە بۆ چاوی عەدوو**
**هەر دڵێ خۆشی نەوێ، ڕەبینی وەبەر کەوێ**

قازی محەمەدی وتەیەکی بەهێزی لە ڕۆژی دادگاییکردنیدا هەیە، دەڵێت: «هەرگیز دەستتان ناگات بە ئاڵای کوردستان، ڕۆژێك دێت ئەو ئاڵایە لە سەر بینای ئەم دادگایەی کە تیایدا دادگایی دەکرێم، بەرز دەکرێتەوە و دەشەکێتەوە».

ئاڵای کوردانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانیش بە سێ ڕەنگی زەرد و سوور و سەوز دانراوە، تەنیا ڕۆژەکەی و ڕەنگە سپییەکەی تێدا دانەنراوە.

لە ئێستادا دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە کە ٢١ تیشکی یەکسان و هاوشێوەی هەیە، کە مانای ٢١ی مانگی ئادار دەگەیەنێت، بە پێی ساڵنامەی زایینی نەك کوردی. هاوکات سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب لە لایەن شاعیری گەورەی کورد پارێزەر یونس ڕەئووف ناسراو بە (دڵداری شاعیر) لە ساڵی ١٩٤٠ دانراوە و، بووەتە بەشێك لە کەلتوور و فەرهەنگی میللەتی کورد (کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە، زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان)، جوگرافیای باشووری کوردستانیش پارێزگاکانانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کەرکووك و هەڵەبجە لەخۆ دەگرێت.

ئاڵاکەش بەپێی یاسای ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستان- عێراق ڕێك خراوە، کە جەخت لەسەر کۆمەڵێك ماددەی یاسایی و بڕگە دەکاتەوە، لەوانە:

لە ماددەی یەکەمدا هاتووە: هەرێمی کوردستانی عێراق ئاڵایەکی شێوە لاکێشەیی دەبێت، پانییەکەی

**ئاڵای ڕاپەڕینی بەدلیسی لە ساڵی ١٩١٤ کە ڕاپەڕینێکی ڕێکخراوی نهێنی بوو (ئیرشاد) لە کوردستانی باکوور، بە سەرۆکایەتیی مەلا سەلیمی بەدلیسی، شێوەی ئاڵاکەی لەسەر پارچە قوماشێک بە ئایەتی قورئانی پیرۆز ڕازاندرابووەوە**

**لە دوای ساڵی١٩٢٠ شێوەی ئاڵای کوردستان دەرکەوت، کە بۆ یەکەمینجار ئاڵای کوردستان لە ساڵی ١٩١٩ بە سەرۆکایەتی ئەمین عالی بەدرخان دروست کراوە، کە بە ئاڵای کۆمەڵەی خۆیبوون و شۆڕشی ئاگری لە ساڵی ١٩٢٠ ناسراوە**

**ڕۆژی ١٩٤٥/١٢/١٧ بەرانبەر ٢٦ی سەرماوەرزی ساڵی ٢٦٤٥ی کوردی، لە ڕێوڕەسمێکی پڕشکۆ و بە ئامادەبوونی قازی محەمەد و مەلا مستەفا بارزانی سەرکردەی نەتەوەیی کورد و شۆڕشگێڕانی پارچەکانی دیکەی کوردستان، بە فەرمی ئاڵای کوردستان هەڵکرا**

سێ یەکی درێژییەکەی دەبێت و بەسەر سێ لاکێشەی ئاسۆیی یەکسان لە درێژی و پانیدا دابەش کراوە و بەم شێوەیە پێك هاتووە:

١. لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە، هێمایە بۆ شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد.

٢. لاکێشەی ناوەڕاست سپییە، هێمایە بۆ ئاشتی و ئازادی و دیموکراتی و لێبووردەیی، کە گەلی کوردستان دەیەوێت.

٣. ناوەڕاستی لاکێشە سپییەکە خۆرێکی تێدایە بە ڕەنگی زەرد، کە دەکەوێتە خاڵی یەکتر بڕی ڕووبەری لاکێشەکە، کە ٢١ تیشکی سێگۆشەی یەکسانی لێ دەردەچێت و هێمایە بۆ بەردەوامبوونی ژیان و مەعریفە و هیوا و گەشبینی و ٢١ تیشکەکەش هێمایە بۆ بۆنەی نەتەوەیی نەورۆز، ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە و ڕاپەڕین و شۆڕش و ڕزگاری لە زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە.

٤. لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە، هێمایە بۆ کشتوکاڵ و سرووشت و ژینگەی کوردستان.

هەرچی ماددەی دووەم هەیە، جەختی لە سەر ئەوە کردووەتەوە کە بەنیزام ئەو باڵەخانانە دیاری دەکرێت، کە ئاڵاکەیان لە سەر بەرز دەکرێتەوە.


ماددەی سێیەم بەرزکردنەوە و داگرتنی ئاڵاکەی دیاری کردووە، کە بەرزکردنەوەی ئاڵا لە کاتی خۆرهەڵاتدا دەبێت و، داگرتنیشی لە کاتی خۆرئاوابووندا دەبێت. بۆ دروستکردن و چاپکردن فرۆشتنی ئاڵاکەش، ماددەی چوارەم دانراوە، کە دەسەڵاتەکانی داوە بە وەزارەتی ڕۆشنبیری.


لە ماددەی پێنجەمدا قەدەغەی کردووە ئاڵا بەرزکردنەوە لە ئاهەنگە نەتەوەییەکان و نیشتمانییەکان بەکار بێت، ئەگەر ئاڵاکە شایەنی بەکارهێنان نەبێت، وەکو گۆڕینی ڕەنگ و خاوێنی و دڕان.

لە ماددەی شەشەمدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئاڵا لە تەنیشت ئاڵای عێراق بەرز دەکرێتەوە.

بۆ ئاسانیی جێبەجێکردنی ئەم یاسایە لە ماددەی حەوتەمدا هاتووە، ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەرشانی ئەنجومەنی وەزیران، کە ڕێسایەکی تایبەت بۆ ئاسانیی جێبەجێکردنی دابنێت، لە ماددەی هەشتەمیشدا هاتووە کە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە ئەم یاسایە جێبەجێ بکات، لە ماددەی نۆیەمدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە کار بە هیچ دەقێکی دیکە ناکرێت کە پێچەوانەی ئەحکامەکانی ئەم یاسایە بێت، لە ماددەی دەیەمدا جێبەجێکردنی یاساکەی لە ڕۆژی دەرچوونییەوە داوە و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو کراوەتەوە.


















مەلا عەبدولواحید باڵەکی
شارەزا لە بواری فیقهی ئیسلامی
بۆ گوڵان:

# لە سایەی مەلا مستەفا بارزانیدا هەمووکات مەلاکانی کوردستان لەناو کۆمەڵگە پێشەوا بوون

# بەداخەوە حزبەکان هەر یەکەو ناوێکی لە خۆی ناوە و هەیانە ناوی ئیسلامەتیشیان لە خۆیان ناوە کەچی ڕوخساریان ناشیرینە و زیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش دەگەیەنن

## گرنگە سەرۆکی حکومەت ماوە ماوە لەگەڵ یەکێتیی زانایان کۆببێتەوە و ساڵانەش لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ناوچە جیاوازەکان کۆببێتەوە

**مامۆستا مەلا عەبدولواحید باڵەکی زانای ئایینی و شارەزایە لە بواری فیقهی ئیسلامی و چەندین ساڵ خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی کردووە و ڕۆڵێکی گەورەی لە خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان بینیوە و، لە کۆنگرەی ١٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان سەرۆك بارزانی مەدالیای بارزانی پێ بەخشیوە.**

**لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان سەبارەت بە پێکەوەژیان و لێبووردەیی ئایینی لەناو گەلی کوردستان و ڕۆڵی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە پاراستنی کەلتووری پێکەوەژیان و گیانی تەبایی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**سەرکردەکانی کورد باش دەیانزانی مەلا چ ڕۆڵ و توانایەکی هەبووە بۆ جووڵاندنی خەڵکی و هاندانیان بۆ پشتگیریکردنی خاک و نیشتمان**

*** تەمەنێکی درێژتان لە خزمەتی ئایین و خوداپەرستی و وانەوتنەوە بەسەر بردووە، سەرەتا حەز دەکەین باسێکی ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەمان بۆ بکەن، ئەو ڕەسەنایەتییەی مەلای کورد پێی بەناوبانگە بەتایبەتی لە سەردەمی شۆڕش و خەباتی میللەتی کورددا چ خوێندنەوەیەکتان بۆی هەیە؟**

- بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان. بە حوکمی ئەوەی من لە نزیك میرگەسۆر لە ناوچەیەکدا ژیاوم کە باڵەکی پێ دەوترێت و ناوەندی هۆزی باڵەکی بووە و لە سەردەمی شۆڕشدا گوندەکەمان ئابلۆقەی سەربازی درابوو، لە سەردەمی مەلیکیشدا لە نزیك گوندەکەمان سەربازگەیەکی لێ بووە و پێی دەوترا سەربازگەی باپشتیان، بۆیە لە نزیکەوە ئاشنایەتی و بەشداریم لە خەبات و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد وەکو هەموو مامۆستا و مەلاکانی دیکەی کوردستان هەبووە. لەو سەردەمەدا مەلا ئیعتوباراتی تایبەتیی خۆی هەبوو، چ لە ڕووی ڕێزەوە بێت، یان لە ڕووی پرسکردن و بەشداریکردنی لە زۆر وێستگەی گرنگی ژیان و خەباتی نەتەوەکەی بێت. ئەو کاتە مەلا وەکو پێشەوا سەیر دەکران. خودای گەورە کاتێك باسی حەزرەتی ئیبراهیم دەکات، دەفەرموویت: «وَإِذِ ابْتَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَامًا...». بەو واتایەی ئەی ئیبراهیم ئێمە تۆمان کردە پێشەوا واتا لە ڕووی سیاسی و ئیداری و سەربازی و کۆمەڵایەتییەوە. مەلا و زانای کوردیش بەو پێیەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان زۆر بە

**لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی حزبایەتی نەک هەر نەبوو، بەڵکو خەڵکی دوای سەرکردەیەک کەوتبوون کە لە پێناو نەتەوە و میللەتەکەیدا خەباتی دەکرد**

**بەداخەوە لەم سەردەمەدا کەسانێک بە ناوی جیاجیاوە دەیانەوێت زیان بە ئایینەکەمان بگەیەنن و هزری نامۆی ڕۆژئاوا و وڵاتانی بیانی بهێننە ناو کۆمەڵگەکەمانەوە**

**دەبێت جیاوازی لە نێوان ئیسلام و موسڵمان بکەین، بۆیە جیاوازمان کردەوە، چونکە مرۆڤەکان لە ناسنامەکانیاندا نووسراوە موسڵمان، بەڵام هەیانە پەیامی ئیسلام جێبەجێ ناکەن**

**ئەگەر هەر حزبێک لە کوردستان لە ژێر هەرناوێکدا بێت، ئامانجی ئەوە بێت نەتەوەکەی ڕزگار بکات لە کۆیلایەتی و ژێردەستەیی و کار بۆ خۆشگوزەرانی و هاونیشتمانییەکانی بکات، ئەوا هیچ بەلایەکی تێدا نییە و پیرۆزە**

ڕەسەنایەتی و ڕاستگۆیی وەرگرتووە، ئەرکێکی گەورەیان لەناو کۆمەڵگە لەسەر شان بووە، بۆ نموونە هەر دانوستان و گفتوگۆ و ڕێککەوتنێك بکرایە، ڕاستەوخۆ لەسەر دەستی مەلا دەکرا، لە ڕووی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریشەوە مەلا هەر پێشەوا بووە و دەرگای مزگەوتی لە خزمەتی پێشمەرگە و خەڵکی زوڵملێکراو هەژار و بێکار واڵا بووە و پشتگیریی خەباتی ئەو سەرکردە گەورانەی کوردیشیان کردووە کە دڵسۆزانە لەپێناو کوردی موسڵماندا خەباتیان کردووە و دژی زاڵم بوون، واتا لە ٩٠٪ی خەڵکی خوێنەوار لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا بریتی بووە لە مامۆستاو زانای ئایینی، ڕۆڵیشیان لە پارێزگاریکردنی تاك و خێزان و نەتەوە و سیما جوانەکانی کەلتووری کوردەواری هەبووە و لە شۆڕش و ڕاپەرین و خەباتەکاندا دژی زاڵم و داگیرکەر بوون، تەنانەت ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشیان لە هزر و فکری توندڕەوی و توندوتیژی پاراستووە و شەهید و قوربانیی گەورەشیان داوە.

*** باسی سەرکردە گەورەکانی کوردت کرد، ئایا کیانی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییان بۆ ئەو بەرەوپێشچوونی فیکری و دیندارییە دەگەڕایەوە کە لە ڕەسەنایەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەیانبوو، هاوکات پەروەردەی مزگەوت و تەکیە و خانەقا و حوجرە بوون؟**

- بەڵێ، پاکی و جوانی و دڵسۆزی لەناو شۆڕش و فیکری سەرکردە گەورەکانی کورد بۆ لایەنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕایەوە. ئەوان پەروەردەی مزگەوت و تەکیە و خانەقا و حوجرە بوون، هەر لە شێخ سەعید و قازی محەمەد و شێخ مەحموودی حەفید و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و مەلا مستەفا بارزانی هەموویان پیاوی ئایینی بوون. ئەو سەردەمانە تەنانەت پیاوە گەورەکانی دەوروبەری ئەم سەرکردانەش مامۆستا و زانای ئایینی ئیسلامی بوون و خەڵکی حیسابێکی دونیایی و ئایینیشیان بۆ دەکردن. ئەو سەردەمە مەلا بە مانای وشە پێشەوا بووە لە هەموو کاروبارەکانی ناوخۆی وڵات و ژیانی مرۆڤەکان تەنیا پێشنوێژ نەبووە، بەڵکو دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی هەبووە و هەر دوژمنایەتی و شەڕێك لە نێوان دوو هۆز و گوند هەبوایە، مەلایەك ڕۆڵێکی گەورەی ئاشتی دەگێڕا و ڕێگای نەدەدا فیتنە و ئاشووب دروست بێت.

سەرکردەکانی کورد باش دەیانزانی مەلا چ ڕۆڵ و توانایەکی هەبووە بۆ جووڵاندنی خەڵکی و هاندانیان بۆ پشتگیریکردنی خاك و نیشتمان، مەلا و مامۆستای ئایینیش باشیان دەزانی پارێزگاریکردن لە نیشتمان و خاك و نەتەوە لە ئیمان و باوەڕەکەیانەوەیە و خودای گەورە و میهرەبان و پێغەمبەرمان دروودی خوای لەسەر بێت، فەرمانی پێ کردوون.

*** تا چەند مەلای کورد توانیویەتی ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و خواپەرستی بپارێزێت و ڕێگا نەدات هزری توندڕەوی و نامۆ و حزبایەتی بە ئیسلام دروست بێت؟**

- لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانی حزبایەتی نەك هەر نەبوو، بەڵکو خەڵکی دوای سەرکردەیەك کەوتبوون کە لە پێناو نەتەوە و میللەتەکەیدا خەباتی دەکرد، لێرە و لەوێ هەندێك گرووپ و چینێك هەبوون بە ناوی جۆراوجۆرەوە بە نهێنی سەرقاڵی حزبایەتی بوون و ئەوانیش وەکو ئێستا بارەگای مەکتەب سیاسی و گردبوونەوە و جەماوەریان نەبووە، هەر بۆیە مەلا و زانای ئایینی پیرۆزی ئیسلام پاڵپشتیی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان کردووە و باش زانیویانە چ سەرکردەیەکی کورد پەیامی کوردایەتی و خوداپەرستی بەرز کردووەتەوە و دژی زاڵم و چەوسانەوەی میللەتەکەی خەباتی کردووە، بۆیە ئەوانیش لەو بەرەیەدا بوون و نەك تەنیا میللەتەکەیان پاراستووە، بەڵکو خوداپەرستی و ڕەسەنایەتیی ئایینەکەیان و ئیعتوباری خۆشیان پاراستووە.

*** دەتوانین بڵێین تا ئێستاش ئەم هزرو ڕێبازە بەردەوامی هەیە و هزری نەتەوەیی و ئایینی گرێدراوی یەکترن؟**

- دەڵێن مەلا هەڵگری ئاڵای ئایینە؛ بەڵام مەلا کە لە ئیمامەوە هاتووە، واتا پێشەوا و غەدرێکی گەورە لە مەلا کراوە، بەو پێیەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام فیکر و واتایەکی زۆر فراوانی هەیە. بەداخەوە لەم سەردەمەدا کەسانێك بە ناوی جیاجیاوە دەیانەوێت زیان بە ئایینەکەمان بگەیەنن و هزری نامۆی ڕۆژئاوا



و وڵاتانی بیانی بهێننە ناو کۆمەڵگەکەمانەوە، ئەوانە لە ناوەرۆکی ئایینی پیرۆزی ئیسلام تێ نەگەیشتوون، بەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام تەنیا دینی دوارۆژ نییە، بەڵکو دینی دونیاشە و خەباتی ئایینی ئەرکی سەرشانی هەموومانە و دەبێت لە ڕووی خوداپەرستی و عیبادەتەوە هەموان جێبەجێی بکەین، لە ڕووی نیشتمانی و نەتەوەییشەوە ئەرکێکی ئایینی دیکەمان لەسەر شانە، ئالێرەدا ناحاڵیبوون و تێکەڵاوییەك و بەلاڕێدابردنی بە ئەنقەست هەیە.

گەلی بەنی ئیسرائیل کۆیلە بوون لە ژێر دەستی فیرعەونەکان، خودای گەورە حەزرەتی مووسای نارد بۆ ئەوەی ئەو میللەتە لەو کۆیلایەتی و چەوسانەوەیە ڕزگار بکات، هەر ئەوەش بوو وای کرد لە سەردەمێکی دیکەدا ببنە خاوەنی دەوڵەتێك کە بەداخەوە ناویان لێ ناوە ئیسرائیل، کە ناسناوی حەزرەتی یەعقووبە. خوای گەورە و میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەو کەسانە دەکات کە دەچەوسێنەوە «إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ...». واتا زوڵم لە خۆیان دەکەن و خودا فریشتەکان دەنێرێت بۆ ڕۆحکێشانیان. ئەم ئایەتە ئەوەمان پێ دەڵێت، مرۆڤەکان نابێت بە ژیانی کۆیلایەتی و ژێردەستەیی ڕازی بن. هەر پێیان دەڵێت: «قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً» واتا زەوی خودا فراوان نەبوو، تاوەکو کۆچ بکەن و بەو ژیانە ڕازی نەبن. بەم شێوەیە ئایینی پیرۆزی ئیسلام سێ خەباتی خوداپەرستی و نیشتمانی و نەتەوەیی باس کردووە. پێغەمبەرمان دروودی خوای لەسەر بێت، کاتێك بە ناچاری مەککە بەجێ دەهێڵێت دەفەرموێت: «واللَّهِ إنَّكَ لخيرُ أرضِ اللَّهِ وأحبُّ أرضِ اللَّهِ إليَّ ولولا أن أَهْلَكِ أخرَجوني منكِ ما خَرجتُ» واتا خۆشەویستترین شوێن لەم دونیایە تۆ بوویت و ئەڵا، ئەگەر دەریان نەکردایەتم، هەرگیز تۆم بەجێ نەدەهێشت. کاتێ لە پێغەمبەریان (د.خ) پرسیوە ئایا یەکێك نەتەوە و هۆزی خۆی خۆش بوێت، دەبێتە دەمارگیری؟ لە وەڵامدا دەڵێت: نەخێر، بەڵام ئەگەر بزانیت نەتەوەکەی تۆ زوڵم لە نەتەوەیەکی دیکە دەکات، ئەو دەمە یارمەتیی نەتەوەی خۆت بدەیت،

**مەلا مستەفا بارزانی بەرگری و پارێزگارییەکی زۆری لە ئەخلاق دەکرد، دەیزانی ئەم بابەتە هەستیارانە چۆن ڕێک بخات، هەرگیز گرنگیی زۆری بە حزبایەتی نەدەدا، تەنانەت حزبایەتی لای ئەو وەسیلە بوو، نەک ئامانج**



تۆ زاڵمی، بەپێچەوانەوە نەتەوەی خۆت خۆش بوێت کارێکی باش و دروستە. پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرمووێت: «مَنْ قُتل دُونَ مالِه فهُو شَهيدٌ، ومنْ قُتلَ دُونَ دمِه فهُو شهيدٌ، وَمَنْ قُتل دُونَ دينِهِ فَهو شهيدٌ، ومَنْ قُتل دُونَ أهْلِهِ فهُو شهيدٌ..» واتا لەپێناو خۆت و ماڵ و نامووست بڕۆیت، ئەرکێکی ئەوەندە گەورەیە کە دەرەجەی شەهیدی هەیە، لە باوك و باپیرانیشمانەوە وتراوە خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە، زانایانی خۆمان وتوویانە: «بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم، بە کوردی دەدەم جەوابی قەبرم».

*** جیاوازیی نێوان موسڵمان و ئیسلامی چییە؟ ئایا لە کاتێکدا میللەتی کورد موسڵمانە ئیتر بۆچی بە ناوی حزبی ئیسلامی سیاسەت دەکرێت؟**

- موسڵمان لە ژمارەدا ملیارێك و ٨٠٠ ملیۆنی تێپەڕاندووە و ژمارەی دەوڵەتەکانی موسڵمانان بە ناو گەیشتووەتە ٥٧ دەوڵەت لە کۆی ١٩٣ دەوڵەتی جیهان، بۆیە دەبێت جیاوازی لە نێوان ئیسلام و موسڵمان بکەین، بۆیە جیاوازمان کردەوە، چونکە مرۆڤەکان لە ناسنامەکانیاندا نووسراوە موسڵمان، بەڵام هەیانە پەیامی ئیسلام جێبەجێ ناکەن. پرسیاری حزبت کرد. من لێرەدا دەڵێم ئەگەر هەر حزبێك لە کوردستان لە ژێر هەرناوێکدا بێت، ئامانجی ئەوە بێت نەتەوەکەی ڕزگار بکات لە کۆیلایەتی و ژێردەستەیی و کار بۆ خۆشگوزەرانی و هاونیشتمانییەکانی بکات، ئەوا هیچ بەڵایەکی تێدا نییە و پیرۆزە. قورئانی پیرۆز ٦٢٣٦ ئایەتە، ئایا لەم هەموو ئایەتە چەندی جێبەجێ دەکەین؟ بەداخەوە حزبەکان هەریەکەو ناوێکی لە خۆی ناوەو هەیانە ناوی ئیسلامەتیشیان لە خۆیان ناوە، کەچی ڕوخساریان ناشیرینە و زیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش دەگەیەنن. باشە دەوڵەتی بەناو ئیسلامی لە عێراق و شام، لە چ ئایەتێکی پیرۆزی ئیسلامدا هاتووە دیلەکان سەریان ببڕێت، ئەم هەموو توندوتیژییە بەرانبەر موسڵمانەکان بۆچی و لە چییەوە هاتووە؟ ئەمە هەمووی فیتنە و ئاشووب و کوشتن و تاڵانێکە و ئیسلام لێی بێبەرییە.

*** میللەتی کورد بە قۆناغێکی هەستیار و ناسکدا تێپەڕ دەبێت، کەچی زۆر لە حزبە**

**سیاسییەکان سەرقاڵی نانەوەی ئاشووب و فیتنە و دووبەرەکین و هەریەکەو لەلایەك گوتاری بۆ دۆخەکە هەیە، ئایا ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی بۆ پاراستنی دۆزی ڕەوای کورد چییە؟**

- جارێ دەبێت مەلا و مامۆستای ئایینی لە باشووری کوردستان دەستبەرداری ئەو ململانێ و دووبەرەکییە بن کە لە نێوان خودی مەلاکان هەیە، هەر مەلایەك سەر بە حزبی ڕەش و سەوز و سپی و قاوەیی و زەرد و هزر و تەیار و بۆچوونی جیاوازە، تا ئەو ناکۆکی و جیاوازییانە کەم نەکەنەوە و چارەسەری نەکەن، مامۆستا و مەلای کورد ناتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەری بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەکەی هەبێت، کار وای لێ هاتووە، کابرا لە مزگەوت نوێژ دەکات، کەچی تەکفیری دەکەن و دژایەتی دەکەن.

لە سەردەمی مەلا مستەفا کە من چوومەتە خزمەتی لە قەسرێ لەگەڵ ژمارەیەك لە مامۆستا و زانای ئایینی ناوداری کورد، ئەو سەردەمە لێژنەیەکی هەبوو بە ناوی لێژنەی فەتوا، لێژنەی فەتوای مەلا مستەفا لێژنەیەکی شکڵی نەبوو، بەڵکو لە چەند مەلایەکی زانای گەورەی ناوداری کورد پێکهاتبوون و بڕیارەکانیان ئەوەندە بەهێز بوو، هەر بڕیارێکیان بدایە کەس نەبوو ڕەتی بکردایەتەوە. مەلا مستەفا بارزانی بەرگری و پارێزگارییەکی زۆری لە ئەخلاق دەکرد، دەیزانی ئەم بابەتە هەستیارانە چۆن ڕێك بخات، هەرگیز گرنگیی زۆری بە حزبایەتی نەدەدا، تەنانەت حزبایەتی لای ئەو وەسیلە بوو، نەك ئامانج. مەلا مستەفا بارزانی حزبی بۆ بەرگریکردن و پارێزگاریکردن لە نەتەوەکەی دەویست، نەك بۆ بەرژەوەندیی حزبی و کەسی، لە ئیسلامیشدا هەروایە و نابێت حزبایەتی و بیروباوەڕ و نەتەوە و ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونە جیاوازەکان بۆ بەرژەوەندیی تەسکی شەخسی و حزب و گرووپ بێت، بەڵکو دەبێت لەپێناو ڕزگارکردنی نەتەوەی کورد و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کورد بێت. کاتێك گەلی کورد ڕزگار کرا، دەبێت حزبەکە بخرێتە عەلاگەیەك و بە بزمارێکیەوەی بکەیت، چونکە ئەو کات دەگەینە ئامانجی خۆمان و ئیتر دەبێت دەوڵەت و دەوڵەتمەدار حوکم بکات و پیرۆزی و گەورەیی ئیسلامەتی بپارێزرێت، نەوەکو هەریەکەو لە ئاوازێك بخوێنێت.

*** تا چەند گرنگە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مامۆستایانی ئایینی نزیك بێت و ئەو سەردەمە بگەڕێتەوە کە مەلا و زانای ئایینی کورد لە پێناو نەتەوە و خاك و نیشتمان ڕێزی لێ بنرێت، مامۆستای ئایینی کوردیش تین و گوڕێکی دیکە ببەخشێتە حکومەت لەپێناو خەڵکیدا؟**

- نەك تەنیا گرنگە، بەڵکو ئەرکە سەرۆکی حکومەت مانگی جارێکیش بێت لەگەڵ یەکێتی زانایان کۆببێتەوە و ساڵانەش لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ناوچە جیاوازەکان کۆببێتەوە، من لە نزیکەوە بە سەرۆك بارزانیم وتووە و بە ڕاشکاویی زۆر وردەکاری لەسەر خزمەتکردنی میللەت و پارێزگاریکردن لە ئەخلاق و ڕێگەگرتن لە هێنانی فکرو هزری نامۆ بە میللەتی کورد و موسڵمانان، جێگای شانازی بووە، تەنیا دوو ڕۆژی پێ نەچووە، ئەو بابەتانەی پێم وتبوون، بنبڕی کرد و گوێبستی من بوو. ئەمە گەورەیی و شانازییەکی زۆرە بۆ سەرۆك بارزانی. من لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستان و دژایەتیکردنی وڵاتانی ئیقلیمی و دەستێوەردان و دووبەرەکی و ئەو ئاشووب و فیتنەیە تێدەگەم کە زۆر قورسە هەموو ئامۆژگاری و خواست و ویستەکانمان لەم قۆناغە بەو شێوەیەی ئێمە دەمانەوێت جێبەجێ بکرێن، بەڵام خۆ دەکرێت هەندێکی جێبەجێ بکرێت و فەرامۆش نەکرێت. بۆ نموونە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبێت بزانێت هەموو ئەو چاکسازییە زۆرەی بانگەشەی بۆ دەکرێت وا بە خێرایی و لەم واقیعە هەمووی ناکرێت، دەکرێت هەندێکی بکەین و وردە وردە بێ پەلەکردن بگەینە نیوەی چاکسازییەکان و ئەو کات ئەو دەستکەوتە گەورەیەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەو نیوە چاکسازییە بەدەست هاتووە، نەوەکو ڕەچاوی هەندێك تایبەتمەندی نەکەین. لێرە حزبەکان هەمووی بەرنامەی خۆیان هەیە و لە ژێر چەتری سیاسەت کۆدەبنەوە بە عەلمانی و حزبی ئیسلامی سیاسیشەوە ئەوانیش خواست و ویستی خۆیان هەیە، ئەمڕۆ لە کوردستان تاوەکو سیاسەت لەو دووڕوویە دەربازی نەبێت، زەحمەتە سیاسەت بێتەوە سەر سکەی سرووشتی و ڕاستی خۆی.

**لێژنەی فەتوای مەلا مستەفا لێژنەیەکی شکڵی نەبوو، بەڵکو لە چەند مەلایەکی زانای گەورەی ناوداری کورد پێکهاتبوون و بڕیارەکانیان ئەوەندە بەهێز بوو، هەر بڕیارێکیان بدایە کەس نەبوو ڕەتی بکردایەتەوە**

**کاتێک گەلی کورد ڕزگار کرا، دەبێت حزبەکە بخرێتە عەلاگەیەک و بە بزمارێکیەوەی بکەیت، چونکە ئەو کات دەگەینە ئامانجی خۆمان و ئیتر دەبێت دەوڵەت و دەوڵەتمەدار حوکم بکات و پیرۆزی و گەورەیی ئیسلامەتی بپارێزرێت، نەوەکو هەر یەکەو لە ئاوازێک بخوێنێت**

**دەبێت مەلا و مامۆستای ئایینی لە باشووری کوردستان دەستبەرداری ئەو ململانێ و دووبەرەکییە بن کە لە نێوان خودی مەلاکان هەیە**

**ئەمڕۆ لە کوردستان تاوەکو سیاسەت لەو دووڕوویە دەربازی نەبێت، زەحمەتە سیاسەت بێتەوە سەر سکەی سرووشتی و ڕاستی خۆ**





# گەندەڵیی سیاسی

## دروستکردنی کۆسپ و ئاستەنگ لە بەردەم پرۆسەی حوکمڕانیی باشدا

«گەندەڵیی سیاسی لەو نەخۆشییە ترسناکە دەچێت کە زۆر درەنگ نیشانە مەترسیدارەکانی دەردەکەون و کاتێکیش نیشانەکانی دەردەکەون، چارەسەرکردنی زۆر ئاسان نابێت».

زۆربەی ئەو توێژەرانەی لە بواری توێژینەوە لەسەر دیاردەی گەندەڵی توێژینەوەیان کردووە، گەندەڵیی سیاسی بەسەر چوار ئاراستەی دیاریکراودا دابەش دەکەن و، هەموو کار و ڕەفتارێکی سیاسی بە گەندەڵی سیاسی هەژمار دەکرێت، ئەگەر یەکێک لەم چوار ئاراستەیە خۆی بەرجەستە بکات:

١. ئاراستەی یاسایی: هەموو کارێکی سیاسی بە گەندەڵیی سیاسی هەژمار دەکرێت، ئەگەر بەشێک لە بنەما فەرمییەکان، یان ئەو دیسپلینانە پێشێل بکات کە سیستمی سیاسی لە سەر فەرمانبەرە گشتییەکانی سەپاندوویەتی.

٢. ئاراستەی بەرژەوەندیی گشتی: هەموو ڕەفتارێکی سیاسی بە گەندەڵیی سیاسی هەژمار دەکرێت، کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک، یان هەوڵێک بێت بۆ لەباربردنی سیستمە سیاسییەکە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا.

٣. ئاراستەی کاری فەرمانبەری: ڕەفتاری هەر بەرپرسێکی گشتی بە گەندەڵیی سیاسی هەژمار دەکرێت، ئەگەر کاری فەرمانبەریی خۆی بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆی و حزبەکەی قۆرخ بکات.

٤. ئاراستەی ڕای گشتی: هەموو کارێکی سیاسی بە گەندەڵیی سیاسی هەژمار دەکرێت، ئەگەر لای زۆربەی ڕای گشتی بە گەندەڵ لە قەڵەم بدرێت.

توێژەران گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەو تەمومژ و ئاڵۆزییەی لەسەر چەمکی گەندەڵیی سیاسی هەیە و، تێکەڵاو دەکرێت لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی گەندەڵی، بۆ دوو پرسی سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە گەندەڵیی سیاسی بە لەبەرچاونەگرتنی ئەوەی چ لایەک (تاک، دامەزراوە، گرووپ و حزبی سیاسی) ئەنجامی دەدات، پەیوەندیدارە بە تۆڕێکی زۆر ئاڵۆز لە بەرژەوەندی و کۆمپرۆمایز کە دەیانەوێت ئەم گەندەڵییە بە یاسایی بکەن، بۆ ئەوەی پیادەی بکەن، تەنانەت گەندەڵکارە سیاسییەکەش ئەو کارە وەک یاسا و ئایدیۆلۆژیا پیادە دەکات، پرسی دووەمیش کە هەر لە پرسی یەکەمەوە هەڵدەهێنجرێت، ئامانج لە گەندەڵیی سیاسی ئەوەیە کە تەمومژ لەسەر خودی چەمکی سیاسەت دروست بکات، نەک ئەو گەندەڵییە سیاسییەی لایەک ئەنجامی دەدات.



د. وەسیم ئەبو فاشە

توێژینەوەی «توێژینەوە لەسەر چەمکی گەندەڵیی سیاسی: ئیشکالییەتە سیاسییەکەی» لە ساڵی ٢٠٢١ پێشکەشی زانکۆی بیریزیت کراوە.

## گەندەڵیی سیاسی
## هەوڵێك بۆ بە یاساییكردن و شەرعییەت پێدانی گەندەڵی

یەكێك لەو دیاردانەی (گەندەڵیی سیاسی) لە جۆرەكانی گەندەڵیی دیكەی پێ جیا دەكرێتەوە، ئەوەیە كە گەندەڵیی سیاسی بەرهەمی ڕەفتار و كرداری گرووپێك، یان لایەنێكی سیاسییە، كە دەیەوێت هەندێك لە بنەما فەرمییەكان، یان ئەو دیسپلینانە پێشێل بكات، كە نەتەوە دەیەوێت ڕەنگدانەوەی ئەو سیستمە سیاسییە بێت، كە وڵات و دەوڵەتی پێ بەڕێوە دەبرێت. ئەم دەستتێوەردان و پێشێلكارییە بۆ بنەما سەرەكییەكان و دیسپلینەكانی سیستمی سیاسی دەبێتە ئەو پەتایەی وەك ئەرستۆ تالێس دەڵێت: «گەندەڵیی سیاسی هۆكاری سەرەكییە بۆ گەندەڵكردنی (دەوڵەتە شار) و تەواوی هەیكەلی حوكمڕانی و، سەرەنجام دەبێتە هۆكاری لەبەریەكهەڵوەشان و نەمانی سەقامگیری و دروستبوونی پاشاگەردانیی تەواو لە ناو سیستمە سیاسیەكەدا»، هەر ئەمەش وای كردووە كە ئەو توێژەر و پسپۆرانەی توێژینەوە لەسەر (پەتای گەندەڵی) دەكەن، لەسەر دیاردە و چەمكی (گەندەڵیی سیاسی) هەڵوەستەی جددی بكەن و بە مەترسیترین دیاردەی گەندەڵی لە ناو سیستمی حوكمڕانیدا لە قەڵەمی بدەن.

مەترسیی گەورەی «گەندەڵیی سیاسی» لەوەدایە كە ئەو تاقم و لایەنە سیاسییەی لە پشت ئەنجامدانی ئەو گەندەڵییەوەن و درێژەی پێ دەدەن، چوارچێوەیەكی یاسایی بۆ ئەنجامدانی ئەو گەندەڵییە دروست دەكەن و شەرعییەت بە درێژەپێدانی دەدەن، ئەمەش وای كردووە كە پێناسەی «گەندەڵیی سیاسی» لەسەر ئاستی زانستی و ئەكادیمی جۆرێك لە تەمومژ و ئاڵۆزی بەخۆیەوە بگرێت و بە ئاسانی نەتوانرێت سیما دیارەكانی دەستنیشان بكرێت، یان وەك بابەتێكی زانستیی ئابووری و سیاسی وەك ئەوەی هەیە پێناسە بكرێت.

ئەوجا لێرەوە كاتێك هەوڵدان بۆ پێناسەكردن و دیاریكردنی دیاردەی «گەندەڵی سیاسی» دەبێتە پرۆسەیەكی یاسایی و پەرلەمانی ئەو وڵاتە یاسا بۆ ئەو گەندەڵییە سیاسییە دەردەكات و سیستمی سیاسیی وڵات لەسەر بنەمای ئەو گەندەڵییە سیاسییە ڕێك دەخاتەوە، ئەوا لەم حاڵەتەدا بەرژەوەندیی تەسكی حزبایەتی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە پەردەپۆش دەكات و، خواستی ئامانجی تەسكی حزبایەتی جێگەی بەرژەوەندییە باڵاكانی نەتەوە و نیشتمان دەگرێتەوە، بەمەش وەك نیكۆلا مایكیاڤیلی زۆر جوان دەسنیشانی كردووە و دەڵێت: «گەندەڵیی سیاسی پەتایەكە جەستەی سیستمی سیاسی لەبەریەك هەڵدەوەشێنێت و جۆرێك لە نەبوونی سەقامگیری و دابەشبوونی سیاسی بۆ بەرژەوەندیی حزب و گرووپەكان دروست دەكات»، كەواتە ئەوەی مایكیاڤیلی لێی دەترسێت پەتایەكە كە بە ئاسانی دەستنیشان ناكرێت، هەر بۆیە بە ئاسانییش چارەسەری بۆ نادۆزرێتەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر بونیادنانی سیستمی سیاسیی كوردستان (ئەزموونی هەرێمی كوردستان) لە دوای ساڵی ١٩٩٢بە نموونە وەربگرین، ئەوا ئەم نموونەیە لەوانەیە باشترین نموونە بێت بۆ تێكەڵاوبوونی دیاردەی «گەندەڵی سیاسی» هەر لە سەرەتای بونیادنانی سیستمە سیاسییەكەوە كە لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەكەین:

١. لە ساڵی ١٩٩١ و دوای ڕاپەڕینە مێژووییەكەی گەلی كوردستان و پاشانیش دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنی «نەوای ئارام» لە هەرێمی كوردستان و، دوای ئەوەی حكومەتی بەعس بڕیاری دا هەموو دامودەزگا ئیدارییەكانی لە هەرێمی كوردستان بكشێنێتەوە، سەرۆك مسعود بارزانی كە ئەوكات سەرۆكی بەرەی كوردستانی بوو لە ناوەوەی وڵات، دوای كرد بۆ پڕكردنەوەی بۆشایی ئیداری لە هەرێمی كوردستاندا بەرەی كوردستانی بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردن بدات و بۆ ئەوەی گەلی كوردستان لە ڕێگەی سندوقەكانی دەنگدانەوە دامەزراوە شەرعییەكانی خۆی بونیاد بنێتەوە و خۆی حوكمڕانیی خۆی بكات، بەڵام ئەوەی دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ بینیمان، ئەو خۆزگە و ئومێدە نەبوو كە سەرۆك بارزانی ئومێدی بۆ دەخواست، بەڵكو كەوتینە دووڕیانێكەوە و یەكێتی نیشتمانی كوردستان ئاكامی هەڵبژاردنەكانی ڕەت كردەوە و ئیمزای نەكرد و مەرجی دانا بەوەی «یان دەبێت پارتی و یەكێتی وەك یەك بن، یان نابێت ئەم ئەزموونە تازەیە لە كورستاندا دابمەزرێت».

**هەموو کارێکی سیاسی بە گەندەڵیی سیاسی هەژمار دەکرێت، ئەگەر بەشێک لە بنەما فەرمییەکان، یان ئەو دیسپلینانە پێشێل بکات کە سیستمی سیاسی لە سەر فەرمانبەرە گشتییەکانی سەپاندوویەتی**

**هەموو ڕەفتارێکی سیاسی بە گەندەڵیی سیاسی هەژمار دەکرێت، کە ببێتە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک، یان هەوڵێک بێت بۆ لەباربردنی سیستمە سیاسییەکە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا**

بەهەر حاڵ لە پێناوی دامەزراندنی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان (پەرلەمان وحکومەت) پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی ڕێککەوت کە «ئاکامی دەنگدان وەك ئیرادەی خەڵك وەك خۆی بەیان بکرێت و حکومەت و پەرلەمان بە - پەنجا بە پەنجا» بۆ ماوەیەکی کاتی پێك بهێنرێت.

ئەگەر لەسەر ئەم پرسە هەڵوەستەیەکی جددی بکەین، ئەوا دەبینین ئەو هەوڵەی یەکێتی بۆ وەلانانی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و داهێنانی شێوازێکی هەڵەی حوکمڕانی وەك «سسیتمی پەنجا پەنجا»، تەواو پێشێلکردنی بنەما فەرمییەکان و دیسپلینەکانی ئەو سیستمە سیاسییە کە پێی دەگوترێت «سیستمی دیموکراتی»، پاشانیش ئەمە بووە ناوێك بۆ سیستمی سیاسیی کوردستان کە بە «ئەزموونی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان» ناسرا.

کەواتە سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵیی سیاسی هەر لە سەرەتاوە وای کرد کە ئەزموونی دیموکراتیی هەرێمی کوردستان بە «ناکامڵی» لەدایك بێت، لەمەش خراپتر « گەندەڵیی سیاسیی سیستمی پەنجا بە پەنجا» بووەتە عورف، یان تا ڕاددەیەکی زۆر دەیانەوێت بیکەنە یاسا بۆ حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا و هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت، ماکەکانی ئەم پەتا سیاسییە ترسناکە بە سەر سەری حوکمڕانیی هەرێمی کوردستانەوە دەسووڕێتەوە و هەر کاتێك هەوڵێك بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم پەتایە ڕیشەکێش بکرێت، وەك چەندین جار گوێمان لێ بووە، لایەنی بەرانبەر بە «هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ» وەڵامی پارتی دیموکراتی کوردستانی داوەتەوە.

٢. دوای زیاتر لە ١٠ ساڵ دابڕان (١٩٩٤-٢٠٠٥) و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و پاشانیش دروستبوونی دوو ئیدارەیی «هەولێر و سلێمانی»، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ هەوڵەکان بۆ دووبارە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی «هەولێر و سلێمانی» خرانەگەڕ و لەمەش زیاتر زەمینەیەك بۆ گرێدانی ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتی خۆش کرا، بەڵام وێڕای هەموو هەوڵەکان و ناوبژیوانیی دۆستانی ناوخۆیی و دەرەکی، نەتوانرا کە پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان لە بازنەی «گەندەڵیی سیاسیی سیستمی پەنجا بە پەنجا» ڕزگار بکرێت و ژێرخانێکی تازە بۆ پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا بهێنرێتەوە ئاراوە، بەپێچەوانە لە ساڵی ٢٠٠٥ و لە پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك چوارچێوەیەك بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی «سلێمانی و هەولێر»، سیستمی هەڵەی «پەنجا بە پەنجا» نەك هەر کاڵ نەکرایەوە، بەڵکو دوو حکومەتیش لە چوارچێوەی کابنیەی پێنجەمدا تێکەڵاو کرا، بەمەش ژمارەی وەزیر و وەزارەتەکانی حکومەتی کابینەی پێنجەم گەیشتە «٤٢» وەزیر و وەزارەت.

٣. لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە لە تەموزی ٢٠١٩ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێ درا و تا ئێستا لە کارەکانی بەردەوامە، هەوڵێکی زۆر خرایە گەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی حوکمڕانی لە بازنەی بەدناوی «سیستمی پەنجا بە پەنجا « بهێنرێتە دەرەوە و، لانیکەم ئەگەر لایەنەکانی بەشدار لە هاوپەیمانیی پێکهێنانی کابینەکەدا پشکی زیاتریان لە شایستەی هەڵبژاردن لە ناو پۆستەکانی حکومەت پێ بدرێت، بەڵام کۆتایی بەم دیاردە خراپەی «سیستمی پەنجا بە پەنجا» بهێنرێت، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی هەر سێ لایەنی سەرەکی (پارتی، یەکێتی، گۆڕان) وەك سێ لایەنی سەرەکیی هاوپەیمانییەکە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم ئەو بنەما فەرمی و دیسپلینانەیان ئیمزا کردووە کە کابینەی نۆیەمی لەسەر پێکهاتووە، بەڵام وەك دەیبینین، هەتا ئێستا ڕۆژانە هەموو هەوڵەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پێناوی ئەوەیە ئەو بنەما فەرمییانە و ئەو دیسپلینانە پێشێل بکات کە کابینەی نۆیەمی لەسەر دامەزراوە، لەمەشدا هەر هەنگاوێك بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم لە چوارچێوەی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت، بۆ ئەوەیە چیدیکە گەندەڵیی سیاسی بەردەوام نەبێت، بەڵام ئەوا وەك ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە وەزیرەکانی حکومەت ئاماژەی بۆ دەکەن، یەکێتی نیشتمانی بە پەنابردن بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ وەڵامی هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم داوەتەوە.

پسپۆڕانی زانستی سیاسەت و ئابووری وەك ئەو ئاکامانەی لە میانەی توێژینەوەکانیان پێی گەیشتوون، ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسیی دەوڵەتمەدارانە ڕووبەڕووی ڕەگ و ریشەی گەندەڵیی سیاسی نەبێتەوە، ئەوا گەندەڵیی سیاسی لە چوارچێوەی یاساییدا هەیکەلی سیستەمە سیاسییەکە لەبەریەك هەڵدەوەشێنێت.

## • گەندەڵیی سیاسی

## پەردەپۆشکردنی بەرژەوەندیی گشتی بۆ بەرژەوەندیی حزب

یەکێك لە دەرهاویشتە مەترسیدار و ترسناکەکانی پەتای «گەندەڵیی سیاسی» کە بە شێوازی جۆراوجۆر لە هەناوی کۆمەڵگەدا دەردەکەون، پرسی «پەردەپۆشکردنی بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکە بۆ بەرژەوەندیی حزبی سیاسی»، لەمەش خراپتر ئەوەیە بە ناوی «پاراستن و بەرگریکردن لە بەرژەوەندیی گشتی خەڵك» داکۆکی و پێداگری لەسەر ئەو ڕەفتارە سیاسییانەی لایەنێکی سیاسی بکرێتەوە، کە خۆی فاکتەری سیاسییە بۆ دیاردەی گەندەڵیی سیاسی، لەسەر ئەم پرسە ئەگەر تەنیا واقیعی ئێستای حوکمڕانی لە کوردستان وەربگرین، بەسە بۆ ئەوەی لە مەترسیی ئەم حاڵەتە تێبگەین.

زۆربەی پسپۆڕانی زانستی سیاسەت و ئابووری، هۆشداری ئەوەمان پێ دەدەن کە ترسناکترین حاڵەتی «گەندەڵیی سیاسی» ئەوەیە کە نەزانرێت «کامە پێی دەگوترێت بەرژەوەندیی گشتی و کامەیە پێی دەگوترێت بەرژەوەندیی تایبەتیی تاقمێك، یان لایەنێکی سیاسی»، کە ئەم حاڵەتە لە ناو کۆمەڵگە دروست بوو و هاوڵاتی ئاسایی نەیزانی لەو وڵاتە چی ڕوودەدات و بەهای بەرژەوەندییە گشتییەکان چین، ئەوا گەندەڵیی سیاسی دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هاووڵاتیان متمانەیان بە حکومەتی خۆیان نەمێنێت و شەرعییەتی حوکمڕانیی دەوڵەت بکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

لایەنێکی دیکەی مەترسیدار کە دیسان پسپۆڕان و توێژەرانی زانستی سیاسەت و ئابووری سەبارەت بە «گەندەڵیی سیاسی» هۆشداریمان پێ دەدەن، ئەوەیە کاتێك گەندەڵیی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەك، یان لەناو هەر سیستمێکی سیاسی سەرهەڵدەدات، ئەوجا ئەو کۆمەڵگەیە «کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بێت، یان تازە پێگەیشتوو، یان خوار تازە پێگەیشتوو»، ئەوا دەرهاویشتە خراپەکانی «گەندەڵیی سیاسی» هاوشێوەیە و کاریگەریی ئەم دەرهاویشتە خراپانە دەگاتە ئەو ئاستەی وەك فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی «ناسنامە» ئاماژەی پێ کردووە، چیدی دامەزراوە سیاسییەکانی دەوڵەت ناتوانێت پارێزگاری لە شکۆی هاووڵاتیان بکات و لە بەرامبەریشدا هاووڵاتیان دەگەنە ئەو حاڵەتی هەڵچوونەی کە زۆر ئەستەمە بە ئاسانی ئەو هەڵچوونە دابمرکێتەوە.

**ڕەفتاری هەر بەرپرسێکی گشتی بە گەندەڵیی سیاسی هەژمار دەکرێت، ئەگەر کاری فەرمانبەریی خۆی بۆ بەرژەوەندیی کەسیی خۆی و حزبەکەی قۆرخ بکات**

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم حاڵەتە ترسناکە کە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ڕوو دەدەن و دەبنە فاکتەرێکی مەترسی بۆ سەر کۆی سیستەمە سیاسییەکە، ڕۆژنامەنووسی ناوداری ئەمریکی «تۆماس فریدمان» لە کتێبی «سوپاس بۆ دواکەوتنت»، زۆر بە ڕاشکاوی لەسەر ئەم مەترسییە ڕادەوەستێت و دەڵێت: «گەورەترین مەترسی لەسەر سیستەمە سیاسی و دیموکراتەکەمان لە ڕۆژئاوا، ئەو کاتە دروست دەبێت کە هاووڵاتیان نەزانن لەم وڵاتە چی ڕوو دەدات و سیستەمە سیاسییەکە چۆن حوکمڕانی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی هاوڵاتیان متمانەیان بە سیستەمە سیاسییەکە نەمێنێت و نەزانن لەسەر سندوقی هەڵبژاردن چ بژاردەیەکیان هەبێت و دەنگ بە کام بەرنامەی سیاسی بدەن». کەواتە ئەوەی فریدمان بە دەرمانی چارەسەری گەندەڵی سیاسی لە قەڵەمی داوە، ئەوەیە کە دەبێت هاووڵاتی بزانێت لە وڵات چی ڕوو دەدات و سیستەمە سیاسییەکە چۆن حوکمڕانی دەکات، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە گەندەڵکارانی سیاسی ئەو ئامانجەیان نەیەتەدی کە چەواشەکردنی خەڵك و لەبەریەکهەڵوەشانی سیستەمە سیاسییەکەیە.

**هەموو کارێکی سیاسی بە گەندەڵیی سیاسی هەژمار دەکرێت، ئەگەر لای زۆربەی ڕای گشتی بە گەندەڵ لە قەڵەم بدرێت**

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر تەنیا ماوەی حوکمڕانیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرین، کە بەرنامەکەی لەسەر بنەمای «کوردستانێکی بەهێز و حوکمڕانییەکی باش» بۆ خەڵکی کوردستان دارشتووە و، بەرنامەی ریفۆرم و چاکسازی کردووەتە یاسا و هەموو هەوڵی خۆی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە تەرخان کردووە، ئەوا دەبینین لە دوای ئەوەی پەرلەمانی

کوردستان یاسای چاکسازی پەسەند کرد و حکومەت هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی هەڵگرتووە، وەك لە واقیعدا دەبینرێت، هەموو هەوڵەکانی لایەنیکی سیاسیی دیاریکراو بەو ئاراستەیەیە کە بەرژەوندیی گشتیی خەڵکی کوردستان بە بەرژەوندیی تەسکی حزبایەتی پەردەپۆش بکات، لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەکەین:

١. لەگەڵ دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ ڕێگرتن لە جێبەجێکردنی بەرنامە چاکسازییەکەی، دەست بە هەڵمەتێکی چڕی چەواشەکاری کرا، بەوەی دەیانەوێت سلێمانی بکەنە «هەرێمێکی سەربەخۆ» و خۆیان بەڕێوەی بەرن. پارێزگای سلێمانی هێندە سەرچاوەی داهاتی هەیە کە بە باشی خۆی بەڕێوە بەرێت، هەر لەسەر ئەم بنەمایە کەوتنە دژایەتیکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی کابینەی نۆیەم بۆ پەتای کۆڤید ١٩ لە ساڵی ٢٠٢٠ گرتیەبەر.

بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و دووبارە جیاکردنەوەی بەرژەوەندیی گشتی لە بەرژەوەندیی لایەنێکی سیاسی، حکومەتی هەرێمی کوردستان «ناناوەندێتی پاریزگاکانی کوردستان»ی جێبەجێ کرد، کە ئەم هەنگاوە یەکێك بوو لە کارەکانی بەرنامەی کابینەی نۆیەم بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکان شۆڕ بکرێتەوە بۆ خوارەوە و دیاردەی ڕۆتین کەم بکرێتەوە.

٢. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی یاسای چاکسازی و هەوڵەکان بۆ ڕێکخستنەوەی داهاتەکان و زیادکردنی سەرچاوەی داهات و فرەچەشنکردنی



سەرچاوەی داهات لە کوردستاندا، دیسان هەڵمەتێکی دیکەی چەواشەکاری بۆ پەردەپۆشکردنی بەرژەوەندیی گشتی بۆ بەرژەوەندیی حزبی دەستی پێ کرد و حکومەتی هەرێمی

کوردستان چەندین تۆمەتی بێ بنەمای ئاراستە کرا.

بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم چەواشەکارییەش سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەردوو وەزیری ناوخۆ و پێشمەرگەی ڕاسپارد کە پێکەوە هێزێکی هاوبەش لە وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە دروست بکەن، بۆ ئەوەی ئەو هێزە کۆنترۆڵی تەواوی خاڵە سنوورییەکان بکات و سەرەتاش با لە خاڵی سنووری «حاجی ئۆمەران و ئیبراهیم خەلیل»ـەوە دەست پێ بکەن، بەڵام وەك وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەگەر ئەو هێزە خاڵە سنوورییەکان کۆنترۆڵ بکات، ئەوا شەڕی ناوخۆ لە کوردستان دروست دەبێت.

٣. لەگەڵ ئەوەی حکومەتی فیدڕاڵی پابەند نەبوو بەو بڕە پارەیەی کە دەبوو بینێرێت بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ و دوای کەمبوونەوەی مەترسییەکانی پەتای کۆڤید ١٩ حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا بەو داهات و ئیمکانیەتەی لەبەر دەستی حکومەت هەیە، هەر ٣٠ ڕۆژ جارێك مووچەی فەرمانبەران بدرێت، ئەم مووچەیەش مەرج نییە ١٠٠٪ بێت، بەڵکو بە خۆگونجاندن لەگەڵ داهاتی بەردەستی حکومەت و، پارەی داهاتی فرۆشتنی نەوت چەند بێت، تەرخان بکرێت بۆ مووچە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە داهاتی ناوخۆ تەواو بکرێت، لەسەر ئەم پرسە لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك هەر ٣٠ ڕۆژ جارێك مووچەی فەرمانبەران دابەش دەکرا، بەڵام لە هەر دوو پارێزگای «سلێمانی و هەڵەبجە» نەك هەر مووچە دوادەکەوت، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی خزمەتگوزارییەکانیش پەکیان کەوت و، بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم گەندەڵییە سیاسییەش کەوتنە چەواشەکاریی ئەوەی کە حکومەت گەمارۆی خستووەتە سەر سلێمانی و هەڵەبجە.

بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم چەواشەکارییانەش، مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای کرد، لەگەڵ هەر دوو پارێزگاری هەڵەبجە و سلێمانی و هەردوو سەرۆکی ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی حکومەت کۆببنەوە بۆ ئەوەی بزانرێت بۆچی لەو دەڤەرە داهات وەك پێویست کۆناکرێتەوە و لەمەش زیاتر دەسەڵات درایە جێگری سەرۆکی حکومەت بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەموکورتییانە چارەسەر بکات کە لە هەیکەلی ئیداریی ئەو زۆنە هەن و ڕێگرن لە بەردەم کۆکردنەوەی داهاتدا، بەڵام لە بری ئەوەی جێگری سەرۆکی حکومەت بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستێت و بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و هەردوو ئیدارەی ڕاپەڕین و گەرمیان، کەموکورتییە کارگێڕییەکان چارەسەر بکات، ئەوا وەك ئێستا دەبینین، ڕۆژێك هێزێکی کۆماندۆ هەڵدەکوتێتە سەر سەرۆکایەتیی شارەوانی سلێمانی و ڕۆژێکی دیکە (دروست وەك هەفتەی ڕابردوو بینیمان) هێزێکی دەمامکدار هەڵدەکوتێتە سەر بەڕێوەبەرایەتیی تۆماری خانووبەرە لە چەمچەماڵ و دۆسێی خانوو و زەویوزارەکانی ئەو دەڤەرە دەرفێنن.

ئەم هەوڵانە لە چوارچێوەی بەردەوامیدان بە «گەندەڵیی سیاسی» لەلایەن لایەنێکی سیاسیی دیاری وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە خۆی بەشێکە لە حکومەت، بێجگە لە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی متمانەی نێوان هاووڵاتیان و حکومەت و شاردنەوەی گەندەڵی سیاسیی حزبەکەی شتێکی دیکەی لێ سەوز نابێت. بۆیە گرنگە ڕاستییەکان بۆ هاووڵاتیان ئاشکرا بن، بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی لە چوارچێوەی بەردەوامیدان بە گەندەڵیی سیاسی، بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی کوردستان پەردەپۆش نەکەن.

### • گەندەڵی سیاسی و بەکارهێنانی پۆستی گشتی بۆ بەرژەوەندیی کەسی و حزبی

بەکارهێنانی پۆستی گشتی بۆ بەرژەوەندیی کەسی و حزبی دیاردەیەکی تازە نییە لە پرۆسەی گەندەڵیی سیاسیدا، بەتایبەتی لە پرۆسەی بونیادنان، یان پیادەکردنی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و دوای شەڕدا، لەم چوارچێوەیەدا ئەزموونی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش لەو دیاردەیە بەدەر نییە و، لە عێراقی دوای ٢٠٠٣شەوە هەتا ئێستا بە ئاشکرا مامەڵەی فەرمی بە پۆستە گشتییەکانەوە دەکرێت لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە، لەسەر ئاستی کوردستانیش هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کابینەی یەکەمی

**ئەو توێژەر و پسپۆرانەی توێژینەوە لەسەر (پەتای گەندەڵی) دەکەن، لەسەر دیاردە و چەمکی (گەندەڵیی سیاسی) هەڵوەستەی جددی بکەن و بە مەترسیترین دیاردەی گەندەڵی لە ناو سیستمی حوکمڕانیدا لە قەڵەمی بدەن**

**مەترسیی گەورەی «گەندەڵیی سیاسی» لەوەدایە کە ئەو تاقم و لایەنە سیاسییەی لە پشت ئەنجامدانی ئەو گەندەڵییەوەن و دریژەی پێ دەدەن، چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ئەنجامدانی ئەو گەندەڵییە دروست دەکەن و شەرعییەت بە دریژەپێدانی دەدەن**

حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە ئەم دیاردەیە سەریهەڵداوە و هەوڵێکی سیستماتیك هەبووە بۆ ئەوەی پۆستە گشتییەکان بۆ بەرژەوەندیی کەسی و حزبی بەکار بهێنرێن و لەمەش زیاتر هەر ئەو پۆستانە بۆ لەبەریەکهەڵوەشانی سیستمە سیاسیەکە بەکاربهێنن.

لە دەستپێکی پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوە شەرعییەکانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان کە خۆی لە «پەرلەمان و حکومەت»دا بەرجەستە دەکرد، دید و تێڕوانینی سەرۆك بارزانی بۆ بونیادنانی ئەم سیستمە تازەیە، خۆی لە بونیادنانی ژێرخانێکی پتەوی یاسایی بەرجەستە دەکرد، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێژەی ٥٠٪+١ی دەنگەکانیشی هەبوو، ئارەزوومەندانە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی هەڵبژارد کە لای ئەو بێت و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ یەکێتی نیشتمانی بەجێهێشت، ئەمەش بەو نییەتە بوو، مادام ئامانج لە دامەزراندنی ئەم ئەزموونە سیاسییە، بونیادنانی دەوڵەتی یاسا و شەرعییەتی دامەزراوەکانە، ئیدی گرنگ نییە کام حزبی سیاسی سەرۆکایەتیی حکومەت دەکات، یان ئەوی دی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکات.

بەداخەوە ئەم نییەتپاکییەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بونیادنانی ئەزموونێکی سیاسیی ساغڵەم، لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بە جۆرێکی دیکە ئیستغلال کراوە، پارە و دەسەڵاتی حکومەت بۆ کێشمەکێشی سیاسی و خۆئامادەکردن بۆ شەڕی ناوخۆ بەکار هێنرا، سەرەنجامیش هەروا دەرچوو، هەروەك چۆن سەرۆك بارزانی لە بەرگی پێنجەمی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد»، ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردووە کە وەزیری پێشمەرگە کە ئەوکات ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی بووە، وەك یەکەیەکی حزبی سەر بە یەکێتی مامەڵەی لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، لەمەش خراپتر لەگەڵ دەستپێکی شەڕی ناوخۆ، خودی وەزیری پێشمەرگە (جەبار فەرمان) سەرپەرشتیی هەموو بەرەکانی شەڕی کردووە لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەم پاشخانە مێژووییە خراپە بەداخەوە ئەوەمان پێ دەڵێت، لای ئەو حزبە سیاسییانەی لەسەر سندوقەکانی هەڵبژاردن دەدۆڕێنن و بە ڕێگەیەکی شەرعی ناگەنە دەسەڵات، گەندەڵیی سیاسی لایان بووەتە کەلتوور و کاتێك لە بەرامبەر یاسا و دەستووری وڵاتدا دەگەنە بنبەست، پەنا بۆ بەکارهێنانی پۆستە گشتییەکان دەبەن، بۆ بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی و لە ئێستاشدا و وەك لە ماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا بینیومانە، بەتایبەتی دوای ئەو ڕووداوە تیرۆریستییەی لە گەڕەکێکی هەولێر دژ بە ئەفسەرێکی ئاسایش بە ناوی «هاوکار جاف» ئەنجام درا و پاشان لێکۆڵینەوە یاساییەکانی دەزگای دژە تیرۆر هەموو ڕاستییەکانی بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا کرد، لەو کاتەوە دەبینین کە بەڕێز «قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان» بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ڕۆژانی چوارشەمەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە و، ئامانج لەم بایکۆتکردنەی ئەوەیە پۆستە گشتییەکەی بۆ پەردەپۆشکردنی ڕووداوێك بەکار بهێنێت، کە ڕووداوێکی تەواو تیرۆریستییە و هیچ پەیوەندییەکی نە بە پۆستەکەی ئەو و نە بە پەیوەندییەکانی حزبەکەی و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نییە، ئەم پرسە، پرسێکی یاساییە و دادگا و یاساکانی کوردستان یەکلایی دەکەنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەست دەکات ئەگەر دادگا و یاسا ڕێوشوێنی خۆیان بگرنەبەر و تۆمەتباران بە شێوەیەکی عادیلانە سزای خۆیان وەربگرن، بەرژەوەندیی حزبەکەی زیانی پێ دەگات، بۆیە پۆستە گشتییەکەی خۆی کردووە بە فاکتەرێك بۆ ئەوەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە بە شێوەیەکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت.

## • گەندەڵی سیاسی
## چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی

گرنگترین فاکتەر بۆ ئەوەی سیستمی سیاسی لە هەر وڵاتیکدا بە ڕاستی و دروستی وڵات بەڕێوەبەرێت، باری تەندروستیی فەزای گشتییە کە ڕای گشتی تێدا دروست دەبێت، لە بەرامبەر ئەم حاڵەتە گەورەترین ئامانجی گەندەڵکاری سیاسی ئەوەیە ئەو فەزا گشتییە تێك بدات و ڕای گشتی چەواشە بکات و، بواری ئەوە نەدات کە هاووڵاتی بە ڕێگەی

**هەر هەنگاوێک بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم لە چوارچێوەی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی کوردستان هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت، بۆ ئەوەیە چیدیکە گەندەڵیی سیاسی بەردەوام نەبێت، بەڵام ئەوا وەک ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە وەزیرەکانی حکومەت ئاماژەی بۆ دەکەن، یەکێتی نیشمانی بە پەنابردن بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ وەڵامی هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی بۆ چاکسازی و ڕیفۆرم داوەتەوە**

**پسپۆڕانی زانستی سیاسەت و ئابووری وەک ئەو ئاکامانەی لە میانەی توێژینەوەکانیان پێی گەیشتوون، ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسیی دەوڵەتمەدارانە ڕووبەڕووی ڕەگ و ریشەی گەندەڵیی سیاسی نەبێتەوە، ئەوا گەندەڵیی سیاسی لە چوارچێوەی یاساییدا هەیکەلی سیستمە سیاسییەکە لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت**

فەزای گشتی بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا بکات.

سیستمی دیموکراتی کە بناغەکەی هەڵبژاردن و ئاکامەکانی سندوقی دەنگدانە، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە هەمیشە «دەنگدەر لەسەر هەقە و ئەوەی دەنگدەر هەڵیدەبژێرێت هەر ئەوە ڕاستە»، بە هەمان شێوە و هەر لەم سیستمەدا هەر شتێك ڕای گشتی وەك گەندەڵی هەژماری کرد، ئەوا بە گەندەڵی هەژمار دەکرێت. لێرەوە ئاماژە بە چەند نموونەیەك دەکەین کە ڕای گشتی لە کوردستاندا وەك گەندەڵی هەژماریان دەکات:

١. بەر لە چەند مانگێك کاتێك لە بەردەم بانکەکانی سلێمانی زوومی کامێراکان بارودۆخی خانەنشینانیان لە شاشەکانی تەلەفزیۆنەوە دەگواستەوە، کە بەشێکیان لە نۆرەی وەرگرتنی مووچە گیان لەدەست دەدەن و بەشێکی دیکەیان تووشی حاڵەتی ناجۆر دەبن، ئەو دیمەنە ناخۆشە بێ ئەوەی هیچ کەسێك، یان ڕۆژنامەنووسێك کۆمێنتی لەسەر بدات، لەناو ڕای گشتیدا وەك گەندەڵیی سیاسیی لایەنێکی سیاسی هەژمار دەکرێت کە دەستی چووەتە قووتی ئەو خەڵکە و ڕێگە نادات داهاتی ئەو ناوچەیە کۆبکرێتەوە و لە کاتی خۆیدا مووچەی پێ دابەش بکرێت.

کاردانەوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك «لایەنی دەسەڵاتدار لەو زۆنە» لە سەرەتا تەنیا دانانی ئەمبولانس بوو لە نزیك بانکەکان بۆ ئەوەی ئەگەر بەساڵاچوویەکی خانەنشین لە هۆش خۆی چوو، یان گیانی لەدەست دا، بیگەیێننە نەخۆشخانە، بەڵام بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی و پەردەپۆشکردنی ئەو گەندەڵییە سیاسییەی لە قاچاخچێتی سنوورەکان دەکرێت، بە دەنگێکی شەرمنانە دەیگوت داهاتی سلێمانی بەش ناکات.

٢. زۆر بەداخەوە، کاتێك زوومی کامێراکان تەواوی شەقام و کۆڵانەکانی هەر دوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و هەر دوو ئیدارەی گەرمیان و هەڵەبجە دەگوازنەوە و پیشانمانی دەدەن، کە تێکرای شەقام و کۆڵانەکان پڕبوون لە پاشماوە و کۆمپانیاکانی پاککردنەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام نادەن و، لەولاشەوە چەندین کارمەندی «ژینگە پارێز» لە بەردەمی مایکرۆفۆنەکان قسە دەکەن و دەڵێن «سێ مانگە» مووچەمان وەرنەگرتووە، ئەوا تەنیا ئەو دیمەنانە لەناو ڕای گشتیدا وەك گەندەڵی و گەندەڵی سیاسی وێنای دەکات، لە بەرامبەر ئەم کۆدەنگییەی ڕای گشتی لەسەر ئەم گەندەڵکارییە سیاسییە، گەندەڵکاری سیاسی دەیەوێت ڕای گشتی چەواشە بکات و دیسان بە دەنگێکی شەرمنانە دەڵێت: «حکومەت گەمارۆی خستووەتە سەرمان».

٣. کاتێك لە نیوەڕۆیەکی هەینی دەنگی تەقینەوەیەك هەموو پایتەختی کوردستان دەهەژێنێت و زۆر بێ ویژدانانە لەناو گەڕەکێکی شاری هەولێر ژن و منداڵ بە ڕیمۆند کۆنترۆڵ خەڵتانی خوێن دەکرێن، ئیدی کارەکە لەوە دەردەچێت پرسیاری ئەوە بکەین: ئایا ئەم ڕووداوە کارێکی تیرۆریستییە یان نە؟ بەڵکو لە بری ئەمە خەڵك حکومەت دەکاتە بەرپرسیار بۆ ئەوەی بکەرانی ئەو کارە تیرۆریستییە ئاشکرا بکات، کاتێکیش دەزگاکانی ئاسایش و دژە تیرۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ خواستی خەڵك بکەرانی ئەو کارە تیرۆریستییە ئاشکرا دەکەن و، بەشێك لە بەشداربووانی ئەو کارە قێزەوەنە بە دەنگ و وێنە ڕاستییەکان بە خەڵك دەڵێن، ئیدی شتێك نامێنێت گەندەڵکاری سیاسی بتوانێت بیشارێتەوە، بۆیە هەڕەشە لە کۆی سیستمە سیاسییەکە دەکات و هێرش دەکاتە سەر ئەو حکومەتەی کە خۆی بەشێکە لەو حکومەتە.

ئەوەی دەمێنێتەوە لە کۆتایی ئەم دێڕانەدا ئاماژەی پێ بکەین، ئەوەیە کە دیاردەی گەندەڵیی سیاسی وەك دیاردە لەو نەخۆشییە ترسناکە دەچێت کە زۆر درەنگ نیشانە مەترسیدارەکانی دەردەکەون و، کاتێکیش نیشانەکانی دەردەکەوێت، چارەسەرکردنی زۆر ئەستەم دەبێت. هەر بۆیە شارەزایان و ئەو پسپۆڕانەی لە بواری مەترسییەکانی هەموو شێوازەکانی گەندەڵی توێژینەوە دەکەن، هۆشداری ئەوەمان پێ دەدەن، کاتێك گەندەڵیی سیاسی لای حزبێکی سیاسی دەبێتە کەلتوور، ئەوا ئامانجی ئەو حزبە سیاسییە دەبێتە ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ متمانەی هاووڵاتی بە سیستمە سیاسییەکە کەم ببێتەوە، هەر بۆیە ڕێنمایی ئەوەمان دەکەن، سازش و کۆمپرۆمایز لەسەر هەر شتێك بکرێت، لەسەر گەندەڵی سیاسی نابێت بکرێت.

**بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان و دووبارە جیاکردنەوەی بەرژەوەندیی گشتی لە بەرژەوەندیی لایەنێکی سیاسی، حکومەتی هەرێمی کوردستان «ناناوەندێتی پارێزگاکانی کوردستان»ی جێبەجێ کرد**

**لە دەستپێکی پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوە شەرعییەکانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان کە خۆی لە «پەرلەمان و حکومەت»دا بەرجەستە دەکرد، دید و تێڕوانینی سەرۆک بارزانی بۆ بونیادنانی ئەم سیستمە تازەیە، خۆی لە بونیادنانی ژێرخانێکی پتەوی یاسایی بەرجەستە دەکرد**

**وێڕای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕێژەی ٥٠٪+١ی دەنگەکانیشی هەبوو، ئارەزوومەندانە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی هەڵبژارد کە لای ئەو بێت و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ یەکێتی نیشتمانی بەجێهێشت**




د.ڕابیە ئاختار بۆ گوڵان:

# سیستمی جیهانی تووشی پاشەکشە و لاوازی بووەتەوە

**د.ڕابیه ئاختار بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی ئاسایش و ستراتیژیەت و سیاسەتە لە زانکۆی لاهور لە پاکستان، هەروەها دامەزرێنەری سەنتەری زانستە کۆمەڵایەتییەکانە لە هەمان زانکۆ و، بڕوانامەی دکتۆرای لە دیراساتی ئەمنی لە زانکۆی ویلایەتی کەنساس بەدەست هێناوە، تا نیسانی ساڵی ٢٠٢٢ ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی سەرۆك وەزیران عمران خان بوو. بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەکردنی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی و ئاقار و ئاراستەی شەڕەکە و، ئەگەری هەڵکشانی زیاتر و کاریگەری لەسەر دووبارە داڕشتنەوەی سیستمە جیهانییەکە و باری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

*** شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا سەرتاپای بارودۆخی کاروبار و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی گۆڕیوە و بە خاڵی وەچەرەخان و ئاڵوگۆڕ لێك دەدرێتەوە و هەژمار دەکرێت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە ململانێی هێز و هاوکێشەی هێزی نێوان جەمسەرە جیهانییەکان، بە چەشنێك دەتوانین بڵێین ئەمە تەنیا شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا نییە، بەڵکو چەندین وڵاتی دیکە بە ناڕاستەوخۆ لەم شەڕەوە تێوەگلاون، ئەوانەشی هیچ بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەم شەڕەدا نییە، کەوتوونەتە بەر کاریگەریی دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە لەم بارودۆخە ورد ببینەوە و بمانەوێت تاوتوێی بکەین، ئەوا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەو باری ناکۆکی و بارگرژییەی هاتووەتە ئاراوە لە جیهاندا، بە چەشنێکە کە بڵێین کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، یان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بە ئاقار و ئاراستەی شپرزەییدا بردووە، هەروەك ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا باستان کردووە، دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە پەلهاویشتنی هەبووە بۆ دەرەوەی هەر دوو وڵاتی بەشەڕهاتوو، ئێستاش جیهان ڕووبەڕووی کاریگەری و لێکەوتەکانی بووەتەوە. هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەبووە لەسەر توندبوونەوەی ململانێکان، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەو لەبەرچاو بگرین کە نەتوانرا شەڕەکە لە ماوەیەکی کورتدا یەکلا بکرێتەوە، کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا بەڵێ، ئێستا دۆخێکی نائارامی و نادڵنیایی دروست بووە و ئەم بارودۆخەش ڕەنگدانەوەی لەسەر سەرجەم جیهان هەبووە.

*** زۆر جار باس لەوە دەکرا کە ڕۆژگاری دوای شەڕی سارد، دۆخێکی ئارامی و ئاسایشی دروست کردووە و، زۆرێك لە وڵاتانیش لەم ئارامییە بەهرەمەند بوون و، تەنانەت لە ڕووی ئابووری و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیانیشیانەوە بەرەوپێشچوون و گەشەیان کرد، ئەمەش لە سایەی ئەو سیستمەدا کە پێی دەگوترا سیستمی بنیادنراو لەسەر ڕێساکان، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ڕەوایە بڵێین ئەم شەڕە ڕەنگدانەوە و دەرئەنجامی شکستی ئەم سیستمە بووە، یان ئەم شەڕە دەبێتە هۆی ئەوەی بیر لە دووبارە داڕشتنەوەی ئەم سیستمە بکرێتەوە لەسەر بنەما و بەهای جیاواز، کە ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی شەڕێکی لەم چەشنە بگرێت؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە بڵێین ئەم بارودۆخ و هەلومەرجەی هاتووەتەئاراوە و ئەم پەرەسەندن و پێشهاتانەی بەهۆی ئەم شەڕەوە هاتوونەتە ئاراوە، بە چەشنێکە کە دەتوانین بڵێین ئەم سیستمەی ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەی پێ دەکەن، تووشی پاشەکشە و لاوازی بووەتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم سیستمە بە چەشنێك داڕێژراوە کە بوار و ئەگەری ئەوە زیاتر دەکات کە ئەم جۆرە پێشهات و ئەم چەشنە هەلومەرجانە بێنەئاراوە. مەبەستم ئەوەیە ئەم سیستمە بە چەشنێك بوو کە بوار و پانتایی و دەرفەتی دەخولقاند بۆ هێزە گەورە و جیهانییەکان، بۆ ئەوەی بتوانن پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز ببەن لە دژی ئەو وڵاتانەی لە بارێکی لاوازتردا بوون، کە ئەمەش هەلومەرجێکە و ئەگەری ئەوە لەخۆدەگرێت کە دۆخەکە بە ئاقار و ئاراستەیەکی لەم چەشنەدا ببات. خۆ ئەگەر ئەم چەشنە ڕەفتار و سیاسەتانەش سەربگرن و ئامانجەکانی خۆیان بەدی بهێنن (مەبەستم

**ئەو باری ناکۆکی و بارگرژییەی هاتووەتە ئاراوە لە جیهاندا، بە چەشنێکە کە بڵێین کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، یان پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بە ئاقار و ئاراستەی شپرزەییدا بردووە**

پەنابردنەبەر دەستدرێژکاری و داگیرکردنی خاکی وڵاتانی دیکەیە) ئەوا دەتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین کە ئەم ڕەوت و ئەم جۆرە پەرەسەندنانە لە داهاتووشدا دووبارە دەبنەوە و سەرهەڵدەدەنەوە.

*** هەر چەندە ئێمە لە پرسیاری یەکەمیشدا ئاماژەمان پێ کرد، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەکرێت ئێستا وەسفی باری پەیوەندیی نێوان هێزە مەزنەکانی جیهان بکرێت، بە دەربڕینێکی دیکە دۆخێکی پڕ لە دوژمنکارییە، یان ناکۆکی و ڕکابەرییە، بە تایبەت ئەگەر ئێمە پەیوەندیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕووسیا لەبەرچاو بگرین؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین بڵێین کە پێشتریش (واتە پێش هەڵگیرسانی ئەم شەڕە) پەیوەندیی نێوان وڵاتان، مەبەستم لە هێزە گەورەکان و بە دیاریکراوی ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، پەیوەندییەکی بێ بارگرژی و ڕکابەری نەبوو، کە دەبێت ئێمە لەم ڕووەوە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕووسیا پێشتریش ناڕازی بوو لەم سیستمە و بەرهەڵستیی دەکرد و لە هەوڵدا بوو بۆ ئەوەی پایەکانی سیستمی نێودەوڵەتی بە چەشنێك دابڕێژرێتەوە و بەگەڕ بخرێت، کە بەرژەوەندییەکانی بەدی بهێنێت. واتە هەر چۆنێك بێت دەتوانین بڵێین ئەوەی هاتووەتە ئاراوە، چەشن و فۆرمێکی دیکەی درێژەکێشان و بەردەوامبوونی ئەو ناکۆکی و ڕکابەرییانەیە، بەڵام بە شێوەیەکی توندتر، کە ئەگەرچی هەردوولا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی یەکتر نەبوونەتەوە، بەڵام ئاشکرایە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاری و یارمەتی دەستەبەر کردووە بۆ ئەوەی بەم شێوەیە شەڕی خۆی لەگەڵ ڕووسیادا بکات.

*** هەروەك ئاشکرایە ڕووسیا تووشی چەندین خەسارەت و پاشەکشەی سەربازی بووەتەوە و نەك هەر نەیتوانی ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی بەدەست بهێنێت، بەڵکو ناوبانگی سوپاکەشی لاواز بووە و زەبری گەورەی بەرکەوتووە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ڕووسیا درێژە بە هەوڵەکانی دەدات بۆ درێژەدان و بەردەوامیدان بەم شەڕە و، بۆ چیتر ئەوە لەبەرچاو ناگرێت کە ئەمە شەڕێکە قابیلی ئەوە نییە تێیدا سەرکەوتن و بردنەوە بەدەست بهێنێت و، بۆچی بیر لە ڕێگەچارە و دەروازەیەکی دیکە ناکاتەوە بۆ کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە نالەبارەی لە ڕووی سەربازییەوە تێی کەوتووە، یان بە پێچەوانەوە ئایا پێت وایە شەڕەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەبات؟**

- ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا زۆر گوێمان لە هەڕەشەکان و پرس و ئەگەری هەڵکشانی زیاتری شەڕەکە و بگرە بەکارهێنانی چەکی کاولکار و تێکشکێنەریش بووە، بەڵام هەرچۆنێك بێت، پێم وانییە ڕووسیا و خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین ئارەزوومەندانە بیر لە پاشەکشە و جێهێشتنی ئەو خاکانەی وڵاتی ئۆکرانیا بکاتەوە کە لە ڕووی سەربازییەوە دەستی بەسەردا گرتوون، ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵکشانی زیاتری شەڕەکەوە، ئەوا من پێم وایە خودی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی بیر لەوە ناکەنەوە کە ڕاستەوخۆ بێنە ناو شەڕەکەوە و بە شێوەی ڕووبەڕوو شەڕی ڕووسیا بکەن، بەتایبەتی ئەگەر بتوانن لە ڕێی شەڕێکی بە وەکالەتەوە ڕووسیا تووشی شەکەتبوون و دژواری بکەنەوە و، بتوانن پێگە و باری ڕووسیا لەسەر ئاستی جیهان و لەسەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لاواز بکەن.

*** ئەگەر باس لە چەکی ئەتۆمی، یان ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بکەین لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئەوا هەندێك پێیانوایە هەر وڵاتێك خاوەنی ئەم چەکە بووە، ئەوا بە ئاسانی نابێتە ئامانجی هێرش و دەستدرێژی و داگیرکاری، ئایا پێت وانییە ئەمە جۆرێك لە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردنی ئەتۆمی بخوڵقێنێت، بە چەشنێك زۆرێك لە وڵاتانی هەوڵی بەدەستهێنانی بدەن، بۆ ئەوەی خۆیان لە چارەنووسێکی وەك چارەنووسی وڵاتی ئۆکرانیا لابدەن و ئەم چەکە بکەن بەربەرچدانەوەیەکی بەهێز و کارا، بۆ هەر وڵاتێك کە بیر لەوە بکاتەوە کە داگیری بکات؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە نەتوانین بڵێین دەرئەنجامێکی بەم چەشنەی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بەدەستهێنانی ئەم جۆرە چەکە خەرجی و تێچوونێکی زۆر لە خۆدەگرێت، دواتر ئەوەی ئۆکرانیای تووشی ئەم بارودۆخ و چارەنووسەی ئێستا کرد، شکاندن و پێشێلکردنی ئەو زەمانەتە بوو کە بەم وڵاتە درابوو.

**ئەمریکا هاوکاری و یارمەتی دەستەبەر کردووە بۆ ئەوەی بەم شێوەیە شەڕی خۆی لەگەڵ ڕووسیادا بکات**

**پێم وانییە ڕووسیا و خودی سەرۆک ڤلادمیر پوتین ئارەزوومەندانە بیر لە پاشەکشە و جێهێشتنی ئەو خاکانەی وڵاتی ئۆکرانیا بکاتەوە کە لە ڕووی سەربازییەوە دەستی بەسەردا گرتوون**

**ئەمریکا و دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی بیر لەوە ناکەنەوە کە ڕاستەوخۆ بێنە ناو شەڕەکەوە و بە شێوەی ڕووبەڕوو شەڕی ڕووسیا بکەن**

**ئەوەی ئۆکرانیای تووشی ئەم بارودۆخ و چارەنووسەی ئێستا کرد، شکاندن و پێشێلکردنی ئەو زەمانەتە بوو کە بەم وڵاتە درابوو**

دیمانەی تایبەت



پڕۆفیسۆر ئەتالیا ئۆمێر بۆ گوڵان:

# ناسیۆنالیزم پەیوەستە بە ڕەوایەتیدانی سیاسی بە دەوڵەتەوە

**ئەتالیا ئۆمێر پرۆفیسۆری دیراساتی ئایین و ناکۆکی و ئاشتییە لە ئەنستیتوتی کرۆك بۆ دیراساتی ئاشتیی نێودەوڵەتی لە سکووڵی کیوە بۆ کاروباری جیهانییەکان لە زانکۆی نۆتردام. بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری ئایین و ئەخلاق و سیاسەت لە زانکۆی هارڤارد بەدەست هێناوە. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك ئایین و توندوتیژی و بنیادنانی ئاشتی، هەروەها تیۆر و ڕێچکەکانی دیراسەتی ئایینی، ناسیۆنالیزم و ئاڵوگۆڕی ناکۆکی. گولان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ و شرۆڤەکرد، کە پتر پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای جیهانەوە لە پەیوەندی بە پرسەکانی پەیوەست بە ناسیۆنالیزم و بە جیهانی بوون و پرسی ئەوەی ئایا لە ئێستادا جیهان پتر بەرەو ناسیۆنالیزم هەنگاو دەنێت، یان بەرەو دووبارە هەڵکشانەوەی ناسیۆنالیزم.**

*** نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین کە تێیدا جیهان بە هۆی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان و چەندین بواری دیکەوە پێکەوە بەستراوە و پێکەوە گرێ دراوە، بەڵام ئەوەی جێی هەڵوەستە و لەسەر ڕاوەستانە، ئەوەیە کە خواستێك بۆ گەڕانەوە بۆ سۆشیالیزم دروست بووە و هاتووەتە ئاراوە، لە کاتێکدا چەندین کێشە هەن لە جیهاندا کە پێویستە سەرجەم وڵاتانی پێکەوە کاربکەن بۆ بەرەنگاربوونەوە و چارەسەرکردنیان، ئێوە چۆن لە گەڕانەوەی پرسی ناسیۆنالیزم و ناوەڕۆکی ناسیۆنالیزم دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وا نییە بتوانرێت پرسی سەرهەڵدان و بنەڕەتی ناسیۆنالیزم لە پرسی کۆلۆنیالیزم داببڕدرێت، خۆ ئەگەر بمانەوێت لە ناوەڕۆك و پێناسەی ناسیۆنالیزمیش بڕوانین، ئەوا دەبێت لەم ڕووەوە گرێی بدەینەوە بە خودی دەوڵەتەوە، واتە ئەوە ناسیۆنالیزمە کە دەبێتە هۆی ئەوەی، یان پەیوەندیدارە بەوەی دەوڵەت لە ڕووی سیاسییەوە شەرعییەت و ڕەوایەتی بۆ دەستەبەر بێت.

*** هەندێ لێکدانەوە دەکرا دەربارەی ئەوەی کە ئیدی خۆری ناسیۆنالیزم ئاوا بووە و دەوڵەتانی جیهان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە لە کوتلەی گەورەتر، یان یەکێتیی گەورەتردا خۆیان ڕێك بخەن و، لەم ڕووەوە دەست لە هەندێ لە سەربەخۆیی و سەروەریی خۆشیان هەڵبگرن، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا پرسی هاتنەوە ئارای ناسیۆنالیزم سەری هەڵداوەتەوە، ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنە دەڕوانن و ئایا جیهان بە ئاراستەی پاشەکشە و پێچەوانەبوونەوەی ڕەوتی بەجیهانیبوون دەڕوات؟**

- ئێمە ناتوانین بەو شێوەیە لەم مەسەلەیە بڕوانین، یان شیکارییەکە بەو شێوەیە بکەین کە بڵێین پێشتر دەست لە ناسیۆنالیزم هەڵگیراوە، واتە ناتوانین بڵێین ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا ڕووی داوە، دەستەبەرداربوونێکی تەواو بووە لە ناسیۆنالیزم، تاوەکو بێین بڵێین ئەمە جارێکی دیکە هاتووەتەوە ئاراوە، بەڵکو لەوانەیە دروستتر بێت بڵێین ئەوەی هەیە، بریتییە لە سەرهەڵدانەوەی جۆرێکی دیکەی جیاوازی ناسیۆنالیزم. دواتر ئەگەر ئێمە باسی جیهانگەرایی بکەین، ئەوا ڕەنگە وسفێکی ورد نەبێت کە بڵێین ئیدی ڕەوت و ڕەوڕەوەی بەجیهانیبوون کۆتایی هاتووە و جیهان لە ڕۆژگارێکدایە کە ئیدی بەرەو شێوازەکەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی ڕوویان داوە لە پەیوەندی بە بەجیهانیبوونەوە، ناکرێت بەو ئاسانییە کۆتاییان پێ بێت و پێچەوانە ببنەوە، یان با بڵێین ڕاستە کە بەجیهانیبوون چەندین پێشکەوتن و دەرفەت و گەشەکردنی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەن و ڕەهەندێ خراپ و نەرێنیشی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە لەو نایەکسانییە بڕوانین کە لە دەرئەنجامی هەڵکشان و خێرابوونی ڕەوتی بەجیهانیبوون هاتنەئاراوە. بۆ ئەوەی بتوانم بەرگری لە بۆچوونەکەم بکەم، دەربارەی ئەوەی کە ناکرێت بڵێین ئەم ڕەوتی بەجیهانیبوونە کۆتایی هاتووە، ئەوا دەکرێت بڵێین کە چەندین بەرگری و بەرهەڵستی دروست بووە بۆ لایەن و ڕەهەند و پەرەسەندنە نەرێنییەکانی.

**ڕەنگە وسفێکی ورد نەبێت کە بڵێین ئیدی ڕەوت و ڕەوڕەوەی بەجیهانیبوون کۆتایی هاتووە و جیهان لە ڕۆژگارێکدایە کە ئیدی بەرەو شێوازەکەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە**

**ڕاستە کە بەجیهانیبوون چەندین پێشکەوتن و دەرفەت و گەشەکردنی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایەن و ڕەهەندێ خراپ و نەرێنیشی هەیە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە لەو نایەکسانییە بڕوانین کە لە دەرئەنجامی هەڵکشان و خێرابوونی ڕەوتی بەجیهانیبوون هاتنەئاراوە**

*** زۆرجار ئەگەر لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم بڕوانین، ئەوا نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هاوشان بووە بە ڕۆژگارێك کە تێیدا شەڕ و خوێنڕێژی و کاولکاری ڕووی داوە، بەتایبەتی کە هەندێ ناسیۆنالیزم ڕەوایەتییان بە خۆیان داوە کە هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەکانی دیکە بدەن، بەو پاساوەی کە ئەوان نەتەوەیەکی باڵاتر و پاکترن، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و لە ڕۆژگاری ئێستادا چۆن خوێندنەوەی بۆ دەکەن؟**

- من دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە هەندێ جار لێکدانەوە و تێڕوانینی دۆخێکی لەم چەشنە دەخولقێنن، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە لەو لێکدانەوەیە بڕوانین کە پێی وایە هەندێ کۆسپ و تەگەرە هەن لە بەردەم بەرەوپێشچوون و باڵابوونی نەتەوەدا کە پێویستە کار بۆ نەهێشتن و لەناوبردنیان بکرێت، کە ئەگەر ئەم تێڕوانینە لە ئارادا بووبێت، ئەوا لە دەرئەنجامدا سەری کێشاوە بۆ سەرهەڵدانی داگیرکاری و دوژمنکاری و ڕکابەری. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بڵێین سەرتاپای مێژوو و پەرەسەندنی ناسیۆنالیزم بەم شێوەیە بووە، یان ڕەنگە نەتوانرێت بوترێت کە هەمیشە ناسیۆنالیزم هاوشان بووە بەم پەرەسەندنە، واتە هەمیشە دوژمنکاری و داگیرکاری کاری بەرهەم نەهێناوە، یان با بڵێین مەرج نییە هەمیشە بەم شێوەیە بێت، خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە زۆرجار ناسیۆنالیزم بەکار هێنراوە، یان کراوەتە بیانوو و پاساوێك بۆ شەرعیەتدان بە ئەنجامدانی نادادی و خراپەکاری لە دژی گەلان و نەتەوەکانی دیکە. کە دەبێت لەم ڕووەوە کار بکرێت بۆ پێچەوانەکردنەوەی ئەم نادادییە و ڕاستکردنەوەی ئەو نەهامەتی و ناهەمواریيانەی بە هۆی ناسیۆنالیزمەوە، یان بە ناوی ناسیۆنالیزمەوە بەسەر هەندێ لە گەلان و وڵاتاندا هاتووە.

*** ئەگەر لە وەڵامەکانی ئێوە ئەو دەرئەنجامە بەدەست بهێنین کە دەکرێت ناسیۆنالیزم بە هەردوو ئاراستەکەدا بڕوات، مەبەستمان ئەوەیە چەند شێوەیەکی جیاوازی ناسیۆنالیزم لە ئارادایە، ئایا دەتوانین بڵێین ناسیۆنالیزمێکی کراوە هەیە کە ئیرادە و ئامادەیی ئەوەی هەیە لەگەڵ گەلان و نەتەوەکانی دیکەی بە ئاشتییانە و ئارامی بژێیت، و ناسیۆنالیزمێکی دیکە هەیە تەواو پێچەوانەیە؟**

- من لە وەڵامی پرسیارێکی پێشوومدا ئاماژەم بەوە کرد کە جۆرێك، یان ڕەوتێك هەیە کە تەنیا و تەنیا نەتەوەکەی خۆی بە باڵا و پێکهاتە و ڕەگەزێکی باشتر لە قەڵەم دەدات، لەم ڕووەوە ئامادەیی و ئیرادەی ئەوەی نییە بکرێتەوە بە ڕووی کۆمەڵگە و نەتەوەکانی دیکەدا، بەڵام نابێت لەم ڕووەوە ئەو ڕاستییە، یان پەرەسەندنە فەرامۆش بکەین و ناکرێت نادیدەی بگرین کە پەیوەستە بەوەی کە ڕەوتی بەجیهانیبوون بە چەشنێك بووە کە هەمووان وەك یەك تێیدا سوودمەند و بەهرەمەند نەبوون لە بەرهەم و دەرئەنجامەکانی، ئەمەش دۆخێکی نالەبار و ناهەمواری دروست کردووە، کە جۆرێك لە هەستی پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی لای ئەو خەڵکانە دروست کردووە کە وەك پێویست سوودمەند نەبوون لە دەرئەنجامەکانی بەجیهانیبوون، کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی پەرچەکردار و کاردانەوەیان هەبێت، وەك ناڕەزایەتی دەربڕین و گوزارشتکردن لە ڕەتکردنەوەیان بۆ ئەو دۆخەی دروست بووە و هاتووەتە ئاراوە.

*** ئەگەر لەسەر پەیوەندیی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم بوەستین، ئایا پێت وایە کارلێك و بەرەوپێشچوونی پەیوەندیی نێوانیان بە چ ئاراستەیەکدا بووە؟ ئایا پێت وایە ئایین تێکهەڵکێشی پرسە ناسیۆنالیستییەکە کراوە؟ ئەگەر وایە ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی دروست کردووە، یان چ ئاکامێکی لێ کەوتووەتەوە؟**

- ئەوەی لەم ڕووەوە بەدی دەکرێت و سەرنج دراوە، ئەوەیە کارلێك و پێکداچوون هەبووە لە نێوانیادا، بە چەشنێك هەندێك جار پرسە ئایینییەکان، یان خودی ئایین خۆی بەکار هێنراوە بۆ ئەوەی ئامانج و کردارە ناسیۆنالیستییەکان لە بەرگ و ڕواڵەتێکدا بخرێنەڕوو کە مایەی قبووڵکردن و پەسەندکردن بن، ئەگەرچی ئەو کردارە و ئامانجانەش نەرێنی بن، یان دەرئەنجامی نالەبار و ناهەمواریان لێ بکەوێتەوە لەسەر گەل و نەتەوەیەکی دیکە. کە زۆر جار ئایین بە قووڵی ڕۆدەچێننە نێو سیستمەکە بە مەبەستی ئەوەی بتوانرێت ئاسانتر ئامانجە نەتەوەییەکان بەدی بهێنرێت. بەڵام دەبێت لەم ڕووەوە ئاگامان لەو ڕاستییەش بێت کە ڕەنگە نەتوانین بڵێین تێکڕا و تەواوی ڕەفتارەکانی دەوڵەت لەم حاڵەتەدا بە بەرگێکی ئایینی ڕەنگڕێژ دەبێت. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە بڵێین ناکرێت ڕۆڵی ئایین نادیدە بگرین لە پەیوەندی بەو ڕەوت و ڕوگە سیاسییەی هەندێ لە وڵاتان پێیدا ڕۆیشتوون و پێیدا تێپەڕیون.


**ڕاستکردنەوەی ئەو نەهامەتی و ناهەمواریيانەی بە هۆی ناسیۆنالیزمەوە، یان بە ناوی ناسیۆنالیزمەوە بەسەر هەندێ لە گەلان و وڵاتاندا هاتووە**

**ڕەوتی بەجیهانیبوون بە چەشنێك بووە کە هەمووان وەك یەك تێیدا سوودمەند و بەهرەمەند نەبوون لە بەرهەم و دەرئەنجامەکانی، ئەمەش دۆخێکی نالەبار و ناهەمواری دروست کردووە**

**هەندێك جار پرسە ئایینییەکان، یان خودی ئایین خۆی بەکار هێنراوە بۆ ئەوەی ئامانج و کردارە ناسیۆنالیستییەکان لە بەرگ و ڕواڵەتێکدا بخرێنەڕوو کە مایەی قبووڵکردن و پەسەندکردن بن**




# براندی هەناری کوردستان دەستپێکی هەنگاوەکانی بەهاناوەچوونی جووتیاران





## گوڵیزار ڕەشید سندی

جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە پەرلەمانی کوردستان

بۆ گوڵانی نووسیوە

«بەڵێنەکەی خۆمان بەجێ گەیاند». ئەمە تەنیا پۆستێکی ئاسایی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سۆشیال میدیا نەبوو، بەڵکو پەیامێکی گرنگی دەوڵەتمەدارێکی سەرکەوتووە لە ناو ڕۆژە سەختەکانی تێپەڕبوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، کە بەردەوام مژدە بە گەلەکەی دەدات و بە کردار جێبەجێی دەکات.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستپێکی کابینە وەزارییەکەیدا و لە کارنامەکەیدا بەڵێنی بە جووتیاران دا، کەرتی کشتوکاڵ ببووژێنێتەوە. تەنانەت قەیرانی دابەزینی بەهای نەوت و قەرزاری و بڕینی بودجە و وشکەساڵی، لەم ئەرکە پیرۆزەیدا ڕێگەی لێ نەگرت، بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە کاری بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتی ناسەقامگیری نەوت و گاز کرد، بەردی بناغەی ناوچە پیشەسازییەکانی دانا و چەندین کارگە و کارخانەی پیشەسازیی خۆراکی کردەوە و، گرفتی ئەمبارکردنی گەنمی جووتیاران و پێدانی شایستە داراییەکانی چارەسەر کرد، ئەمڕۆش لە هەنگاوێکی بێ وێنەیدا دەوڵەتمەدار توێژێکی گرنگی ناو کۆمەڵگەی بەسەر کردەوە و بەرهەم و ڕەنج و ماندوبوونی جووتیارانی باخەکانی هەناری کوردستانی گەیاندە وڵاتانی ئیمارات و قەتەر و کوەیت. لە هەڵەبجە و زاخۆ و ناحیەی هەنارە لە هەولێر بە سەدان باخی جووتیارانی هەنار و میوەکانی دیکە هەن، هەنار دەستپێکێکە بۆ هەناردەکردنی بەرهەمەکانی دیکەی میوەجات، بەتایبەتی هەنجیر و ترێ و هەرمێ.

ئێمە وەکو پەرلەمانتار و نوێنەری خەڵکی کوردستان بەردەوام داواکاری و ڕەخنە و پێشنیارمان هەبووە، بەڵام ئەرکی قورسی جێبەجێکردن و چارەسەرکردن و بەهاناوەچوونی داواکارییەکانی خەڵکی کەوتووەتە ئەستۆی سەرۆك وەزیران و کابینەکەی، بۆیە بە هەنگاوە سەرکەوتووەکانی دڵخۆش دەبین، ناردنە دەرەوەی ٥٠٠ تۆن هەناری هەڵەبجە و زاخۆ، ناساندنی براندێکی کوردستانە لە بازاڕە پێشکەوتووەکانی دنیای دەرەوە و دۆزینەوەی بازاڕە بۆ سەدان جووتیار و خانەوادەی کوردستان، ئەوەش کارێکی کەم نییە. بۆ نموونە لە زاخۆی دەلال تەنیا لە گوندی ئەرمشێ ١٢٧ باخی هەنار هەیە و زیاتر لە ١٠٠ جووتیاری کورد و

**لە هەنگاوێکی بێ وێنەیدا دەوڵەتمەدار توێژێکی گرنگی ناو کۆمەڵگەی بەسەر کردەوە و بەرهەم و ڕەنج و ماندوبوونی جووتیارانی باخەکانی هەناری کوردستانی گەیاندە وڵاتانی ئیمارات و قەتەر و کوەیت**

**هەنار دەستپێکێکە بۆ هەناردەکردنی بەرهەمەکانی دیکەی میوەجات، بەتایبەتی هەنجیر و ترێ و هەرمێ**

**ئەرکی قورسی جێبەجێکردن و چارەسەرکردن و بەهاناوەچوونی داواکارییەکانی خەڵکی کەوتووەتە ئەستۆی سەرۆک وەزیران و کابینەکەی، بۆیە بە هەنگاوە سەرکەوتووەکانی دڵخۆش دەبین**

**ناردنە دەرەوەی ٥٠٠ تۆن هەناری هەڵەبجە و زاخۆ، ناساندنی براندێکی کوردستانە لە بازاڕە پێشکەوتووەکانی دنیای دەرەوە و دۆزینەوەی بازاڕە بۆ سەدان جووتیار و خانەوادەی کوردستان**

**سەرۆک وەزیران لە کارنامەی کابینەکەیدا و لە ڕووی کرداریشەوە هەنگاوی گەورەی ناوە لە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و دامەزراندنی چەندین بەنداو و سایلۆ و ناوچەی پیشەسازی و دروستکردنی ڕێگەوبانی خێرا**

**گەشەکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی زنجیرەیەک کاری بەیەکەوە بەستراون و تەواوکاری یەکترن، ناکرێت بەبێ یەکێکیان هەنگاوەکانمان سەرکەوتوو بن**

**جووتیارانی کوردستان کەسانێکیان دەوێت تەنیا لەسەر شاشەی تیڤییەکانەوە دروشم و قسەی بێ بنەما نەڵێن، بەڵکو ڕەخنە و گلەیی و داواکارییەکانیشیان لە پێناو ڕاستکردنەوەی پەیکەری ئابووریی هەرێمی کوردستان بێت**

خانەوادەکانیان لەم باخانەدا کار دەکەن، بە تەئکید دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی هەنارەکانیان موژدەیەکی خۆشە بۆ ساخکردنەوەی هەنارەکانیان و دانەبەزینی نرخەکەی لە بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستاندا، بەتایبەتی لە مانگەکانی ئەیلوول و کانوونی یەکەم، خۆ بۆ جووتیارە خۆشەویستەکانی هەڵەبجەش کە لەو پارێزگایەدا زیاتر لە نۆ هەزار دۆنم زەوی بە هەنار چێنراون و زیاتر لە ٣٥ هەزار تۆن بەرهەمیان هەیە، ئەمەش جێگای دڵخۆشییە.

ئەم هەنگاوە نوێیەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەردانیکردنی بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستان و کڕینی بەرهەمی جووتیاران، سەرەتایەکی نوێیە بۆ بەپیرۆزکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و هاندانی گەلەکەیەتی بۆ پشتگیریکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ، بۆ ئەوەی ئەم کەرتە ببێتەوە بە کەرتێکی خۆبژێوی، هەروەکو چۆن لە بەرهەمی گۆشتی مریشك و هێلکەدا هەرێمی کوردستان گەیشتە قۆناغی خۆبژێوی.

ڕاستە لە هەرێمی کوردستان زۆرترین داهات لە کەرتی نەوت و گازەوە دێت و لەم کەرتەشدا هەنگاوەکانی دامەزراندنی پاڵاوتگە و پیشەسازیی نەوتی دەستی پێ کردووە، بەڵام بەو پێیەی کوردستان ژینگەیەکی لەباری هەیە بۆ بووژانەوەی کشتوکاڵ و زۆرترین هەلی کار لەکەرتی کشتوکاڵدایە، سەرۆك وەزیران لە کارنامەی کابینەکەیدا و لە ڕووی کرداریشەوە هەنگاوی گەورەی ناوە لە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و دامەزراندنی چەندین بەنداو و سایلۆ و ناوچەی پیشەسازی و دروستکردنی ڕێگەوبانی خێرا، بۆ گەیاندن و ساخکردنەوەی بەرهەمی جووتیاران و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و ڕێگرتن لە کۆچی گوندنشینەکان بۆ ناو شارە گەورەکان .گەشەکردنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی زنجیرەیەك کاری بەیەکەوە بەستراون و تەواوکاری یەکترن، ناکرێت بەبێ یەکێکیان هەنگاوەکانمان سەرکەوتوو بن.

کاتی ئەوە هاتووە ململانێ حزبییەکان لە پێناو پۆست و بەرژەوەندیدا بەکۆتا بێت، کە زۆربەی جار حزبە کوردستانییەکان لەسەر حیسابی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەنجینە و داهاتی خەڵك یەکلایی دەکەنەوە، دەبێت ئەو سیاسەتە بگۆڕین بۆ خەمخۆری و پاڵپشتی و کارئاسانی بۆ چین و توێژەکان و بووژانەوەی کەرتە ئابوورییەکان و دۆزینەوەی زۆرترین هەلی کار، جووتیارانی کوردستان کەسانێکیان دەوێت تەنیا لەسەر شاشەی تیڤییەکانەوە دروشم و قسەی بێ بنەما نەڵێن، بەڵکو ڕەخنە و گلەیی و داواکارییەکانیشیان لە پێناو ڕاستکردنەوەی پەیکەری ئابووریی هەرێمی کوردستان بێت و، مەبەست و مەرامی نهێنی لە پێشت پێشنیار و داواکارییەکانیانەوە نەبێت. ئەمڕۆ خەڵکی بەگشتی و چین و توێژەکانی هەرێمی کوردستان فریو نادرێن و باش دەزانن حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی لەپێناو بەهێزکردنی کیان و پاراستنی کەرامەتی ئەوان و باروبژێوی ژیانیاندایە، بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ ئەرکێکی ئاسان نییە و بڕیاری بوێرانە و پاڵپشتیی خەڵکی دەوێت.

لێرەدا چەند پێشنیارێك دەخەمە ڕوو بۆ پاڵپشتیکردنی هەنگاوەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەم و بەروبوومی جووتیارانی کوردستان، بەو ئومێدەی کەسانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری کوردستان هەر یەکەو لەلایەن خۆیەوە دڵسۆزانە پاڵپشتی ئەم هەنگاوانە بن:

١. پاڵپشتیکردنی فرەچەشنکردنی ئابووری و بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێگەی کڕینی بەرهەمی خۆماڵی و دۆزینەوەی بازاڕەوە.

٢. کەرتی بازرگانی کارئاسانی بۆ گواستنەوە و ڕێکخستنەوەی هەناردە و هێنراوەکان بکات، ئەمەش بە زیادکردن و ڕێکخستن و دووسایتکردنی ڕێگەوبانەکانی دەرەوەی شار و هەنگاونان بەرەو جێبەجێکردنی پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەر.

٣. گرنگیدانی زیاتر بە پڕۆژەکانی بەنداو و ئاودێری، بەتایبەتی لە دەشتە بەپیتەکانی کوردستان و قەدباڵی چیاکان، چونکە زۆربەی باخەکانی کوردستان ئاوی سازگاری زۆریان پێویستە.

٤. دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی خۆراکی لە قوتوبەند و شەربەت و سرکە و دۆشاو و کارگەکانی دیکە لە نزیك باخەکانەوە.

٥. ناردنە دەرەوە و بەشداریکردنی جووتیاری نموونەیی کورد لە پێشانگاکانی عێراق و ناوچەکە و وڵاتانی کەنداو و جیهان، بە بەروبوومی تایبەتی خۆیەوە.

٦. کاربکرێت بۆ ئەوەی جووتیاری کوردستان ببێتە خاوەنی براندی تایبەتیی خۆی و هاوکاری




بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی بەرهەمەکەی، ئەم خاڵە گرنگیی خۆی هەیە و هەمووان دەزانین کاتێك بۆ نموونە بەرهەمێکی متمانەپێکراو دەبینین، ڕاستەوخۆ دەیکڕین، چونکە بووەتە جێگای متمانە و کوالێتی بەرز و براندی جیهانی.

٧. فرۆشیار و بەقاڵی کورد لە دانانی بەرهەمە خۆماڵییەکان ڕەچاوی باشی و کوالێتی ناکەن، لەکاتێکدا لە تەنیشت ئەو بەرهەمەوە، بەرهەمی تورکی و ئێرانی بە پاکوخاوێنی و کوالێتی بەرز دانراوە، بۆیە دەبێت تیمەکانی چاودێری ڕێگە نەدەن بەم شێوەیە بەرهەمی خۆماڵی بفرۆشرێت و ناشیرین بکرێن لەبەرچاوی کڕیار، لە کاتێکدا لە ڕووی دەوڵەمەندییەوە بەرهەمی خۆماڵی زۆر بەتامتر و دەوڵەمەندترە.

٨. هەموو سوپەرمارکێت و مارکێتە گەورەکان هان بدرێن بەرهەمی خۆماڵی دابنێن و ڕێکلامی بۆ بکەن و، کەسێك دابنێن بۆ ڕاکێشان و قسەکردن لەگەڵ کڕیار بۆ ناساندنی بەرهەمی خۆماڵی و پێدانی گەرەنتی.

٩. دانانی کۆگای ساردکەرەوەی گەورە بۆ دابەشکردنی بەرهەمی جووتیاران لە مانگەکانی ساڵدا.

١٠. کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا دەبێت ڕۆڵێکی زیاتر بۆ ناساندنی بەرهەمی خۆماڵی (بێ بەرامبەر، یان بەپارەیەکی زۆر کەم) ببینن.

١١. پێویستە وەبەرهێنەرانی بیانی، بەتایبەتی ئەو گەورە کۆمپانیا خۆراکییانەی کە بە مارکە و براندی جیهانی بەناوبانگن، هان بدرێن ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە خۆیان بەرهەمەکان دەنێرنەوە بازاڕەکانی وڵاتانی خۆیان، بەتایبەتی بازاڕە گەورە و دەوڵەمەندەکانی ئەورووپا، کە نرخ و بەهای بەرهەم ە کشتوکاڵییەکان تێیدا زۆر بەرزە.

**پێویستە وەبەرهێنەرانی بیانی، بەتایبەتی ئەو گەورە کۆمپانیا خۆراکییانەی کە بە مارکە و براندی جیهانی بەناوبانگن، هان بدرێن ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن، چونکە خۆیان بەرهەمەکان دەنێرنەوە بازاڕەکانی وڵاتانی خۆیان**

ئەمە و چەندین بۆچوون و پێشنیاری دیکە، لە چاوەڕوانی جێبەجێکردنن لەلایەن ئەو کەس و بەرپرس و سەرکردە دەوڵەتمەدارانەوە، کە بەردەوام بەڵێنەکانیان دەکەنە ڕەفتار و لە ڕووی کردارەوە هەنگاوی کاریگەر و بەهێز لەپێناو گەلەکەیان دەنێن و، ئابووریی هەرێمی کوردستان لە بەهەڵەبردن دەپارێزن و ستراتیژیەت و پلان و بەرنامەکانیان مۆرکێکی زانستی و نیشتمانپەروەریی پێوە دیارە.

## تاریق حەیدەری

قائیمقامی شاری کۆیە بۆ گوڵان:

# ١٥ ملیار دینار بۆ ڕێگەوبانی گوندەکانی سنووری کۆیە تەرخان کراوە

## شەقامی ٤٠ مەتری زیاتر لە ٦ ملیار دینار و شەقام و چوارڕێیانی حاجی قادری کۆیەش ٧ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دیناریان بۆ تەرخان کراوە

**شاری کۆیە شارێکی گرنگ و مەڵبەندێکی گەورەی ڕۆشنبیرییە و شایستەی ئەوەیە هەموو خزمەتگوزارییەکی پێویستی بۆ دەستەبەر بکرێت، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئەم شارە لە ڕووی پرۆژە خزمەتگوزاری و ژێرخانییەکانەوە، گوڵان دیدارێکی لەگەڵ تاریق حەیدەری قائیمقامی شاری کۆیە ئەنجام دا.**

*** شارۆچکەی کۆیە چەند ناحیە و گوند لە سنوورەکەیدا هەیە و ژمارەی دانیشتووانەکەی چەندە و زیاتر بە چ کارو پیشەیەکەوە خەریکن؟**

- قەزای کۆیە لە سەنتەری قەزا و ناحیەکانی شۆڕش کە بە (دێگەڵە) ناو دەبرێت و تەقتەق و سێگردکان و ئاشتی و سیکتان و ١٨٠ گوند پێک هاتووە و، بە شێوەیەکی گشتی ناوچەیەکی نەوتییە، کە دوو کێڵگەی گەورەی نەوتی تێدایە، کە کێڵگەی (شیواشۆك و شیوەشار)ن، بەڵام کێڵگەی نەوتی شیوەشار لە ئێستادا داخراوە و خەڵکی سنوورەکە بەشێکی کارمەند و فەرمانبەری حکومەتە و، بەشێکی دیکەشی خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵن و، ژمارەی دانیشتووانی سەنتەری شارەکە نزیکەی ١٠٠ هەزار کەسە و بەگشتی سنوورەکە ١٧٠ هەزار کەس دانیشتووانیەتی.

*** ئایا ئەو پرۆژەی ڕێگەوبانانەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بۆ سنووری شاری کۆیە جێبەجێ کراون، چین و داواکاریتان لەو بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕێگەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە



لە ماوەی ساڵ و نیوێکی ڕابردوو ١٥ملیار دینار بۆ ڕێگەوبانی گوندەکانی دەشتی کۆیە تەرخان کراوە، کە ئەم پرۆژانە زۆر باش و گرنگ بوون، ئەمەش وای کردووە هاتووچۆی نێوان گوند و شارەکە ئاسان بێت، کە هەندێك لە گوندەکانیشی بە سەنتەری کۆیە گەیاندووە، بەڵام ئەوەی لەلای خەڵك و ئیدارەکەش گرنگە، پرۆژەی بەدووساکردنی نێوان کۆیە بۆ هەولێرە کە بە چوار قۆناغ بە تۆنێلەکەشەوە دەبوو تا ئێستا تەواو بکرایە، کە بڕی بودجەی پێویست بۆ پرۆژەکەش بریتییە لە ٤٢٧ملیار دینار، بەڵام بەداخەوە پرۆژەکە هەندێك کاری تێدا کرا و تا ئێستا ڕاوەستاوە. هەروەها تۆنێلی هەیبەت سوڵتان یەکێك لە پرۆژە ستراتیژییەکانە کە ڕێگەی هەولێر- کۆیە بە ڕێگەی سلێمانی – ڕانیەوە دەبەستەوە، کە بودجەی تەرخانکراو بۆی ١٥٩ ملیار دینار بوو، کە ٦٪ی تا ئێستا تەواو کراوە، ئەگەرچی لە دەستپێکردنی قەیرانی داراییەوە لە ساڵی ٢٠١٤وە پرۆژەکە تا ئێستا ڕاوەستاوە، بەڵام هەوڵ دراوە لە بڕی ئەو ڕێگەیە بۆ ڕانیە، ڕێگەیەکی دیکە دروست بکرێت، کە کۆیە بە ڕانیەوە ببەستێتەوە، کە ئێستا دەرخستە و داواکارییەکە لە ئەنجومەنی وەزیرانە و لە چاوەڕوانیداین کە ئەو پرۆژەیە دەربچێت و جێبەجێ بکرێت، ڕێگەی ٤٠ مەتری لە شاری کۆیە ئێستا لە ژێر جێبەجێکردندایە کە زیاتر لە شەش ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە و، پرۆژەی چوارڕێیانی حاجی قادر کە پرۆژەیەکی وەزارەتی شارەوانییە و بڕی بودجەکەی ٧ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دیناری بۆ دانراوە.

*** ئایا وشکەساڵی کاریگەری لەسەر کەمیی ئاوی خواردنەوە لەم دەڤەرە هەبووە؟ چ پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئاوی خواردنەوەتان بۆ شاری کۆیە هەیە؟**

- بێگومان لە ساڵی ڕابردوو وشکەساڵی کاریگەریی زۆری لەسەر دابەزینی ئاوی ژێر زەوی دروست کرد و چەندین بیری ئاوی خواردنەوە لە ناو شار و سنووری کۆیە وشکیان کرد، یان ئاویان کەمی کرد، بەپێی ئەو بەرنامەو پلان و دەرخستانەی ئەنجاممان داوە

**لە ئێستادا پرۆژەی کارەبای ١٣٢ کەی ڤی بە دەشتی کۆیەدا دەڕوات، کارکردن تێیدا بەردەوامە و پاش ماوەیەکی دیکە کۆتایی پێ دێت**

بۆیان، کە لە مانگی شەش و حەوت دەستمان بەو کارانە کرد، بەڵام دواکەوت، لە ئێستادا یەك ملیار دینار لە پارێزگای هەولێرەوە بۆ شاری کۆیە تەرخان کراوە، کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانین چەندین بیری تازە هەڵبکەنین و تۆڕی ئاوی خواردنەوەی گوندەکان چارەسەر بکرێن. پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی کلێسە کە ئاوی خواردنەوە لە زێی بچووکەوە بۆ شاری کۆیە دەهێنێت و پڕۆژەیەکی دیکەش ئاو لە تەقتەقەوە بۆ کۆیە دەهێنێت، ئەوە هەردوو پڕۆژەکە کاردەکەن و بەردەوام ئاوی خواردنەوە بۆ شارەکە دابین دەکەن، ئەمساڵ توانران بڕی زیاتر لە ملیارێك دینار بۆ بەهێزکردنی و زیاتر هێنانی ئاو لە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی کلێسە تەرخان بکرێت، توانرا لە ڕێگەی ئەو دوو پڕۆژەیە و لێدانی بیری تازەوە، کێشە و گرفتی ئاوی خواردنەوە تا ئاستێکی باش چارەسەر بکرێت.

*** ئایا وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا و وێستگەکانی گەیاندن و دابەشکردنی ١٣٢ و ٣٣ کەیڤیتان هەیە؟**

- کۆیە هەر وەك شارەکانی دیکەی کوردستان لە بارەی کارەباوە کێشە و گرفتی زۆرە، ئەگەرچی بەپێی ئەو پلان و بەرنامانەی لە وەزارەتی کارەبا هەیە، دەیانەوێت بەرەبەرە کێشەکان بەرەو کەمی بچێت، لە ئێستادا پڕۆژەی کارەبای ١٣٢ کەی ڤی بە دەشتی کۆیەدا دەڕوات، کارکردن تێیدا بەردەوامە و پاش ماوەیەکی دیکە کۆتایی پێ دێت، چەند وێستەگی بچووکی کارەبامان هەیە لە ناو شاری کۆیە کە دووان لەو وێستگانە لە نزیك بارەگای حزبەکانی ڕۆژهەڵاتن و لەو بارودۆخەی ئێستادا ناتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت.

*** ئایا لە کەرتی پەروەردەدا تا چەند پێویستیتان بە دروستکردنی بینایەی قوتابخانە و نۆژەنکردنەوەیان هەیە؟**

- کۆیە لە کۆنەوە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە لە بواری پەروەردە و فێرکردنەوە و ساڵانە قوتابیانی ناوشار و سنوورەکە، لە یەکەم و دووەم و سێیەمی سەر ئاستی پۆلی ١٢ی کۆتایی پشکی خۆی بووە، بەڵام بەداخەوە بینایەکانی خوێندن زۆریان لەناو شار و سنوورەکە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە و ئەو بینایانەی قوتابخانانەی لە شاری کۆیە هەن، زۆربەیان هی ساڵانی ٦٠و ٧٠ و ٨٠ ی سەدەی ڕابردوون. لەو سەردانەی کە وەزیری پەروەردە لە کاتی مووشەکبارانەکەدا بۆ شاری کۆیە ئەنجامی دا، بڕیاری دا بە سەندویج پەنەڵ قوتابخانەیەکی ٢٧ پۆلی بۆ شاری کۆیە دروست بکرێت، هەر لە ڕێگەی وەزیری پەروەردەوە کە داوامان کرد بیانایەکی دیکەی قوتابخانەمان بۆ دروست بکرێت، لەمەشدا لە ڕێگەی بەڕێزیانەوە وەبەرهێنێك هات سەردانی کردین و وا بڕیارە بینایەی قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلیمان بۆ دروست بکەن، شوێنەکەشی بۆ دیاری کراوە و بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا وەزیری پەروەردە بەردی بناغەی ئەو قوتابخانەیەشمان بۆ دابنێت. تا ئێستا لە بینایەی قوتابخانەکانی کۆیەدا سێ دەوامی ماوە، ئەمەش لەلایەك لەبەر کەمیی بینایەی خوێندن و لەلایەکی دیکەوە لە ئەمساڵدا بە هۆی مووشەکبارانەوە پێنج ناوەندی خوێندن داخراون، کە ئەمەش کاریگەری خۆی هەبووە، هەروەها لە ساڵی ڕابردوو دەزگای ڕوانگە، یەك دوو بینایەی قوتابخانەی بۆ نۆژەن کردینەوە و ئەمساڵیش ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی پێنج قوتابخانەی بۆ نۆژەن کردینەوە و ڕێکخراوی ڕێباز فودێشن ئێستا خەریکن چەندین قوتابخانە نۆژەن دەکەنەوە، میلاکاتیش زیاتر بە وانەبێژییە، ماوە ماوەش ئەو مامۆستایانەی وانەبێژ بە مەبەستی دامەزراندنیان دەنگیان بەرز دەکەنەوە و دێنە شەقام و بایکۆتی خوێندن دەکەن.

*** ئایا کەرتی تەندروستی کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە لە چ ئاستێکدایە؟**

- لە سەنتەری شارەکەدا چەند بیانایەکی نەخۆشخانە و بنکەیەکی تەندروستی هەیە، ئەوەی بەرچاوە زیاتر نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێلەییە بەناوی نەخۆشخانەی شەهید خالید لە ناو شاری کۆیە، بەڵام داودەرمانی وەك پێویست نییە و خەڵك لەو بارەیەوە گلەیی زۆریان هەیە، کارمەند و کادیری پزیشکییش بەپێی پێویست لە کۆیە نییە، هەر بۆیە

**ئەمساڵ توانران بڕی زیاتر لە ملیارێک دینار بۆ بەهێزکردنی و زیاتر هێنانی ئاو لە پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی کلێسە تەرخان بکرێت**

**لە ئێستادا یەک ملیار دینار لە پارێزگای هەولێرەوە بۆ شاری کۆیە تەرخان کراوە، کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانین چەندین بیری تازە هەڵبکەنین و تۆڕی ئاوی خواردنەوەی گوندەکان چارەسەر بکرێن**

**ساڵی ڕابردوو وشکەساڵی کاریگەریی زۆری لەسەر دابەزینی ئاوی ژێر زەوی دروست کرد و چەندین بیری ئاوی خواردنەوە لە ناو شار و سنووری کۆیە وشکیان کرد، یان ئاویان کەمی کرد**

**١١٠٠ دۆنم زەوی بۆ ناوچەی پیشەسازی دیاری کراوە، پرۆژەکە ئێستا لە قۆناغی دیزاینکردندایە و بە تەواوبوونی ژمارەیەکی زۆر هەلی کاریش بۆ ناوچەکە دەستەبەر دەبێت**

هەوڵمان داوە کەرتی تایبەت لەو بارەوە بێن و خزمەت بە خەڵك بکەن، ئێستا لە مامەڵەدایە کە دوو نەخۆشخانەی ئەهلی لە شارەکە بکرێتەوە، هاوکات لە هەر ناحیە و لە چەندین گوندیش بنکەی تەندروستی هەن، کە خەڵك دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن.

*** شاری کۆیە چەندین شوێنەواری مێژوویی تێدایە، ئایا هەوڵ دراوە ئەو شوێنانە بپارێزن و ناویان لە رێکخراوە جیهانییەکاندا، بەتایبەت لە یونسکۆ تۆمار بکەن؟**

- کۆیە ناوەندێکی شارستانی و رۆشنبیریی گەورە و بەرچاوە و ناوەندێکی گرنگی بازرگانییش بووە، هەر بۆیە لە کۆیە چەندین شوێنی کۆن هەن، لەوانەی کە لەلای خۆمان تۆمار کراوە (٨٦) بینایە کە یەکێك لەوانە قشڵەی کۆیەیە، کە لە کاتی خۆی لەسەر ئەرکی مام جەلال نۆژەن کراوەتەوە و هەندێ لەو خانوو و بینایانەی دیکەش وێران بوون و لە داڕووخاندان، لەوانە ماڵی مەلای گەورەی کۆیە و خانووی مەلا رەئووفی باوکی دڵداری شاعیر، بۆ نموونە ئەو دوو خانووانە کەوتوونەتە بەر رەحمەتی داڕووخان و لە ناوچوون. نووسراومان بۆ لایەنی پەیوەندیدار کردووە کە ئەو شوێنە مێژووییانە لە داڕووخان و فەوتان بیانپارێزن، چونکە دیواری هەندێ لەو خانووانە شەش مەتر بەرزن و مەترسیی ئەوەمان لەسەریانە بڕووخێن و خەڵك بکەوێتە ژێری و تووشی کارەسات ببین. ئێستا لە رێگەی رێکخراوی وادی ئەڵمانییەوە هەوڵ دراوە بینایەی مەحموود ئاغا نۆژەن بکەنەوە، کە بینایەکی زۆر گەورەیە و شوێنی بازرگانی و حەوانەوەی بازرگانانی سەردەمی کۆن بووە، ئەوە لەلایەن ئەو رێکخراوە ئەڵمانییەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٣ دەست بە نۆژەنکردنەوەی دەکەن.

*** شوێنی گەشتیاری لە شاری کۆیە و سنوورەکەی زۆرە، بۆیە دەپرسین لە بواری گەشتوگوزاردا چیتان بۆ کۆیە و سنوورەکەی کردووە؟ ئایا ماستەرپلانی گەشتیاریتان هەیە؟**

- بۆ ئەو مەبەستە چەندین جار سەردانی دەستەی گەشتوزارمان کردووە و سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاریش لە ماوەی ڕابردوو سەردانی کردووین، کۆیە زۆر شوێنی باش و گونجاوی بۆ پرۆژەی گەشتیاری هەیە، ئێستا لە ناحیەی ئاشتی لەسەر زێی بچووك چەند شوێنێکی گەشتیاریی جوان دروست کراون و لە ناحیەی تەقتەق بە هەمان شێوە چەندین شوێنی گەشتیاری دروست کراون کە گەشتیاران بەردەوام سەردانی دەکەن، لەسەر چیای کۆساریش پرۆژەیەکی گەشتیاریی زۆر جوان هەیە، ئەگەرچی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بە هۆی قەیرانی داراییەوە کاریگەریی خراپ لەسەر کەرتی گەشتیاری دروست بووە.

*** ئایا هیچ پرۆژەیەکی ئاودێری و پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ لە سنوورەکەدا جێبەجێ کراوە؟**

- پرۆژەیەکی ئاودێری لە بەرنامە و پلاندا بوو کە لە زێی بچووکەوە ئاو بۆ دەشت و ناوچە کشتوکاڵییەکانی کۆیە بهێنێت، کە بیرۆکەی مام جەلال بوو بڕی ٧٣ملیار دیناریشی بۆ تەرخان کرابوو، هەندێك کار لە پرۆژەکەدا دەستی پێ کرد، بەڵام لەبەر قەیرانی دارایی لە دوای ساڵی ٢٠١٤ ڕاوەستاوە، لەم ساڵانەی دواییدا چەندین بەنداوی گرنگ دروست کراون، وەك بەنداوی حەمامۆك و سماقوڵی و شەوگێر و چەندین بەنداویش کارکردن تێیاندا ڕاوەستاوە، بە تەواوبوون و دروستکردنی ئەو بەنداو و پۆتانەی لە سنوورەکەدا هەیە، کەرتی کشتوکاڵ تەکانێکی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت و گەشە دەکات و پێش دەکەوێت.

*** ئایا کردنەوەی ناوچەی پیشەسازی بۆ کۆیە لە بەرنامەدا هەیە؟**

- بڕیار دراوە ناوچەیەکی پیشەسازی لە شاری کۆیە دابمەزرێت کە لە سەرەتادا ١٨٣ دۆنم زەوی بۆ دیاری کرا، پاشان ئەو ڕووبەرە زیاد کرا بۆ ٥٠٠ دۆنم زەوی و لە ئێستادا پرۆژەکە گرنگیی زۆرتری پێ دراوە، بۆیە ١١٠٠ دۆنم زەوی بۆ ناوچەی پیشەسازی دیاری کراوە، پرۆژەکە ئێستا لە قۆناغی دیزاینکردندایە و بە تەواوبوونی ژمارەیەکی زۆر هەلی کاریش بۆ ناوچەکە دەستەبەر دەبێت و گەشەیەکی زۆر بە ئابووریی کۆیە و سنوورەکە دەدات.

**لەم ساڵانەی دواییدا چەندین بەنداوی گرنگ دروست کراون، وەک بەنداوی حەمامۆک و سماقوڵی و شەوگێڕ و چەندین بەنداویش کارکردن تێیاندا ڕاوەستاوە**

**لە ڕێگەی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانییەوە هەوڵ دراوە بینایەی مەحموود ئاغا نۆژەن بکەنەوە، کە بینایەکی زۆر گەورەیە و شوێنی بازرگانی و حەوانەوەی بازرگانانی سەردەمی کۆن بووە**

**ساڵی ڕابردوو دەزگای ڕوانگە، یەک دوو بینایەی قوتابخانەی بۆ نۆژەن کردینەوە و ئەمساڵیش ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی پێنج قوتابخانەی بۆ نۆژەن کردینەوە و ڕێکخراوی ڕێباز فودێشن ئێستا خەریکن چەندین قوتابخانە نۆژەن دەکەنەوە**

**تا ئێستا لە بینایەی قوتابخانەکانی کۆیەدا سێ دەوامی ماوە، ئەمەش لەلایەک لەبەر کەمیی بینایەی خوێندن و لەلایەکی دیکەوە لە ئەمساڵدا بە هۆی مووشەکبارانەوە پێنج ناوەندی خوێندن داخراون، کە ئەمەش کاریگەری خۆی هەبووە**



موزەفەر سابیر

بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانیی پارێزگای هەولێر (بە وەکالەت) بۆ گوڵان:

# شەو و ڕۆژ چاودێریی بازاڕ دەکەین و هاووڵاتیانیش دەتوانن لە هەر سەرپێچییەک ئاگادارمان بکەنەوە

**چاودێریی بازرگانی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لەسەر بازاڕ و ژیان و گوزەرانی خەڵك، کە لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی بازاڕ بە چەشنێك نەبێت کە بە زیان بشکێتەوە بۆ هاووڵاتییان، یان گەمە بە نرخەکان بکرێت لەسەر حیسابی خەڵك، بۆ ئەم مەبەستە و زیاتر ئاشنابوون بە پلان و کاروباری چاودێریی بازرگانی، گوڵان دیدارێکی لەگەڵ موزەفەر سابیر بەڕێوەبەری چاودێریی بازرگانیی پارێزگای هەولێر (بە وەکالەت) ئەنجام دا.**

*** چاودێریی بازرگانی لایەنێکی گرنگە بۆ چاودێریکردن لەسەر نرخ و کوالێتیی هەموو کەلوپەل و خۆراك و سەوزە و میوەکان لە ناو بازاڕ و دووکانی شار و شارۆچکەکان، ئایا وەك چاودێریی بازرگانی چۆن چاودێریی بازاڕ دەکەن بۆ ئەوەی نرخ بەرز نەکرێتەوە و کوالێتیی کەلوپەل و خۆراکەکانیش ستاندارد و بەپێی پێویست بن؟**

- ئێمە تیممان هەیە بۆ چاودێریی بازاڕ و بە شەو و ڕۆژ سەردانی بازاڕ و شوێنەکان دەکەن، ئەم ژمارەی تەلەفۆنەش (٠٧٥٠٤٩٠٨٤٧٠) کراوەیە بۆ ئەوەی لە کاتی هەر سەرپێچییەك هاووڵاتیان پەیوەندیمان پێوە بکەن. سەبارەت بە میوە و سەوزە هەفتانە نرخەکان لە ڕۆژی شەممە دیاری دەکرێت لەلایەن لێژنەیەك کە ئەندامی ئێمەشی تێدایە، لە پاشان ئێمە ئەو نرخ و لیستەیە بە چاودێرەکانمان دەدەین، لە هەر شوێن و بازاڕێك سەرپێچی هەبێت ئەوە خاوەن شوێن و فرۆشیارەکە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە و سزا دەکرێنەوە، نرخی هەموو کاڵا و میوە و سەوزەکانیش بەپێی کوالێتییان پلە یەك و دوویان بۆ دادەنرێت. بۆ چاودێریی هەموو بازاڕ و شوێنەکان لە شارێکی بەرفراوانی وەك هەولێر تەنیا نۆ تیممان هەیە، کە ئەمەش زۆر کەمە، هەر بۆیە ڕۆژانە تیمەکان بەپێی پێویست بە سەر بازاڕ و فرۆشیار و مارکێت و سەمونخانە و نانەواخانەکان دابەش دەکەین، هاوکات ئۆتۆمبێلیشمان بۆ دەرچوونی تیمەکان کەمە، ئەگەرچی تەنیا لە مانگی ١١ی ئەمساڵدا سەردانی ٣٢٥ مارکێت و ١٠٠ سەوزەفرۆش و ٧٥ گۆشتفرۆش و ٤٠ نانەواخانە و ٥٥ سەمونخانە و ٢٠ شوێنی شیرنەمەنی و ١٠ کۆگا و چەندین شوێنی دیکەش کراوە و ١٥٣ شوێن پسولەی سەرپێچیکردنیان بۆ کراوە و زیاتر لە ٧٩ ملیۆن دینار سزایان لێ وەرگیراوە.

*** ماوە ماوە دەبینین چەندین کاڵا و کەرستەی خۆراکی نرخیان بەرز بووەتەوە، هۆکاری ئەمە چییە؟ ئایا باروودۆخ و شەڕی ئۆکرانیا و کێشەکانی ناوچەکە کاریگەرییان لەسەر بەرزبوونەوەی نرخەکان بووە؟**

- بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و کەرستە خۆراکییەکان هۆکاری زۆرە، لەوانە بەرزبوونەوەی نرخی دۆلارە و بازرگانەکانیش بە دۆلار کاڵا و کەلوپەلەکان دەهێنن و لە بازاڕیش بە دینار دەیفرۆشن، بۆیە هەندێك جار دەبینیت لە نرخی ئێستای لە پێشووتری زیاترە، هۆکارێکی دیکەش بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنییەکانە، بەتایبەت گاز و بەنزین کە لە هاتوچۆکردن بەکاردەهێنرێت، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر نرخی کاڵاکان هەیە و زۆربەی ئەو کاڵایانەی لە دەرەوە دێن، نرخیان گۆڕانکاریی بەردەوامی بەسەردادێت، هەر بۆیە ئێمە لەو کەس و بازرگانانە مەنیفێست داوا دەکەین، تاوەکو لەو ئاستەی بۆی دیاری کراوە، نەتوانن زیاد ئیستیغلالی بازاڕ و نرخەکان بکەن، بۆ نموونە کاڵایەك بە سەد دۆلار بووە، لەگەڵ گرانبوونەکەدا دەکرێت بە ١١٠ دۆلار بفرۆشرێت، بەڵام ئێمە ڕێگری لەوە دەکەین کە نرخەکە زیاتر بکرێت بۆ نموونە بە ١٥٠ دۆلاری بفرۆشێت، لەوکاتەدا لێپێچینەوە لەگەڵ بازرگان و فرۆشیارەکە ئەنجام دەدرێت.

بێگومان شەڕی ئۆکرانیا و ڕووسیا کاریگەریی زۆری لەسەر بازاڕەکانی ئێمە دروست کرد و بووە هۆکاری ئەوەی کە هەندێ کاڵا و خواردن وەك گەنم و زەیت، نرخەکانیان زۆر زیاتر لە ئاستی خۆی بەرز ببێتەوە،

**ئەم ژمارە تەلەفۆنە (٠٧٥٠٤٩٠٨٤٧٠) کراوەیە بۆ ئەوەی لە کاتی هەر سەرپێچییەک هاووڵاتیان پەیوەندیمان پێوە بکەن**

**تەنیا لە مانگی ١١ی ئەمساڵدا سەردانی ٣٢٥ مارکێت و ١٠٠ سەوزەفرۆش و ٧٥ گۆشتفرۆش و ٤٠ نانەواخانە و ٥٥ سەمونخانە و ٢٠ شوێنی شیرنەمەنی و ١٠ کۆگا و چەندین شوێنی دیکە کراون**

**تەنیا لە مانگی ١١ی ئەمساڵدا ١٥٣ شوێن پسولەی سەرپێچیکردنیان بۆ کراوە و زیاتر لە ٧٩ ملیۆن دینار سزایان لێ وەرگیراوە**

چونکە هێنانی زەیت بۆ هەرێم و هەموو جیهان ٦٠٪ی لە ئۆکرانیاوە دەهات، لەلایەکی دیکەوە لەلای خۆشمان خەڵکانێك هەبوون، لە کۆگاکان هەوڵیان دا زەیت هەڵبگرن، بۆیە نرخی یەك زەیت گەیشتە پێنج هەزار دینار، بەڵام ئێمە لە ڕێگای تیمەکانمانەوە بەدواداچوونی زۆر و بەردەوامیمان ئەنجام دا، تاوەکو توانیمان ڕێگری لە قۆرخکاری و شاردنەوەی زەیت و هەر خواردەمەنیەکی دیکە بکەین کە بە مەبەستی بەرزکردنەوەی نرخ لە بازاڕەکان نەمابوون، یان زۆر کەم بوون، لەلایەکی دیکەوە دابەشکردنی سەبەتەی ئازووقە بەسەر هاووڵاتیان کاریگەری زۆر و ڕاستەوخۆی لەسەر کەمبوونەوەی نرخی ئازووقەکان بووە، هەر ئەمساڵ تا ئێستا ١٠ بەشە ئازووقە بە خەڵك دراوە.

*** تا چەند چاودێریی کۆگا و ساردکەرەوەکان دەکەن و ئەو ڕێنماییانە چین کە لەسەری دادەمەزرێن؟**

- بەپێی ڕێنمایی دیاری کراوە کە ٢٨ مەرج و خاڵە، ڕێگا بە دانان و کردنەوەی کۆگا و ساردکەرەوەکان دەدەین، تیمی تایبەتیشمان هەیە بۆ چاودێری و بەدواداچوونی کۆگا و ساردکەرەوەکان کە تیمەکانیش بریتین لە تیمی پشکنین و تیمی کۆمپانیاکان کە تیمی کۆمپانیاکان بەدواداچوون و گەڕان بەناو کارگە و کۆگاکان دەکەن و هەر سەرپێچی و پێشێلکارییەك لە دەرەوەی مەرج و ڕێنماییەکان لەلایەن تیمەکانەوە لەو کۆگا و ساردکەرەوە و کارگەیانە بەرچاو بکەوێت، ئەوە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە و سزا دەبنەوە.

*** وەك دەزانینساڵانە لە بۆنە نەتەوەیی و ئایینییەکاندا کاڵا و شتومەکی خواردن و خواردنەوە لە بازاڕەکان نرخیان بەرز دەبێتەوە، ئایا بۆ ئەو سەری ساڵە چ بەرنامەیەکتان داناوە، تاوەکو نرخ بەرز نەکرێتەوە؟**

- هەر بۆنەیەك کاریگەری لەسەر کاڵا و خواردەمەنیەك دروست دەکات و دەبینین لەلایەن بازاڕ و فرۆشیارەکانیش هەوڵ دەدرێت نرخەکان بەرز بکەنەوە، هەر بۆ نموونە لە بۆنە و جەژنەکانی قوربان و ڕەمەزاندا خواست لەسەر شەربەت و شیرنەمەنی و گۆشت و مریشك زیاد دەکات، لە نەورۆزدا هەوڵی گرانکردنی گۆشت و مریشك و سەوزە و میوە دەدرێت، لە بۆنەی سەری ساڵدا بە هەمان شێوە هەوڵی ئەوە دەرێت کەلوپەلی دیاری و جوانکارییەکان جگە لەخواردن بەرز بکرێتەوە، بەڵام لەو بارەوە ئێمە شارەزایی تەواومان هەیە و پێش هاتنی کاتی جەژن و بۆنەکان خۆمان ئامادە دەکەین و ناهێڵین فرۆشیار بە کەیفی خۆی نرخی کاڵاکان گران بکات. لەلایەکی دیکەوە پێش هەر بۆنە و یادێك چاودێرانی ئێمە زیاد لە پێویست سەردان و بەدواداچوون بۆ مارکێت و فرۆشیار و بازاڕەکان دەکەن و بەپێی ئەزموونی خۆیان ناهێڵن کەلوپەل و کاڵاکان نرخیان بەرز بکرێنەوە و بەرژەوەندیی هاووڵاتیان لە پێش هەموو شتێك لەبەر چاو دەگرین.

*** ژمارەی ئەو ئاشانەی کە ئارد بەرهەم دەهێنن لە شاری هەولێر بۆ بەشە ئازووقەی هاووڵاتیان چەندە و ئاردەکانیان تا چەند گونجاوە بۆ بە نان کردن؟**

- بۆ تەواوی پارێزگای هەولێر ١٣ ئاشمان هەیە کە گەنم دەهاڕن و دەیکەن بەو ئاردەی کە دەبێت ستاندار و زۆر شیاو بێت بۆ کردنە نان. ئاشەکان هەر هەموویان لە بنەڕەتەوە سەر بە بەغدان و ئەو گەنمەی بۆشیان دێت، هەر لە بەغداوە بۆیان دێت و پارەی گەنمەکەش کە دەکرێت بە ئارد هەر بەغدا بە ئاشەکانی دەدات، بەڵام ئەوەی لەسەر ئێمەیە چاودێریکردنیانە و ئەو ئاردەی لەو ئاشانە بەرهەم دێت، دەبێت بەپێز بێت و لە بەر چاوی لیژنە و چاودێرانی ئێمە دەکرێت بە نان، لەو کاتەدا ئینجا ئێمە ڕێگا بە ئاردەکان دەدەین لە ئاشەکان دابەش بکرێن. لێرەدا دڵنیایی بە خەڵکی خۆمان دەدەین کە ئەو گەنمەی دەکرێت بە ئارد و لە پاشان دابەش دەکرێت، لە ڕێگای بیتاقەی ئازووقەوە، جگە لە گەنم هیچ شتێکی دیکەی وەك گەنمەشامی بۆ نموونە لەگەڵ تێکەڵ ناکرێت و ١٠٠٪ باشترین جۆری گەنمە کە زۆر شیاوە بۆ نانکردن. لەلایەکی دیکەوە ئێمە تیممان هەیە بەسەر بریکارەکانی ئازووقە و ئارد دەگەڕێن و جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت سەبەتەی ئازووقەکە بەپێی ئەو جۆر و مواسەفاتەی دانراوە، دابەش بکرێت بەسەر هاووڵاتیاندا و ئاردەکەش بە هەمان شێوە.

**دابەشکردنی سەبەتەی ئازووقە بەسەر هاووڵاتیان کاریگەری زۆر و ڕاستەوخۆی لەسەر کەمبوونەوەی نرخی ئازووقەکان بووە، هەر ئەمساڵ تا ئێستا ١٠ بەشە ئازووقە بە خەڵک دراوە**

**ئێمە شارەزایی تەواومان هەیە و پێش هاتنی کاتی جەژن و بۆنەکان خۆمان ئامادە دەکەین و ناهێڵین فرۆشیار بە کەیفی خۆی نرخی کاڵاکان گران بکات**

**بۆ تەواوی پارێزگای هەولێر ١٣ ئاشمان هەیە کە گەنم دەهاڕن و دەیکەن بەو ئاردەی کە دەبێت ستاندار و زۆر شیاو بێت بۆ کردنە نان**

**ئەو گەنمەی دەکرێت بە ئارد و لە پاشان دابەش دەکرێت، لە ڕێگای بیتاقەی ئازووقەوە، جگە لە گەنم هیچ شتێکی دیکەی لەگەڵ تێکەڵ ناکرێت و ١٠٠٪ باشترین جۆری گەنمە کە زۆر شیاوە بۆ نانکردن**

**لە هاتنی هەر جۆرە خواردن و سەوزە و میوەش لە دەرەوەی هەرێم ئێمە چاودێر و تیممان هەیە بەدواداچوون و چاودێریی چڕی هاتنی بارهەڵگرەکان دەکەن و لە فڕۆکەخانەش هاتن و چوونی هەر کەلوپەلێک پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت، ئاگادارمان دەکەنەوە**

*** ئایا لە بازگەکان و فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر تیم و کارمەندتان هەیە بۆ چاودێریی ئەو کاڵا و کەرەستە خۆراکییانەی دێتە ناو شار و بازاڕ؟**

- ئێمە بۆ هەموو بازگەکان نووسراومان کردووە، بە مەبەستی ئەوەی کە هەموو ئەو بەشە ئازووقەی دابەش دەکرێت، بە هیچ جۆرێك نابێت ببردرێتە دەرەوە، چونکە کاریگەری لەسەر گرانبوونی نرخ کاڵاکان دەبێت، لە هاتنی هەر جۆرە خواردن و سەوزە و میوەش لە دەرەوەی هەرێم ئێمە چاودێر و تیممان هەیە بەدواداچوون و چاودێریی چۆنی هاتنی بارهەڵگرەکان دەکەن و لە فرۆکەخانەش هاتن و چوونی هەر کەلوپەلێك پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت، ئاگادارمان دەکەنەوە و بەپێی پێویست بەدواداچوون دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە ئێمە پەیوەندیمان زۆر باش و بەهێز و بەردەوامە لەگەڵ کۆنترۆڵی جۆری، چونکە نابێت بە قسە، یان بە گومان کار بکەین لەسەر هیچ کاڵایەك، بەڵکو هەموو کەلوپەل و کاڵایەك لەلایەن کۆنترۆڵی جۆری پشکنینی تەواو و زانستی بۆ دەکرێت، ئینجا دەگاتە بازاڕەکان.

*** بۆچی ماوە ماوە نرخی مریشکی کێڵگەکانی ناوخۆ لە بازاڕەکانی شاری هەولێر بەرز دەبنەوە و لەو ئاستە نییە کە خەڵك بتوانێت بیکرێت؟**

- هۆکاری بەرزبوونەوەی نرخی مریشکی کێڵگەکانی ناوخۆ زۆرن، لەوانە گرانبوونی نرخی ئەو جۆرە هێلکانە کە دادەنرێنەوە لە هەڵهێنەرەکان و گرانبوونی عەلەف کە لە بەخێوکردنی مریشك بەکاردێت و گرانبوونی سووتەمەنییەکان کە لە کێڵگەکانی بەخێوکردنی پەلەوەر بەردەوام بەکاردێن، هۆکارێکی دیکە کە کاریگەری زۆری لەسەر گرانبوونی نرخی مریشکی ناوخۆی هەیە، ئەوەیە کە لە کاتێکدا نرخی پێداویستییەکان کە بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر بەکار دێت، گران دەبێت، ئەوە خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەر بەشی زۆریان کێڵگەکانیان بە بەتاڵی دەهێڵنەوە لەوەی کە هەستن بە بەخێوکردن و گەورەکردنی پەلەوەر کە ئەمەش دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ کەمبوونی مریشك لە بازاڕەکان و داواکاریشی زۆر لەسەرە، بۆیە نرخ یەکجار بەرز دەبێتەوە. هەندێك جار ئێمە خاوەن کێڵگەکانی پەلەوەرمان دیتووە ئەو پرسەمان لەگەڵیان تاوتوێ کردووە، لەو کاتەی کە وردەکارییەکان و خەرجییەکان دەخەنەڕوو، دەبینین ناتوانن مریشك تا دەگاتە دوو کیلۆ لە سێ هەزار و پێنج سەد دینار کەمتری بدەن، چونکە زەرەر و زیانێکی زۆریان پێ دەگات. هاوکات گرانبوونی نرخی مریشك هەندێك جار بۆ بڵاوبوونەوەی هەندێ نەخۆشی لە پەلەوەرەکان دەگەڕێتەوە کە وادەکات ژمارەیەکی زۆر لە مریشك و پەلەوەر مردار ببنەوە، لەو کاتەدا ئەوەی دەمێنێتەوە و تەندروستە نرخەکەی

**هەموو کەلوپەل و کاڵایەک لەلایەن کۆنترۆڵی جۆری پشکنینی تەواو و زانستی بۆ دەکرێت، ئینجا دەگاتە بازاڕەکان**



بەرز دەبێتەوە. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە بازرگان و خاوەن کێڵگەکان لە دەرفەت دەگەڕێن، هەر بۆیان ڕەخسا، مریشك و پەلەوەرە دەبنە خوار و ناوەڕاستی عێراق، لەو کاتەشدا دووبارە نرخەکان بەرز دەبنەوە. لە کۆتاییدا داواکارین لە هاووڵاتیان هیچ گۆشتێك نەکڕن کە دڵنیا نەبن لە قەسابخانەکان سەربڕاون. ئەگەر بینیتان لاشەی گۆشتەکان بێ مۆرە لێی دوور بکەونەوە، چونکە ئەوە وەك ئەوە وایە کە مەڕەکە، یان مانگا و گۆلکەکە مردار بووەتەوە، لە پاشان هێناویانەتە دووکانەکان، یان هەر قەساب و کەسێك لەبەر دەرکی دووکانەکانیان مەڕ و گا و مانگا بەبێ پشکنین سەر ببڕن، ئەوە قەدەغەیە و ڕووبەڕووی سزا و لێپێچینەوە دەبنەوە.

**داواکارین لە هاووڵاتیان هیچ گۆشتێک نەکڕن کە دڵنیا نەبن لە قەسابخانەکان سەربڕاون. ئەگەر بینیتان لاشەی گۆشتەکان بێ مۆرە لێی دوور بکەونەوە**

# ئافرەت لە بەرامبەر توندوتیژیی گۆڕانی کەشوهەوادا

لە هەڵمەتی شازدە ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان، زۆرتر ئاماژە بە جۆرە باوەکانی توندوتیژی دەکرێت، بۆیە لە ڕووی ژینگەییشەوە وا چاکە ئاماژە بە جۆرێکی دیکەی توندوتیژی بدەین، کە ئەویش توندوتیژیی گۆڕانی کەشوهەوایە.

ڕۆژانە باس لە ئاسەوار و کاریگەرییە زۆرەکانی گۆڕانی کەشوهەوا دەکرێت، بەڵام کەمتر باس لەو لایەنەی دەکرێت کە پەیوەستە بە زیانەکانی لەسەر توێژی ژنان، جا ئەو زیانانە سرووشتیی بن، یان دەستکردی مرۆڤەکان بن.

ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژ زیاتر ئەوە دەبینرێت کە ژنان زۆرتر زەرەرمەند دەبن بە هۆی کاریگەرییە زۆرەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لە زۆر بواردا، بە هۆی ئەوەی ژنان:

١. زیاتر پشت بە دەرامەتەکانی سرووشت دەبەستن لە کارەکانیاندا.

٢. ژنان زیاتر تووشی نایەکسانی و هەژاربوون و بێکاری دەبن.

٣. لە ناوچە دوورەدەستەکاندا بە زەحمەتتر دەتوانن نان و ئاو و سووتەمەنی دەست بخەن، چونکە بە کەمبوونەوەی دەرامەتەکان لەو شوێنەدا، وا دەکات ژنان بۆ زۆر شوێنی دوورتر بڕۆن، بەمەش تووشی دەستدرێژی و توندوتیژی دەبن.


٤. هەر بە هۆی ئاسەوار و کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەواوە، زۆرێك لە کچانی ئەو ناوچە زیانلێکەوتووانە بە زۆر بە شوو دەدرێن، لەبەر هەژاری و کەمدەرامەتی، چونکە بەپێی توێژینەوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکەوتووە کە دیاردەی هەژاری لە نێو ژناندا زیاتر بووە تا پیاوان.

بۆیە بە هۆی ئەمانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێ کردن و زۆر هۆی دیکەش، هەتا ئەم ساتەش بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی (ئافرەتان لە پێناوی دادپەروەریی کەشوهەوای نێودەوڵەتی) کاریگەریی نەرێنی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا لەسەر ژنان ١٤ ئەوەندەی کاریگەرییەکەیەتی لەسەر پیاوان.

بۆ نموونە: ژمارەی ئەو ئافرەتانەی خنکان بە هۆی سۆنامییەکەی ساڵی ٢٠٠٤ی ئەندۆنیزیاوە، سێ ئەوەندەی ژمارەی پیاوە خنکاوەکان بوون، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ژنان کەمتر فێری مەلەوانی دەکرێن.

هەروەها هەمان ڕاپۆرت ئاماژە بەوەش دەکات کە لە دوای نیشتنەوەی ئاوەکە و تەواوبوونی سۆنامی، گرفتی ئەو کچانە دەست پێ دەکات کە کەسوکاریان لەدەست داوە و، لە ناچاریدا بە زۆر بە شوو دەدرێن، ئەمە جگە لەوەی هەندێکیان دەکەونە بەر توندوتیژی و دەستدرێژیکردنە سەریان.

٥. لە ڕووی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە هێشتا لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا کۆت و بەندی زۆر هەن لە بەردەم پڕۆسەی پەروەردە و فێربوونی



**عەبدولڕەحمان سدیق**
بۆ گوڵانی نووسیوە

کچان و، تەنانەت قەدەغەکردنی خوێندنیش لێیان.

٦. هەرچەندە ژنان زیاتر زەرەرمەندن لە ئاسەوارەکانی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا ڕێژەی بەشداریی ژنان لە هەوڵەکانی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا سنووردار و کەمە، وەك لە ڕاپۆرتێکی سایتی دۆچەڤیلە بە ناونیشانی (ژنان لە ڕووبەڕووبونەوەی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوادا) هاتووە، کە ڕێژەی بەشداریپێکردنی ژنان لە شاندە بەشداربووەکانی گشت وڵاتاندا دەگاتە یەك لەسەر سێی ڕێژەی پیاوان.

هەروەها لە ماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا، لە هەر پێنج شاندا یەك شاند بە سەرۆکایەتی ئافرەت بووە.

لە توێژینەوەی (بەشداریکردنی ژنان لە دانوستانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا)یشدا هاتووە کە: هەرچەندە وڵاتێك کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوای زیاتر لەسەر بوویێت، ژمارەی ژنانی بەشداری ئەو وڵاتە کەمتر بوون لە شاندەکانی دانوستاندنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گۆڕانکاریی ئاو و هەوا، ئەمە لەو کاتەی کە بەپێی خەمڵاندنەکانی (بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە) نزیکەی ٨٠٪ی ئاوارە و پەنابەران بە هۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانکاریی ئاو و هەواوە لە توێژی ژنانن.

چی بکرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانکاریی ئاو و هەوا لەسەر ژنان؟

١. گێڕانەوەی ڕۆڵی ئافرەتان لە بایەخدان بە جوان ماماڵەکردن لەگەڵ پێکهێنەرەکانی ژینگەدا.

٢. سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ئافرەتانی جیهان لە خەباتی ڕێکخراوەیی ژینگەییدا.

٣. پەسەندکردنی یاسا و ڕێنمایی تایبەت بەم بوارە و کارپێکردنیان بۆ پاراستنی ئافرەتان لە توندوتیژیی دەرهاویشتە لە کاریگەرییەکانی گۆڕانکاریی ئاو و هەوا.

٤. دداننان بە بوونی پەیوەندییەکی تەواو لە نێوان توندوتیژی لە ئەنجامی گۆڕانی کەشوهەوا و توندوتیژیی کەلتووری.

٥. تواناداركردنی ژنان لە بواری ئامادەسازی لە بەرانبەر کارەساتە ژینگەییەکاندا.

٦. دابینکردنی هۆکارەکانی خودبژێوی بۆ ئافرەتان لە قۆناغی دوای قەیرانەکانی پەیوەست بە گۆڕانی کەشوهەوا.

٧. هاندانی دامودەزگا فەرمییەکان بۆ لێپێچینەوە لە ئەنجامدەرانی توندوتیژی.

٨. بەردەوامیدان بە هەڵمەتەکانی هۆشیاری بۆ سەلماندنی مافە کەلتووری و ژینگەییەکانی خانمان.

٩. داکۆکیکردن لە خانمانی ژینگەپارێز لە بەرانبەر ئەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

١٠. پێدانی هەلی وەك یەك لە بەشداریکردنی ژنان لە کۆبوونەوەکانی تایبەت بە کاریگەرییەکانی گۆڕانکاریی ئاو و هەوا.

## ڕێبوار سیوەیلی:

# قارەمانی کردەیی و مەیدانییە مێژووییەکە هەمیشە ژنان بوون، نەک پیاوان، بەڵام چونکە ژنان هەمیشە خەباتەکەیان لێ دزراوە، ئەوا پیاو وەک قارەمانی نەتەوە پێناسە کراوە



ڕەوش و پێگەی کچان و ژنانی کوردستان و ئەو چەمکانەی پێناسەی ئافرەت بەگشتی دەکەن، هەروەها هۆکارەکانی جیاکاریی لە نێوان مێینە و نێرینەی کۆمەڵگە و ڕێکارەکانی چارەسەر و چەندین پرسی هاوشێوە، بوونە تەوەری سەرەکیی ئەم دیمانەیە لەگەڵ نووسەر و کەسایەتیی ئەکادیمی ڕێبوار سیوەیلی و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

*** خەریکە چەمکی «ژن» لە کۆنتێستی لۆکاڵی و ناشناڵیزم دەردەهێنرێت و بەرگێکی گلۆباڵی لە ژێر ناوی «فێمنیسم»ی بە بەردا دەکرێت، هەر وەك چۆن پێشتر ئەو بەرگە گلۆباڵییە بە بەری کرێکاراندا کرابوو لە ژێر ناوی «پرۆلیتاریا»دا، ئەمەش بەو مانایەی خەم و ژانەکانی ژنان لە جیهاندا وەك یەکن. ئایا دەکرێت چەمکی «ژن» لە کۆنتێکستە لۆکاڵی و ناشنالیزمییەکەی دەربهێنرێت و لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە ڕاڤە بکرێت؟**

- پێویستە ئێمەی کورد لە چوارچێوەیەکی سرووشتی و فراواندا تەماشای وشەی ژن بکەین و باسی ژنان بکەین. ئەمەش لەبەر ئەوەی لە زمانی ئێمەدا ڕەگی وشەی ژن، ئەوەندە ڕەسەن و ڕەگاژووە، کە ڕاستەوخۆ دەچێتەوە سەر وشەکانی وەك: «ژیان، ژینگە، ژینوار، ژان، زان، زاد و زایەند و...»، هەموو ئەم وشانەش ئەو جیهانبینییە سرووشتییە دەخەنە ڕوو، کە کورد پێش پەیدابوونی ئایینە تاکخوادابییەکان هەیبووە و ئێستە و لەم سەردەمەدا لێی دابڕاوە و پێی نامۆ بووە. بەپێی ئەو جیهانبینییەش ژن و ئەوەی پەیوەندی بە تواناکانیەوە بۆ زانەوە و ژیانەوە و وەچەخستنەوە هەبووە، وەك توانابیەکی پیرۆز تەماشای کراوە و وەك خواوەند پەرستراوە. ئەمە جگە لەوەی کە بە توندی گرێ دراوە بە زمانەوە و زمانی بۆ ئێمە کردووەتە «زمانی دایك».

کەواتە وشەی ژن لە زمانی ئێمەدا چەندین دەلالەتی هەیە، کە گرنگترینیان ئەوەیە پەیوەستی دەکاتەوە

بە ژیان و زانەوە و ژینگە و ژینوارەوە. تەنانەت لە کوردیدا وشەیەك هەیە بۆ هاوسەر بەکار دەهێنرێت و دەگوترێت: «ماڵەکەم»، بەم پێیەش ژن و ماڵ و بگرە ژن و سامانیش پێکەوە گرێ دەخۆن و ئەمانەش پێگەی ژن دەبەنە سەرێ. کەواتە پێشینەیەکی پیرۆز لە وشەکەدا خۆی شاردووەتەوە، ئەمەش بێجگە لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی ژن، کە بە شایەتی زۆرێك لە گەڕیدە و کوردناسان و گەشتیاران، هەروەها بەپێی ئەو بەڵگانەی بۆمان ماونەتەوە، ژنانی کورد لەچاو ژنانی دەوروبەردا پێگەیەکی بەرزتریان لە خێزان و کۆمەڵگەدا هەبووە. مەلامەحموودی بایەزیدییش ئاماژەی بەوە کردووە، کە لە نێو کورددا ئەگەر ژن بکەوێتە نێوان دوو لایەنی کێشەیەکەوە، خاتریان دەگیرێت. لە ڕووی جلوبەرگ و خۆڕازاندنەوەیشەوە پۆشتە و پەرداخ بوون و پەچەیان لەسەر نەبووە و ئازاد بوون و پێشوازییان لە میوانیش کردووە.

بەم پێیەش بێت، ژن هەرگیز لە کۆنتێکستی لۆکاڵی و ناشناڵیزم دەرناهێنرێت بەرەو دونیای گلۆباڵی، چونکە ژن خۆی پێکهێنەرێکی سەرەکیی هەردوو ئەو دونیایەیە و هیچ بەرگێکیشی بە بەردا ناکرێت، چونکە ژن خۆی شوناسێکی سەربەخۆیە و ناچێتە ژێر باری هیچ شوناسێکی لە خۆی بچووکترەوە. فێمینیزم گوزارشە لە دۆخێکی ژنانە و بەسەنتەرکردنی ژن، نەك شوناس بە ژن ببەخشێت، یان گوزارشی لێ بکات. هێندەی ئەوەی لە ناو خەباتی ژنانەوە، فێمینیزم ئاراستەیەك بەیان دەکات، کە بوونی مێینەیی دەخاتە پێش بوونی نێرینەییەوە. هەرکات فێمینیزم لەوە زیاتر بانگەشەی کرد، دەبێتە ئایدیۆلۆژیا و شوناسی ژن کە پێکهاتەییە لە چوارچێوە دەدات.

ئێوە لەوەشدا ڕاست دەکەن، کە بەشێکی زۆری خەم و ژانەکانی ژنان لە جیهان و هەر شوێنێکی دیکەی ئەم ژیانەدا وەکو یەکن و جیاوازییان ئەگەر هەشبێت، زۆر کەمە. بۆ نموونە ژانی منداڵخستنەوە و ژانی جەرگ سووتان و ئازاری جیابوونەوە و لەدەستدانی هاوسەری خۆشەویست و.. ئەمە جگە لەو ژان و ئازارانەی کە چەوساندنەوە کەلتووری و نێرسالاری و کۆمەڵایەتییەکان بەسەر ژناندا دەیانسەپێنن. نابێت ئەو جیاکارییانەشمان لە بیر بچێت، کە لە هەموو جیهاندا لە دژی ژنان، بە ئاشکرا و نادیار جێبەجێ دەکرێن و دەوڵەتان و کۆمەڵگەکانیش لە ئاستیاندا بێدەنگن، وەك: جیاکاریی لە مووچە و دابەشکردنی کار و پێگە و پۆستەکان.

بە بڕوای من کە هەموو ئەمانە لەپێش چاو دەگرێت، ئەمجا دەکرێت بگوترێ بوونی جەوهەری ژنێتی و ژنان لە جیهاندا یەك بوونی هەیە و بوونی ژنانی جیهان جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە و ئەوەی وا دەکات ژنان وەك خاوەنی یەك کێشە تەماشایان بکرێت، مێینەبوونی ئەوانە لە ناو جیهانیکی پیاو و نێرسالاردا. بەڵام ئەگەر بێینە سەر ژنانی نێو هەر کەلتوور و کۆمەڵگەیەك، دەبینین هەر کۆمەڵگە و کەلتوورێك جۆرە شوناسێکی بە ژنان بەخشیوە، لەمەشدا کەلتوورەکان و وردە کەلتوورەکانیش کاریگەریی خۆیانیان هەیە. کەواتە ژنان شوناس و بوونێکی کەلتووری، کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە بەپێی ئەو کەلتوور و کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین. بەمجۆرەش، کاتێك باسی جەوهەری ژنێتی و کێشە جیهانگرەوەکانیان دەکەین، پێویستە ئەو کێشانە باس بکەین، کە ڕوخسارە جیهانیی و گلۆباڵییەکەی ژن ئاشکرا دەکەن، وەلێ کاتێك باس لە چەوسانەوە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەین، پێویستە تایبەتمەندیی ئەو کەلتوور و کۆمەڵگەیە لەبەرچاو بگرین کە بەو جۆرەی هەیە مامەڵە لەگەڵ ژنان و کێشەکەیاندا دەکرێت.

من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم، کە ڕوانگەی کۆمەڵگەیەك، یان ئایدیۆلۆژیایەك کە لە شوێنێکی دیکەی جیهان سەریهەڵداوە، بکەینە پێوەر بۆ سەرنجدان و تێگەیشتن لە کێشەی ژنان و چارەسەرکردنیان لە شوێنەکانی دیکەی جیهان. ئەمە دەمانخاتە بەردەم جۆری لە دووپاتەکردنەوە و کۆپیکردنەوە و ڕاگواستنی کۆمەڵێك بیروڕا کە لە شوێنکی دیکە بەرهەم هاتوون. لە کاتێکدا دەبێت ئێمە بۆ خۆمان ڕوانگەیەکی تایبەت بە خۆمان بەرهەم بهێنین لەسەر کێشەی ژنان لە وڵاتەکەماندا. ئەوەی کێشەی ژنان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا چارەسەر دەکات، هێنانی چارەسەر و پاکێجی ئامادەی وڵاتانی دیکە نییە، بەڵکو بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی چارەسەرن لە دەروونی کۆمەڵگەی خۆماندا بۆ کێشەی ژنان.

*** لەگەڵ ئەوەی ژنان لە هەموو قۆناغەکانی مێژووی نەتەوە بەشێکی تەواوکاری پیاو بووە لە هەموو سەختی و ناخۆشییەکاندا، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەین لە سیاقە نەتەوەیی و ناشناڵییەکەیدا تەنیا باسی قارەمانیەتی پیاو دەکرێت و، ژن وەك بەشێك لە مێژووی نەتەوە سەیر ناکرێت. ئایا لەگەڵ ئەم بۆچوونە هاوڕایت، یان سەرنجێکی دیکەت هەیە؟**

- من لەگەڵ ئەم بۆچوونە تەواو هاوڕام و هەر ئەمەش ڕوخساری دووڕوویی پیاوسالاری و نێرسەنتەریمان پیشان دەدات، کە چۆن لە ژیانی کردەیی و مێژوویدا ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر ئەستۆی ژنان و دایکان، کەچی لە نووسینەوەی ئەو مێژووەدا ڕۆڵی ئەوان بە پەراوێز دەخات! ئەمە فێڵی مێژوویێکە بە دەستی نێرسالاری دەنووسرێتەوە. بەڵام هەر ئەم فێڵەش بەشی یەکەمی پرسیارەکەش دەخاتە ژێر گومانەوە، کە گوایە «ژنان لە هەموو قۆناغەکانی مێژوویی نەتەوە بەشێکی تەواوکاری پیاو بووە لە هەموو سەختی و ناخۆشییەکاندا». لە ڕاستیدا پێ ناچێت ئەمە هەرگیز ڕاست بێت و پێچەوانەکەی ڕاستە. واتە ئەوە پیاوان بوون کە لە مێژوودا هەمیشە مشەخۆربوون بەسەر ڕەنجی ژنانەوە و لە پەراوێزی ڕەنجی ئەواندا پێگەی خۆیانیان

**بەپێی ئەو بەڵگانەی بۆمان ماونەتەوە، ژنانی کورد لەچاو ژنانی دەوروبەردا پێگەیەکی بەرزتریان لە خێزان و کۆمەڵگەدا هەبووە**

**کێشەی ژنان لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا چارەسەر دەکات، هێنانی چارەسەر و پاکێجی ئامادەی وڵاتانی دیکە نییە، بەڵکو بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی چارەسەرن لە دەروونی کۆمەڵگەی خۆماندا بۆ کێشەی ژنان**

**ئەوە پیاوان بوون کە لە مێژوودا هەمیشە مشەخۆربوون بەسەر ڕەنجی ژنانەوە و لە پەراوێزی ڕەنجی ئەواندا پێگەی خۆیانیان بەرز کردووەتەوە، بەبێ ئەوەی بە هەمان ئەندازە زەحمەت بکێشن**

بەرز کردووەتەوە، بەبێ ئەوەی بە هەمان ئەندازە زەحمەت بکێشن. ئاخر چۆن دەبێت زەحمەتەکانی ژن، لە بوارەکانی وەك منداڵبوون، پەروەردە، ماڵڕاگرتن، میوانداری، ئاژەڵداری، ئاوهێنان، ئاودێری، چێشت لێنان، جلشۆرین، ڕستن و چنین، سێکس و ڕازیکردنی مێرد، دروستکردنی بەربانگ و پارشێو و ژەمەکانی دیکەی بۆنەکان، لەگەڵ زەحمەتەکانی پیاو لە بواری جەنگ و کشتوکاڵ و ڕاوکردن و هەندێ پیشەی دەستیدا بەراورد بکەین؟ ئەگەر مێژوو بە وردی بخوێنینەوە و ئەرکەکان لێکتر جیا بکەینەوە، بە ڕوونی دەبینین، ئەوە پیاوە تەواوکەری ئەرکەکانی ژن بووە، نەك بە پێچەوانەوە. کەواتە قارەمانی کردەیی و مەیدانییە مێژووییەکە هەمیشە ژنان بوون، نەك پیاوان، بەڵام چونکە ژنان هەمیشە خەباتەکەیان لێ دزراوە، ئەوە پیاویش وەك قارەمانی نەتەوە پێناسە کراوە.

*** کە باس لە پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا دەکرێت، یەکسەر ئەو وێنایە لەبەرچاومان دووبارە دەبێتەوە کە باسی «کۆیلە و ئاغا»کەی هیگل دەکەی، ئەمەش بەو مانایەی ژن وەك کۆیلەی پیاو وایە و پێویستە لە بەرانبەر پیاودا بڵێت: «نەخێر، نەك بەڵێ»، بەڵام پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا، پەیوەندییەکی دیالیکتیکییە و ناکرێت لێك جیا ببنەوە. ئایا بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە تەندروست و بەردەوام بێت، جێگرەوەی «بەڵێ و نەخێر» دەبێت چی بێت؟**

- من لەو بڕوایەدام خوێندنەوەی پەیوەندیی نێوان ژن و پیاو لەو ڕوانگەیەی کە پەیوەندییەکی ئاغا و کۆیلەیە، خوێندنەوەیەکی گونجاو دەرنەچێت. چونکە کێشەی نێوان ئاغا و کۆیلە کێشەی ددانپێدانانی بەرانبەرە بە یەکتر، لە کاتێکدا کێشەی ژنان و پیاوان کێشەی ڕێزگرتن و تێگەیشتنە لە بوونی یەکتر. ئەوە ڕاستە لە مێژوودا زۆر تیۆری و فەلسەفەمان ناسیوە کە بوونی ژنانی لە پەراوێزی بوونی پیاودا پێناسە کردووە، بەڵام وەك ئێوەش دەڵێن، ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی تەواوکارییە، نەك شتێکی دیکە. پەیوەندییەکیش تەواوکارییانە بێت، پەیوەندییەکی بیناکەرانەیە و پەیوەندییەکی پێویست و ناچاریانەیە بە یەکتر. لەم پەیوەندییەدا پێویستە پیاوان و ژنان دان بە بوونی سەربەخۆی یەکتردا بنێن و بوونێکی هاوبەشی لەسەر بینا بکەن. لێرەشەوە پەیوەندییەکەیان وا دەخوازێت، لەو زمانە دوور بکەونەوە کە پێگەی یەکێکیان دەباتە ژێر پێگەی ئەوی دیکەیانەوە. لە مەسەلەی ژن و پیاودا پێگە نابێت ئەوە بێت شەڕی لەسەر بکرێت، چونکە هەرکەیان پێگەی تایبەت بە خۆیانیان هەیە. ژنبوون پێگەیە و پیاوبوونیش پێگەیە. ئەوەی پێویستە شەڕی بۆ بکرێت، ئەو داهاتووەیە کە هەردووکیان بۆی تێدەکۆشن و لەوێدا ئەو ئامانجانە دەپێکن، کە پێکەوە کاری بۆ دەکەن. شەڕەکەش لە نێوان بەڵێ و نەخێردا نییە، بەڵکو بۆ یەکخستنی بەڵێیەکان و دووبارەکردنەوەی نەخێرەکانە بە هەمان ئامانج. لێرەشەوە، وشەکانی وەك گوێگرتن، تێگەیشتن، هێنانەپێشچاو، هێنانەدی چاوەڕوانییەکانی یەکتر، زۆر گرنگترن وەك لە سەرخستنی نەخێرەکان لە ئاست یەکتردا و بە زۆر بەڵێ گوتنەکان بە یەکتر.

*** وەك ئەوەی «ژنبوون» تاوان بێت، کاتێك ژنان دێنە ناو کایەکانی کارکردن لە کۆمەڵگە، کۆمەڵێك ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت، گەلێك جار تووشی گێچەڵی سێکسی و هەراسانکراو دەبن، ئەمەش وەك ئەوەیە ژن تەنیا کاڵایەکی سێکسی بێت بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووی پیاوان، ئایا ئەو نەریتە ڕەگ داکوتراوەی ناو کۆمەڵگە چییە کە «ژنبوون» وەك تاوان سەیر دەکرێت؟**

- بە بڕوای من نابێت سێکس وەك چالاکییەکی هاوبەش لە نێوان ژنان و پیاواندا بکرێتە قەدەغەیەك و ببەسترێت بە گێچەڵی سێکسییەوە. گێچەڵی سێکسی نیشانەی بیمارییەکی لەمێژینەی شاراوەیە و دەکرێت ژنانیش گێچەڵی سێکسی بکەن. بەڵام سێکس چالاکییەکی نێوان ژنان و پیاوانە و بەهەر مەبەستێك بێت، هەردووکیان تێیدا بەشدارن. بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت دەبێت بڵێم، ئەو دیاردەیە پەیوەندیی هەیە بە کەلێنێکی قووڵ و درزێکی گەورەی پیاوبوونەوە. پیاو کاتێك هەست بە لاوازیی خۆی دەکات، کاتێك ناتوانێت بە شێوەیەکی سرووشتی پەیوەندیی بە ژنەوە بکات، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلین و درزانەی پەنا بۆ ئەو هێرشانە دەبات و بە هۆی فریودان، هێرشی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ناچارکردن و جۆرەکانی دیکەی توندوتیژیی سیمبوولییەوە، هێرش دەکاتە سەر ژنان. ئەمەش پەیوەندیی بە گرێی کۆنتری کەسایەتی و شێوازگرتنی کەسێتی نێرینەییەوە هەیە،لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندیی بەو ڕوانگە کەلتوورییەوە هەیە کە کۆمەڵگە دەیداتە پیاوان بۆ ئەوەی لێوەی تەماشای ژنان بکەن، کە بێگومان ئەو ڕوانگەیەش شەرعییەت دادەتە ئەو ڕەفتارانەی پیاوان.

هەموو ئەو کەلتوورانەی ناتوانن کار لەسەر ناسینەوەی ژن، یان کەسایەتیی مێینە بکەن و تێگەیشتنیان لە ئاست بوونی ژنێتیدا لاوازە، پێگەی نێرینەیی خۆیان دەکەنە پێوەر بۆ شکاندنەوەی پێگەی ژن. واتە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر نەبوونی هوشیاری و ئاگایی بەرانبەر بە مرۆڤبوونی ژن. لێرەوە ئەمجۆرە کەسانە بە ئاسانی دەتوانن بەو جۆرە تەماشای ژن بکەن، کە هەڕەشەیەکە بەسەریانەوە و ئیتر بۆ چەسپاندنی ئەم گریمانە هەڵەیە، پەنا بۆ جۆرەها شێوەی پاساوهێنانەوە و سەرخستنی ڕوانگەکەیان دەبەن. بێگومان لەمەشدا کەلتووری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی یارمەتیدەری پیاون، کە چاونەترسانە ئەم کارە بکات.

*** ئەگەر سەیری ڕێژەی قوتابییانی کچ بکەیت لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن (بە قۆناغی خوێندنی باڵاشەوە)، دەبینین ژمارەی قوتابییانی کچ لە کوڕان زیاتر نەبن، کەمتر نین، بەڵام لە بواری کاری حکوومی**

**هەموو ئەو کەلتوورانەی ناتوانن کار لەسەر ناسینەوەی ژن، یان کەسایەتیی مێینە بکەن و تێگەیشتنیان لە ئاست بوونی ژنێتیدا لاوازە، پێگەی نێرینەیی خۆیان دەکەنە پێوەر بۆ شکاندنەوەی پێگەی ژن**

**ئەوە پیاوان نین دەستنیشانی توانای عەقڵیی ژنان دەکەن، بەڵکو ئەوە بوونی ژن خۆیەتی وەک بوونێکی هۆشمەند ئەو پێگەیەی دەداتێ**

**حکومەت هیچ ناچار نییە لە پێگەبەخشین بە ژنان و کچان هەمان پێوەرە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بەرهەم بهێنێتەوە، کە بەرژەوەندیی نێرسالاری و ئایینسالاری و سیاسەتسالاری دەپارێزن**

**و سیاسی و بازاڕدا، دەبینین ئەو دەرفەتەی بۆ کوڕان و پیاوان فەراهەم دەبن، بۆ کچان و ژنان فەراهەم نابن، هەروەها لەسەر ئاستی کاری ئەکادیمی و زانکۆکانیشدا هیندەی پۆستەکان بەر پیاوان دەکەون، هێندە بەر ژنان ناکەون. ئایا وەك ئەکادیمییەك چۆن سەیری ئەم پرسە دەکەیت و ئایا پێتوایە توانای ئەقڵی ژنان لە پیاوان کەمترە؟**

- ئەم پرسیارە لە بواری زانستە مرۆییەکاندا لەمێژە بەهای خۆی لە دەست داوە، چونکە ئەوە پیاوان نین دەستنیشانی توانای عەقڵیی ژنان دەکەن، بەڵکو ئەوە بوونی ژن خۆیەتی وەك بوونێکی هۆشمەند ئەو پێگەیەی دەداتێ. پاشان خوێندن و بڕوانامە و ڕێژە و ژمارەی کچان و ژنان لە قۆناغەکانی خوێندندا دەستنیشانی توانایی ژنان و کچان ناکات، بەڵکو دەبوو حکومەت پێوەری دیکەی هەبایە بۆ هەڵسەنگاندنی توانای کچان و ژنان. کێشەکە ئەوەیە حکومەتیش ئەو جیاکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانەی کۆمەڵگە سەپاندوونی، بە هەند دەگرێت و بگرە پەیڕەوییان لێ دەکات، نەك پێوەری دیکەی کردەیی و تیۆری لە دەرەوەی کۆمەڵگە بگرێتە بەر. حکومەت هیچ ناچار نییە لە پێگەبەخشین بە ژنان و کچان هەمان پێوەرە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان بەرهەم بهێنێتەوە، کە بەرژەوەندیی نێرسالاری و ئایینسالاری و سیاسەتسالاری دەپارێزن. ئەو ترسەی پیاو لە بڕیارەکانی حکومەتیشدا ڕەنگی داوەتەوە و دەبینین کە چۆن نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان دزە دەکەنە نێو پێگە ئیداری و حکوومییەکانیشەوە و خۆیان بەرهەم دەهێننەوە. بۆیە بە بۆچوونی من ئەم دیاردەیە یەکێکە لە دزیوترین دیاردەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێمە، لە کاتێکدا بینیمان لە کاتی قەیرانی شەڕەکانی نێوخۆ، لە کاتی ئاوارەبوون و شۆڕشەکانی ئازادیخوازی و بگرە لە کاتی کۆڕۆناشدا، چۆن ژنان بوونە هێزی ڕزگارکەر و خۆڕاگری کۆمەڵگە. تەنانەت لە شوێنێك خوێندمەوە، لە کاتی قەیرانی کۆڕۆنادا ئەو دەوڵەتانەی سەرۆکەکانیان ژن بوون، خۆیان زۆر ئاسانتر لە قەیرانەکە ڕزگار کرد. کەواتە ئەوە حکومەتە دەبێت نەهێڵێت لە میانەی ئۆرگان و دائیرەکانیەوە کەلتوورە خراپە کۆمەڵایەتییەکە دزە بکاتە نێویەوە و نایەکسانییەکان بەرهەم بهێنرێنەوە.

*** ئەگەر چەمکی ژنی کورد لە چوارچێوە لۆکاڵی و ناشناڵییەکەی پێناسە بکەین، ئایا دەبێت چۆن وەبەرهێنان لە کچاندا بکەین، بۆ ئەوەی ژنانی داوارۆژی کوردستان لێهاتوو بن و شان بەشانی پیاو هەموو ئەرکەکان ڕاپەڕێنن؟**

- من بڕوام بەوە نییە هەمیشە کاتێك قسە لەسەر کچان و ژنان دەکەین، ئەم «شانبەشانی پیاوە»ی بخەینە پاڵ. بەڵکو دەبێت ژنان و کچانی ئێمە لەم شانبەشانبوونە ڕزگار بکرێن و لە سەربەخۆیی و ئازادیی خۆیاندا ئەرکیان پێ بسپێردرێت. هەتا ئەو ئازادییە نەبێتە کەلتووری باوی کۆمەڵگەکەمان، ژنان و کچان هەر لەژێر سێبەری پیاوسالاری و بەهانەکانیدا دەمێننەوە و سوود لە تواناییەکانیان وەرناگرین.

بە بڕوای من پێویستە سەرەتا کچانی خۆمان بە ڕابردووی کەلتوور و شوناسی ژنانەیی کوردستان لە کۆن و نوێدا ئاشت بکەینەوە. ئەو ڕابردووە هێزێکی زۆر بە کچانی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان دەبەخشێت، بۆ ئەوەی شوناسی خۆیان بدۆزنەوە و متمانەیان بۆ بگەڕێتەوە. زانینی مێژووی ژنێتی لە کوردستاندا بۆ ئەوە نییە، مێژوو دووبارە بکەینەوە، بەڵکو بۆ ئەوەیە جیاوازییەکان بزانین و بیانپارێزین. بەداخەوە ئێمەی کورد بەگشتی و کچانی ئێمە بەتایبەتی بە هۆی تەکنەلۆژیای مۆدێرن و بازاڕی کۆسماتیك و دروستبوونی کۆمەڵگە و کەلتوورێکی نمایشییەوە، لە ڕابردووی مێژوویی ژنانی کوردستان دابڕاون و پێی نامۆ بوون. ئەمە بۆ کوڕانی ئێمەش هەر ڕاستە و هیچ جیاکارییەك ناکەم. بۆیە هەنگاوەکانیشیان بە ڕێیەکدا دەڕۆن کە بناغەیەکی پتەویان نییە و ئەوەش کاریگەریی لەسەر شوناسی ئەوان زۆرە.

لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە بەڕاستی ئێمە لە کۆمەڵگەدا چیمان لە کچانی خۆمان دەوێت؟ ئەو بەهایانە چین کە پێویستە کچانی ئێمە لە دەوریان کۆ بکەینەوە؟ پلانی حکومەت چییە و نەخشەڕێی چۆنە بۆ سوودوەرگرتن لە توانایی کچانی ئێمە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە، کاتێك ئاوا تەماشای کچانی کۆمەڵگەی خۆمان لەم دۆخی تۆڕە کۆمەڵایەتییەدا دەکەین، وا دەزانین کچانی ئێمە تەنیا خەریکی سناپچات و بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتین، ئەمەش ڕاست نییە و کچانی ئێمە زیاتر لە کوڕانمان بەکاربەری ئەم تۆڕە نین. ئەوەی کە ئەو بڕوایەی بۆ ئێمە دروست کردووە، ئەفسانەیەکی دیکەی نێرسالارییە بۆ ئەوەی هێرشێکی دیکە لە دژی ژنان و کچان بەرپار بکات. ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ دابەزینی ئاستی خوێندەواری و بەهێزبوونی ڕەوتە توندڕەوەکان. بەڵام واقیعی کچانی کوردستان، وێڕای مانەوەی گوشارە نێرسالارییەکانیش لەسەریان؛ شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت: ئەمڕۆ لە هەر کات زیاتر کچاکی ئێمە بەشداری کاری دەرەوەی ماڵن و لە ئاستی بەڕێوەبەری پڕۆژەی تایبەت و بچووك، کارامەیی خۆیانیان سەلماندووە. هەروەها ئەوانەش کە لە کەرتی تایبەتی کار دەکەن، شوێندەستی پرۆفێشناڵانەیان دیارە. لە بواری پیشەی دەستی و بازاڕیشدا ساڵانە کچانی ئێمە داهێنانی گەورەیان کردووە. لایەنی ڕۆحیی و کاری ئەدەبیی و هونەری پڕ بووە لە کاریگەریی کچان و ئەوەش هەموو ئەو دەرفەتانەن خراونەتە بەردەمیان. کەواتە هەر ئەو شوێنەی ئەوان بەمجۆرە خۆیانیان تێدا نمایش کردووە، هەر ئەو شوێنانەشن کە دەبێت سەرمایەگوزاری و وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت. ئەمەش دەکەوێتە سەر حکومەت کە چۆن سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت.

**ئەو ترسەی پیاو لە بڕیارەکانی حکومەتیشدا ڕەنگی داوەتەوە و دەبینین کە چۆن نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان دزە دەکەنە نێو پێگە ئیداری و حکوومییەکانیشەوە و خۆیان بەرهەم دەهێننەوە**

**لە شوێنێک خوێندمەوە، لە کاتی قەیرانی کۆڕۆنادا ئەو دەوڵەتانەی سەرۆکەکانیان ژن بوون، خۆیان زۆر ئاسانتر لە قەیرانەکە ڕزگار کرد**

**پێویستە سەرەتا کچانی خۆمان بە ڕابردووی کەلتوور و شوناسی ژنانەیی کوردستان لە کۆن و نوێدا ئاشت بکەینەوە. ئەو ڕابردووە هێزێکی زۆر بە کچانی ئەمڕۆی وڵاتەکەمان دەبەخشێت، بۆ ئەوەی شوناسی خۆیان بدۆزنەوە و متمانەیان بۆ بگەڕێتەوە**

# گرنگیی لێبوردەیی لە ناوخێزاندا

بێگومان هەر خێزانێك ڕوحی لێبوردەیی هەبێت ئەوە خێزانێکی سەرکەوتوو وبەختەوەر دەبێت. دەبێ لێبورن بەردەوام لەسەر زاری تاکی خێزان بێت، ئەگەر وانەبێت، بێگومان ئەو ماڵە دەبێتە دۆزەخێکی ڕاستەقینە لەسەر زەوی .

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: «وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ»-الروم: ٢١.

واتە: یەکێك لە نیشانەکانمان (گەورەییمان) ئەوە هەر لە جینی خۆتان و لە ڕەگەزی خۆتان و هاوشێوەی خۆتان (مرۆڤ)مان دروست کردووە و کردوومانە بە هاوسەر و هاوژین بۆتان بۆ ئەوەی ئاسوودەیی لێ ببینن، ئینجا لێبوردن و بەزەیمان لە نێوانتاندا داناوە، ئەمەش نیشانە و بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوانەی تێدەفکرن.

**بێگومان هەر خێزانێک ڕوحی لێبوردەیی هەبێت، ئەوە خێزانێکی سەرکەوتوو وبەختەوەر دەبێت**

هەرکات ئاژاوە لە نێوان دوو هاوسەر (ژن و مێرد) دروست بوو، ئەوە بەم چەند خاڵەی خوارەوە دەتوانین کێشەکەیان چارەسەر بکەین:

١- نابێ چاکەکانی نێوانتان لەبیر بچێتەوە: «وَأَن تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۚ وَلَا تَنسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ». البقرة/٢٣٧

واتە: لەو کاتەی کە جیابوونەوە (الطلاق) کەوتە نێوانتان، خودای گەورە فەرموویەتی، ئەگەر لایەنی لەسەر حەق بەرانبەری عەفو بکات، ئەوە لە تەقوایی نزیکە.

**دەبێ لێبورن بەردەوام لەسەر زاری تاکی خێزان بێت، ئەگەر وانەبێت، بێگومان ئەو ماڵە دەبێتە دۆزەخێکی ڕاستەقینە لەسەر زەوی**


٢- هەر کاتێك کێشە لە نێوان ژن و مێردێك دروست بوو، خودای گەورە بەم شێوەیە داوای چارەسەریمان لێ دەکات: «وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا» سورة النساء (٣٥) واتە: هەر کاتێك مەترسیی جیابوونەوە و لێکترازانتان بینی لە نێوان دوو هاوسەر، ئەوە ناوبژیوانێك لە لایەن مێردەکە و ناوبژیوانێکیش لە لایەن ژنەکەوە بانگ بکەن و بیاننێرن بۆ ئاشتەوایی و ناوبژیوانییان، ئەگەر مەبەستیان ئاشتبوونەوە بوو (هەردوو ناوبژیوان و هەردوو هاوسەرەکە)، ئەوە خودای باڵادەست سەرکەوتوویان دەکات لەو ئاشتەواییە، خودای گەورە زانا و دانایە بە هەموو شتێك .

٣- هەر کاتێك چوونە ئاشتەوایی نێوان دوو هاوسەر، لە پیاوەکە بپرسن: ژنەکەت چەند کار و ڕەوشتی جوانی هەیە؟

بێگومان کۆمەڵێك سیفاتی جوانی ژنەکەی باس دەکات. دواتر لە ژنەکە بپرسن: مێردەکەت چەند سیفاتی جوانی هەیە؟ بێگومان ئەویش کۆمەڵێك سیفاتی جوانی مێردەکەی باس دەکات.

ئینجا لەم ڕێگایەوە دەتوانی باسی چاکەی نێوانیان بکەیت و کێشەکان بچووك بکەیتەوە و پرۆسەی ئاشبوونەوە زۆر ئاسان دەبێت .

٤- باسی کۆمەڵێك نموونەیان بۆ بکەن، لەو ژن و مێردانەی بەردەوام کێشەیان هەبووە و دواتر جیا بوونەتەوە، ژنە بێوەژن ماوە، یان شووی بە کەسێکی پیر و پەککەوتە



**مەلا رەعد نووری ئۆمەربلی**

**بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە دیوان وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی**

کردووە، یان کێشەی زۆری بۆ دروست بووە. بەپیاوەکەش بگوترێت، ئەوانەی بەردەوام بوون لە کێشە و گرفت و ئاژاوەی ماڵ و خێزانی و دواتر لێك جیا بوونەتەوە، ئەنجا پیاوەکە یان بێ ژن ماوەتەوە، یان بێوەژنێکی هێناوە، یان ژنەکەی ناتەواوە و هیتر .لە هەموویشی خراپتر باسی داهاتووی منداڵەکان بکەن، کە دوای جیابوونەوەیان چییان بەسەر دێت.

٥. کۆمەڵێك نموونەی سەرکەوتوو بێننەوە بۆیان، هەر لە ژیاننامەی پێغەمبەران و هاوەڵانیان و پیاوچاکان و باب و باپیرانمان.

٦- دەبێ ژن و پیاو لەوە تێبگەن کە جلوبەرگ و پۆشاکن بۆ یەکتری، هەروەکو خودای گەورە فەرموویەتی:«هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ» سورة (البقرة: ١٨٧)

واتە: ئەوان (ژنەکانتان) پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان.

دەگێڕنەوە ژن ومێردێکی چاك هەبوون، هیچ کات کێشە و دەمەدەمێیان نەبووە، کەسێك گوێی لێ نەبووە، بڵێن فلان ژن ومێرد بە شەڕ هاتوون، بەڵام کوردەواری گوتەنی، خۆ شەیتان نەبەستراوەتەوە. ڕۆژێکیان کێشەیان کەوتە نێوان، کەسیش بە کێشەکانیانی نەزانیوە، تاکو ئاشتیان بکاتەوە. پیاوەکە زۆر تووڕە بوو، چووە دیوەخان و دەرگای لەسەرخۆی داخست. چەند جار ژنە لە دەرگای دا و داوای لێبوردنی لە پیاوەکەی کرد، بەڵام پیاوەکە لە کەللە ڕەقیی خۆی نەهاتە خوارەوە. ژنە بە ناچاری دەستنوێژی هەڵگرت و چووە ژووری نووستن و دەستی کرد بە نوێژ و پاڕانەوە، بە نیمچە دەنگی بەرزەوە دوعای دەکرد و دەیگوت: «خودایە خدری زندەم بۆ زیندوو بکەیت و دڵی پیاوەکەم ڕازی بکات، جارێکی دی تووڕەی ناکەم، تەوبەی نەسوح بێ»، پیاوەکەش هەر چەندە خۆی وەردەگێڕا لە لای ڕاست بۆ چەپ و لە لای چەپ بۆ ڕاست، بەڵام خەوی لێ نەدەکەوت. لە دەڵاقەی نێوان هەر دوو ژوورەکە گوێبیستی نزا و دوعای ژنەکەی بوو، بە هەلی زانی و هەستا و چوو بە قایمی خۆی بە دەرگای ژووری نووستندا کێشا و گوتی: «ئەی نەبیی خزر کە تۆ هاتی، من دەڕۆمە ژوورەوە، پێویست ناکات پاڵم پێوە بنێیت». ئەوە وەکو ئەوە وایە کە پێغەمبەر، یان پیاوچاك خدر زیندوو بوویێتەوە و بۆ ئاشتەوایی نێوانیان هاتبێت .

دەبێت هەموو ژن و مێردێك لەوە حاڵی بن کاتێك کێشەیان دەکەوێتە بەین و ناتوانن بە سەریدا زاڵ بن، دەبێ بزانن کە شەیتان بە سەریاندا زاڵ بووە.

پیاو دەبێ بەردەوام بۆ خێزان و منداڵ و خانەوادەکەی باشترینەکان هەڵبژێرێت. پێغەمبەرمان (صلىٰ الله عليه وسلم) دەفەرموێت: خيركم خيركم لأهله، وأنا خيركم لأهلي» واتە: باشترینتان ئەو کەسەیە کە باشترینە بۆ ئەهلەکەی، و من باشترینتانم بۆ ئەهلەکەم. ئەهلەکە کێن؟ ژنەکەی و دایکی و باوکی و منداڵەکانی، لەگەڵ ئەمانە چاك و باش بن. ئەولاترە تاکو لەگەڵ بێگانە.

**هەر کاتێک مەترسیی جیابوونەوە و لێکترازانتان بینی لە نێوان دوو هاوسەر، ئەوە ناوبژیوانێک لە لایەن مێردەکە و ناوبژیوانێکیش لە لایەن ژنەکەوە بانگ بکەن و بیانهێنن بۆ ئاشتەوایی و ناوبژیوانییان**

**دەبێت هەموو ژن و مێردێک لەوە حاڵی بن کاتێک کێشەیان دەکەوێتە بەین و ناتوانن بە سەریدا زاڵ بن، دەبێ بزانن کە شەیتان بە سەریاندا زاڵ بووە**

بڕیار شێخ لەتیف مەردۆخی:

# خەڵک دەڵێن لەسەر پێی خۆم وەستاوم، بەڵام من لەسەر دەستی خۆم وەستاوم و کارم کردووە و نەمهێشتووە موحتاجی دەستی کەس بم

**کەم نین ئەو گەنجە چالاك و بوێرانەی کە دەستەویەخەی ڕۆژە سەختەکان بوونەتەوە و بە هەوڵ و کۆششی بەردەوام خۆیان پێگەیاندووە، دیارە گەیشتن بە ئامانج کۆڵنەدانی گەرەکە، بەڵام ئەگەر کەسەکە کەسێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە پێویستی بە دوو سێ هێندە وزە و توانا هەیە، خۆشبەختانە گەنجانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بە حوکمی گەشبینییان بە ژیان، ئەوان ئەمڕۆیان لە دوێنێ جوانتر و پڕ ئومێدترە. بڕیار شێخ لەتیف مەردۆخی یەکێکە لەو کەسانە و لەم دیمانەیەدا باسی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی



بڕیار شێخ لەتیف مەردۆخی یاریزانی یاری باسکەیە و خاوەنی چوار مەدالیایە، لە ١٩٩١/٨/٢٧ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، وەك خۆی باسی دەکات کاتێك لە دایك بووە» کیسی ئاو لەسەر پشتیدا بووە، دوای ئەوەی بە نەشتەرگەری کیسەکە لادەبرێت بەم هۆیەوە قاچەکانی لە دەست دەدات. ژیانی منداڵی و چۆنیەتی خوێندنیشی بێ ئاریشە نەبووە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێتك «هەر بە منداڵی دوای نەشتەرگەرییەکی پشتم قاچەکانم لە دەست دا. تا دووی سەرەتاییم خوێند و بە هۆی گاڵتەپێکردنم وازم لە خوێندن هێنا، دواتر لە ساڵی ٢٠١١ دووبارە چوومەوە بەر خوێندن و لە خوێندنی خێرا تا پۆلی دووی ناوەندیم خوێند، بەڵام دووبارە وازم لە خوێندن هێنا، چونکە قوتابخانەکە بۆ من گونجاو نەبوو. بەڕاستی ژیانی منداڵیم زۆر ناخۆش بووە، چونکە بەردەوام لە نەخۆشخانە داخڵ دەکرام. بەڵام ئێستا سوپاس بۆ خوا ئاستی کۆمەڵایەتم لەگەڵ ماڵەوە و چوار دەورەکەم زۆر باشە و هەموو کاتیش خۆم بە قەرزداری دایکم دەزانم، چونکە زۆر هاوکارم بووە، تا بەم تەمەنەی ئێستام گەیشتووم. لە خوای گەورە داوا دەکەم، لە تەمەنی من کەم بکات و بیخاتە سەر تەمەنی دایکم. هیوادارم بتوانم قەربووی مەینەتییەکانی بکەمەوە».

بڕیار شێخ لەتیف لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چۆن بە سەر ئاریشە و کۆسپەکانی بەردەمتدا زاڵ بوویت؟ گوتی: «سەرەتا بڕیارم دا، گۆشەگیر نەبم و بە پێویستم زانی خۆم تێکەڵاوی کۆمەڵگە بکەم. کار و وەرزشیش بکەم. لە ساڵی ٢٠١١ چوومە ناو یانەی وەرزشیی ڕۆژ و دەستم کرد بە یاریی باسکە، تا ئێستاش بەردەوامم خاوەنی چوار مەدالیام. سەبارەت بە کارکردنیشم، ساڵی ٢٠١٣ چوومە لای برای خۆم و فێری کاری واشەر بڕینی کردم. دوای ماوەی دوو ساڵ دووکانی خۆم دانا. هەموو کار ڕۆژانەم هەر خۆم ئەنجامی دەدەم و، بە ئۆتۆمبێلی خۆم پێداویستیی ماڵەوەش دابین دەکەم. شوکر بۆ خوای گەورە توانیومە بە سەر هەموو کێشە و گرفتەکاندا زاڵ بم. خەڵك دەڵێن لەسەر پێی خۆم وەستاوم، منیش دەڵێم لەسەر دەستی خۆم وەستاوم و کارم کردووە و نەمهێشتووە موحتاجی دەستی کەس بم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە وەکو گەنجێك ئاواتت

**تا دووی سەرەتاییم خوێند و بەهۆی گاڵتەپێکردنم وازم لە خوێندن هێنا**

**ژیانی منداڵیم زۆر ناخۆش بووە، چونکە بەردەوام لە نەخۆشخانە داخڵ دەکرام**

بۆ ژیانی داهاتووت چییە؟ گوتی: «هەموو گەنجێك بەشی خۆی ئاواتی هەیە. ئاواتی منیش ئەوەیە تا لە ژیان مابم، موحتاجی دەستی کەس نەبم».

دواپرسیاری گوڵان ئەوە بوو: ئایا کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت تا چەند لەلایەن کۆمەڵگە و دەسەڵاتەوە ئاوڕیان لێ دراوەتەوە؟

بڕیار شێخ لەتیف لە وەڵامدا گوتی: «بەداخەوە ئێمەی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە لایەن کۆمەڵگە دەسەڵاتیشەوە زۆر پشتگوێ خراوین. ئەو ڕۆژەی بە حیساب ڕۆژی جیهانیی ئێمەیە، تەنیا بە یەك دوو چالاکی، یان ئێوارەخوانێك کۆمەڵێك قسەی بریقەدار دەکەن، کەچی ئێمەی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە بچووکترین خزمەتگوزاری لە ناو کوردستان بێبەش کراوین. ئەوەی هەیە، تەنیا ١٥٠ هەزار دیناری مووچەی مانگانەیە، ئەویش زۆر خاوەن پێداویستیی تایبەت هەن کە بەشیان ناکات. من سوپاس بۆ خوای گەورە، لەچاو زۆر کەس باشم، هەیە توانای هیچی نییە».



**هەموو کاتیش خۆم بە قەرزداری دایکم دەزانم، چونکە زۆر هاوکارم بووە، تا بەم تەمەنەی ئێستام گەیشتووم**

# لۆڤەر جمەی دێت

(١)

**ڕۆژی ٣ی سەرماوەز/٢٧٢٢ی کوردی، ڕۆستەم ئاغالەی نیگارکێش و دامەزرێنەری گەلەریی ئاغالە، لە فەیسبووکی خۆیدا، بەدەم کۆمەڵێك وێنەی جوانەوە کە لە مۆزەخانەی لۆڤەردا گرتوونی، گوتی «مۆزەخانەی لۆڤەر لە پاریس جمەی دێ، مۆزەخانەی ئێمەش لە کوردستان چۆڵ.» ئەم پرسیارە زۆر ڕەوایە، بارتەقای ئەو ڕەواییەش شرۆڤە و شی کردنەوەی دەوێت. بەر لەوەی لەو بارەیەوە قسەی خۆم بکەم، پێم خۆشە چەند کۆمێنتێك بخەمە ڕوو، کە هەر بەدەم پۆستەکەی ئاغالەوە نووسرا بوون:**

**ئا/ تاریق کارێزی**

جەوهەر جەلال دەڵێت «من و هاوسەرم چووین بۆ مۆزەخانەی سلێمانی، بە کارمەندێکم گوت ئەرك نەبێت، بێیت هەندێك زانیاریمان بدەیتێ و بەشەکانیمان پیشان بدەیت. گوتی ئێوە بڕۆن وا دێم. جگە لەوەی تاك و تەنیا لە ناو مۆزەخانەکە سەرگەمی سەیر کردن و خوێندنەوەی نووسراوەکان بووین، کاکی کارمەند هەر نەهات و نەهات.» ڕەنجی حەیدەر جووکل پێی وایە «کاکە ئێمەش حەز دەکەین ئەوها جمەی بێت، بەڵام کێشەکانی ئێمە هەندە زۆرن، نەك بیر لە کولتوور و هونەر ناکەینەوە، تاقەتی ژیانمان نەماوە، دەنا کورد مرۆڤی هونەر دۆستە ئەگەر لێگەڕێن، ئێمەش زۆر حەزمان دەکرد.» جەبار سابیر قادر گوتی «لای خۆمانیش چێشتخانەکان جمەیان دێت. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە دەرمانخانەکانیش جمەیان دێت.»



هیوا ساڵح دەڵێت «مایەی بەراورد نییە ئاغالە گیان، وەك هەموو شتێكی دیكەمان.» نیڤەل نالی دەڵێت «لەبەر ئەوەی ئەو میللەتانە لە منداڵییەوە، لە باخچەی منداڵانەوە، لە قۆناغە جیاجیاكاندا دەستە دەستە و گرووپ گرووپ بۆ سەیر كردن و نیشاندانی مۆزەخانەكانیان دەبردرێن، بۆیە (ئەو نەریتە) دەبێتە بەشێك لە حەز و ویستیان.» بێژان محەمەد بە هەستێكی تەژی لە تووڕەییەوە دەڵێت «كورد حەزی لە مۆزەخانە و مێژوو. نییە، تا كەڵك و چێژی لێ وەربگرێت، حەزی لە چێشتخانە و كافێیە.»

**هەڵوەستەیەك**


كۆمێنتی هەموو ئەو بەڕێزانەی دەرهەق بە پۆستەكەی هونەرمەند ڕۆستەم ئاغالە گوتیان، ڕاستییەكی ڕێژەیی دەنوێنن، بەڵام ڕاستییەكی مەزن هەیە ئێمە هەوڵ دەدەین لە ڕێی ئەم وتارەوە بیخەینە ڕوو. بەر لەوەی بڕیار دەرهەق بە هەر كار و ڕواڵەتێكی ژیان بدەین، زانیاری و شرۆڤە و ڕوون كردنەوەی ورد و زانستی و بابەتیانە پێویستە. بەدەر لەوە، هەر قسەیەكی بیكەین، بەشێكی ڕاستی دەخاتە ڕوو، بەشە زۆرەكەی ڕاستی پەنهان دەمێنێتەوە. پۆستەكە لە بارەی لۆڤەرە و لەگەڵ مۆزەخانەی وڵاتی كوردستاندا بەراورد كراوە. بنەمای ئەم بەراوردە زۆر لە یەكدییەوە دوورە، دەكرێت بڵێین سەنگەلا و نادروستە. بۆ ئەوەی ڕوونی بكەینەوە، كارەكە وەك ئەوە وایە بە سەرسوڕمانەوە بڵێین، كورد لە نەورۆزدا لەو هەموو جۆش و خرۆشەدایە، كەچی نەورۆزی پاریس كش و مات تێپەڕ دەبێت! دە ئاخر ئەم بەراوردەش لاسەنگ و نادروستە. خەڵكی پاریس فریان بەسەر نەورۆزەوە نییە، بەشێك نییە لە میرات و كولتووری ئەوان، ئیدی لە پای چی یادی بكەنەوە و ئاهەنگی بۆ بگێڕن. بە هەمان شێوە، هونەری شێوەكاری هونەرێكی نوێباوە لە نێو كورد و تەواوی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا، كات و كاری زۆری دەوێت تا ئەو هونەرە دەبێت بە بەشێك لە میراتی ئێمە و دەبێت بە خواستێكی ژیاری لە ژیانی ئێمەدا. كۆمێنتەكانیش ئاماژەیان بەو شتە كرد.

جێی خۆیەتی لێرەدا قسە لە بارەی مۆزەخانەی لۆڤەر (Musée du Louvre)ـەوە بكەین. لە بەشی دووەمی ئەم وتارەدا دێینە سەر ئەم باسە.



# سەربەخۆیی کوردستان لە فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتیی هونەری دەخرێتە بەر باس

لە فێستیڤاڵێکدا لە شاری بیگدۆشچی پۆڵەندا، جیا لە کارە هونەرییەکانی دی کە پەیوەست بە کورد و کوردستانن، هاوکات پێشانگەیەك لە ژێر دروشمی (کوردستان- ڕوخسارەکانی ڕزگاربوون) لە مۆزەخانەی شاری بیگدۆشچی کرایەوە. لەو پێشانگەیەدا چەندین هونەرمەندی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدارییان تێدا کرووە و، بە مەبەستی ڕێکخستنی ئەم پێشانگایە مۆزەخانەی بیدگۆسچ ڕووبەرێکی زیاتر لە ١٥٠٠ مەتر چوارگۆشەی لە ڕووبەری ناوەندی دارایی بیدگۆسچ ئامادە کردووە، کە تا کۆتایی مانگی ئازاری داهاتوو دەتوانن سەدان بەرهەمی هونەرمەندانی کورد ببینن .





پێشانگەکە پێکهاتووە لە بەرهەمی دەیان هونەرمەندی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان کە بریتین لە تابلۆ، گرافیك، وێنەکێشان، ڤیدیۆ ئارت و ئینستەلێشن و وێنە، ئەم پێشانگەیە بە گەورەترین نمایشی بەرهەمی دەستەیەك لە هونەرمەندانی کوردستان دەناسرێت، کە تا ئێستە لە ئەوروپا ڕێك خرابێت .

تەواوکاری پێشانگەکە بەرنامەیەکی دەوڵەمەندە لە بۆنە و یادەوەرییەکان، وەك: نمایشکردنی فیلم، کۆنسێرت و سیمینار لەبارەی مێژوو و کلتووری کوردستان.

نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵۆنیا، هاوکار و یاریدەدەری ئامادەکردن و کردنەوەی پێشانگەکە و کۆی بەرنامەی فێستیڤاڵەکەیە و، لە کوردستانەوە حەمەی حەمەسەعید وەزیری ڕۆشنبیری و لاوان بەشداریی کردووە.

پێشانگەکە بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی هەرێمەکەی پۆڵەندا و سەرۆکی شار و بەڕێوەبەری مۆزەخانەی نیشتمانی و بەڕێوەبەری رۆشنبیریی هەرێمەکە و بەئامادەبوونی زیاد ڕەئووف نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە پۆڵۆنیا کرایەوە.

پرسی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، یەکێك بوو لەو مژارانەی لە وتارەکانی بەرپرسانی شاری بیگدۆشچ لە رێوڕەسمی کردنەوەی پێشانگەکە باسی لێوە کراوە، بەرپرسانی بیدگۆشچ لە وتارەکاندا ئاماژەیان بەوە دا کە پۆڵەندا هاوشێوەی هەرێمی کوردستان، پێشتر بە دۆخێکی سەختدا تێپەڕیوە، بەڵام کۆڵی نەدا و بەرهەمەکەی سەربەخۆیی بوو، بۆیە پێویستە هەرێمی کوردستانیش هەوڵی زیاتر بۆ پرسی سەربەخۆیی بدات، بۆ ئەم مەبەستە هونەر و کلتووریش یەکێك لەو رێیانەیە کە کورد دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت تا ئازارەکانی گەلەکەی بە دنیا پێشان بدات.

رافال بروسکی سەرۆکی شارەوانی بیگدۆشچی پۆڵەندا ئامادەی پیشانگاکە بوو وتارێکی پێشکەیش کرد و گوتی: «پێشانگاکە گرنگە، بەرهەمی هونەرمەندانی کورد بە هێزی ئەو حەقیقەتەی هەیانە ترسناکن، بەڵام هیوابەخشن، پێشانگاکە ڕاستیی بوونی یەکێك لە گەورەترین گەلانی جیهان پیشان دەدات، کە لە خاکەکەی بێبەش کراوە».

زیاد ڕەئوف نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە

پۆڵەندا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: «ئەمە یەکەم ڕووداوی لەم جۆرەیە لەسەر ئاستی ئەورووپا و جیهان، کە چەندین چالاکی و سیمینار و نمایشی فیلم و کۆنسێرت ئامادەکراون، کلتووری کوردی بە شێوەیەکی بەرفراوان نیشان دەدرێت و دەتوانین بڵێین بۆ ماوەی نزیکەی چوار مانگ بیدگۆسچ دەبێتە پایتەختی ڕۆشنبیریی کوردی».

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا جەختی لەوەش کردەوە کە: «پێشتر هەرگیز نەتوانراوە بەرهەمەکان لە چەندین بواری هونەریی نەوە جیاوازەکانەوە کۆبکرێنەوە، ئەمە شتێکی تایبەتە، چونکە ئاسان نییە هونەرمەندان لە کوردستانەوە بتوانن بەو شێوەیە بچنە ناو جیهانەوە، ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، هەمیشە هەوڵیان داوە شەڕ لەگەڵ هونەرمەندان و خەڵکی ڕۆشنبیری بکەن، ئەوان بە شێوەیەکی دڕندانە ئە و کارە دەکەن، کلتوور و هونەری کوردی و کارە هونەرییەکانی کورد بۆ هونەری عەرەبی، تورکی یان ئێرانی دەگەڕێننەوە «.عوسمان ئەحمەد هونەرمەند و بەڕێوەبەری سەنتەری زانستی کوردی لە زانکۆی سلێمانی لە پەیڤێکدا گوتی: «بەڵێ ئێمە ئازادین، بەڵام ئەوەتان لەبەرچاو بێت کە ئێمەش بە دەوڵەتانی دوژمنکارانە دەورە دراوین، لە هونەرەکەمدا ناتوانم ئەو شتانە دەربڕم کە ئەمڕۆ لە ئێران دەگوزەرێت بەبێ دەرئەنجام، چونکە سبەی ناتوانم بچمە ئەوێ، نموونەیەکی دیکەم هاتنم بۆ پۆڵەندا لە ڕێگەی تورکیاوە بوو، ناچار بووم بە وردی سەیری کەلوپەلەکانم بکەم، چونکە ئەگەر وشەی «کوردستان» لەسەر بەرگی کتێبەکە بوایە، ئەوا تووشی کێشە دەبووم».

بەڵدین ئەحمەد خاوەنی بەرهەمی «براکەم» دەڵێت بەڕاستی شتێکی تایبەتە، هونەرمەندانی کوردستان لەگەڵ هونەرمەندانی ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە لە گشت بوارە هونەرییەکاندا لە یەك شوێن و لە یەك پێشانگادا کۆدەبنەوە، توخمە ناوەندییەکەی کورسییەکە، وەك ئەو کورسییەی کە حزبی بەعس بە شێوەیەکی دڕندانە براکەیان ئەشکەنجە داوە، بۆ ئەوەی خەباتگێڕە کوردەکانی پێ بترسێنن».

زۆربەی بەرهەمە مەجازییەکانی ئەم پێشانگایە گوزارشت لە ئازار و نارەزایەتی و خەبات دەکەن، بە شێوەیەکی ڕستەیی و مەجازی، یان بە دەستێوەردانێکی پڕ لە ئازار لە ڕیالیزم و سیمبولیزم، باشترین نموونەی ئەم دزەکردنە وێنە شۆککەرەکانی زەهرا دۆغان (لەدایکبووی ١٩٨٩)ە کە لە زینداندا بە فلچەیەك کە لە قژی خۆی دروستکراوە لەسەر ڕۆژنامەکان کێشراون، هەروەها نارەزایەتییەك دەبینین کە بە ڕەنگی زیندوو لەلایەن ئاریا عەتی کە لە شاری کاسێل دەژی، دەربڕدراوە.

زەهرا دەڵێت: «من فێمینیستێکم کە لەگەڵ کەسانی ڕەنگاوڕەنگ شەڕ دەکەم بۆ مافەکانی ژنان، تابلۆ گەورە و بێ چوارچێوەکانی بە شێوەیەکی ڕستەیی، ئەو خۆشییە چڕ و پڕەی ڕەنگەکان دەدرەوشێننەوە کە بە جلوبەرگی فیگەرە مێینەکان دەپۆشێت.»

دکتۆر واکاو کوچما کۆڕاتۆر و بەڕێوەبەری مۆزەخانەی کاونتی لە بیدگۆسچ، هەستی خۆی بەشێوەکی جیاواز دەربڕی و گوتی: «هونەرمەندانی هاوچەرخی کورد زمانی نایابی نێودەوڵەتیی هونەر و سینەما و ئەدەب بەکار دەهێنن، سەر بە گرووپی هونەرمەندانی ئاست بەرزن، کە لەلایەن دیارترین سالۆنی هونەرییەوە میوانداری دەکرێت، بەشداربووانی پێشانگە و نمایشەکان لە کاسێل، ڤێنیسیا، کان، یان ئەکادیمیای فیلمی ئەمریکی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە بەرهەمەکانی هونەرمەندانی کورد هیوا دەبەخشن و مانای بوون لە ماوەی خۆیدا نیشان دەدەن.»

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە چەندین هونەرمەندی کورد بەشداری دەکەن لەم پیشانگایەدا، لەوانە: ئەحمەد نەبەز، ئاریا عەتی، ئازاد کەریم محەمەد، ئازاد کەریم، ئازاد نانەکەلی، بەهرام حاجۆ، بەڵدین ئەحمەد، پاریس ستیفان، بەیان جاف، کەیمان ئیسماعیل، دارا محمد عەلی، ئیبراهیم عەلیپور، فایەق ڕەسووڵ، فوئاد عەزیز، هاڤین، سندی، جەلال ڕەئوف، جەمال پێنجوێنی، خەیری ئەدهەم، مەلوە (عومەر حەمدی)، محەمەد عارف، مورازۆ گاجان، نامۆ (محەمەد ڕۆستەمزادە)، نیعمەت شەباب، نۆرم (ئیسام حەمدی)، عوسمان ئەحمەد، بوشیا کاکیل



ئەحمەد، ڕوستەم ئاغالە، ڕوژدی ئەنوەر، سەقر سلێمان، شوکر سەعید، سلێمان شاکر، تانیا ڕەشید، وەلید سێتی، یونس محەمەد، یوسف ساڵح و زەهرا دۆغان.

**هێزی ڕۆشنبیری**

مۆزەخانەی بیدگۆسچ بەم پێشانگەیە دەیەوێت هێزی کلتوور و هونەر وەك بەردی ناسنامەی نەتەوەیەك پیشان بدات، کە جیهان بە تێکۆشانی کوردان دیاریی کردووە، تا دەگاتە پێشمەرگە کە تەشەنەکردنی داعشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاگرت، چونکە لە ڕاگەیاندنەکاندا تەنیا ڕوخساری توندیی ژن و پیاو بە کلاشینکۆفەوە دەبینین، هەرچەندە کتێبی نایاب لەسەر کورد لەلایەن ڕۆژنامەنووس و ڕێبوارانی پۆڵەندییەوە کەم نییە، کوردستانیش هەرێمێکە خاوەن مێژوویەکی دەوڵەمەندە، ئەوەتا پاشماوەی پیاوێکی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەر دۆزرایەوە، قەڵای هەولێر یەکەم شارە لە مێژوودا کە ماوەی شەش هەزار ساڵە ژیانی تێدا بەردەوامە و لە ساڵی ٢٠١٤دا خرایە لیستی میراتی جیهانی یونسکۆوە.

هەموو دونیا ئاشنای ناوی پێشمەرگە بووە، بەڵام بەداخەوە زۆر لە بارەی هونەرمەند و نووسەر و شاعیر و دەرهێنەرانی کوردەوە نابیسترێت، یەکێك لە گەورەترین نەتەوەکانی جیهان بەبێ دەوڵەتێکی تایبەت بە خۆی ماوەتەوە نەك تەنیا لەبەر ئەوەی نەترسا چەك هەڵبگرێت، نەخێر، ماوەتەوە چونکە بەردی بناغەی تۆکمەی کلتوورێکی پاراستنی ناسنامەی دامەزراندووە، هونەر و فەرهەنگی هاوچەرخی کوردی لە هەلومەرجی سیاسی و ئابووریی تایبەتدا گەشەی کرد، هەروەها زۆرێك لە هونەرمەندانی کورد بە چاوپۆشی لە ڕەگوڕیشەی نەتەوەیی خۆیان، وابەستەی ئەو وڵاتانە بوون کە تێیدا ژیاون.








گوڵان عەبدوڵڵا :
ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی ئەفرۆدێت

# هۆکاری سەرەکیی بەرەوپێش نەچوونی باڵە نەبوونی خول و پاڵەوانێتییە



*** وەکو یاریزانێکی پێشووی یاریی باڵە ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینیت؟**

-بە گشتی یاریی باڵە لەسەر ئاستی کچان بەرەو پێشچووە، بەڵام لەسەر ئاستی کوڕان لاوازە و یاریزانی بە ئەزموونمان وەك ساڵانی دەیەی ڕابردوو نەماوە، ئەوەش بە هۆی ئەوەی یانەکان گرنگی بە یاریی باڵە نادەن.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم کە تەنیا یەك جارە لە ساڵێکدا، تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- هۆکاری سەرەکیی بەرەوپێش نەچوونی باڵە نەبوونی خول و پاڵەوانێتییە، چونکە ئەگەر خول و پاڵەوانێتی زیاد بکرێت و گرنگی بە ئاستە تەمەنییەکان بدرێت لەلایەن یەکێتییەکانی تۆپی باڵەی کوردستان وعێراق، بە دڵنیاییەوە یارییەکە لە ساڵی داهاتوو بەرەوو پێش دەچێت.

*** بەو پێیەی پێشتر یاریزانی ئەم یارییە بوویت، چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- گرنگە یەکێتییەکانی تۆپی باڵەی کوردستان و عێراق فشاریان هەبێت لەسەر لیژنەی ئۆڵۆمپی، تا یانەکان ناچار بکرێن بە بوونی تیپ و بەتایبەتی تیمی ئاستەکانی منداڵان، تا ببێتە بناغە بۆ داهاتوو، وەکو ئێستا یانەکانی سلێمانی و ئەفرۆدێت و چەند یانەیەکی دیکە گرنگی بەو ئاستە دەدەن، بەرهەمەکەشی هەبوونی چەندین یاریزانی پاڵەوانە کە لە ئێستادا لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقی یاری دەکەن.

*** گرفتی وەرزشیی یاریی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

- نەبوونی پاڵەوانێتی و پاڵپشتیی ئەم یارییە کە لە دوای تۆپی پێ بە پلەبەندی ڕیزبەندی دووەم یارییە کە لە جیهاندا و جەماوەری هەیە.

***پاڵەوان بوون چی دەگەینێت؟**

- کاتێك تیمێك بۆ ماوەیەکی درێژ لە مەشق دەبێت و دواتر جامێکی پاڵەوان بوون دەستەبەر بکات، وەکو ئەوە وایە پۆلێکی بڕی بێت و یەکێك بێت لە قوتابییە یەکەمەکان، کە ئەوەش تەنیا سەرکەوتن نییە بۆ خودی خوی، بەڵکو دەبێتە سەرکەوتن بۆ خێزانەکەشی، هەر بۆیە پاڵەوان بوون بەم شێوەیە دەبینم.

**شاروشارۆچکەکانی کوردستان هەمیشە خاوەنی چەندین خانمی وەرزشکار بووە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵام ئێستاش یانەکانی کوردستان بە هەمان ریتمی جاران لە خزمەتی رەوتی وەرزشیی ئافرەتانن، یەکێك لەو ئافرەتە وەرزشکارانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا خزمەتی یاریی باڵە و یارییەکانی دیکەی وەرزشی کردووە، ئێستاش بە شێوەی کارگێڕی لە خزمەتی وەرزشی ئافرەتانە، کچە یاریزانی پێشووی دەڤەری ڕاپەڕین (گوڵان عەبدوڵڵا) کە یاریزانی پێشووی هەریەك لە یانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی و ڕانیە و چوارقوڕنە و حاجی ئاوا و کۆیە و ئافرەتانی هەولێر بووە، لەدایکبووی شاری ڕاپەڕینە و ئێستاش ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی ئەفرۆدێتە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



**دیمانە: کارزان کانەبی**

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو ئافرەتێکی کارگێڕی یانە؟**

-رۆژگار پلانەکان دیاری دەکات، بەڵام هەوڵی بەردەوام دەدەین تا وەرزشی خانمان بەرەوپێش ببەین، بۆ ئەم مەبەستەش کەم تەرخەمیمان نەکردووە و لە زۆر دەرگامان داوە تا پاڵپشتی وەرزشیی خانمان بکەن، خودی خۆشم لە ئێستادا لە یانەی ئەفرۆدێت سەرپەرشتی و ڕاهێنەرایەتیی تیپی گۆڕەپان و مەیدان دەکەم، چەندین نازناومان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەست هێناوە.

***لەگەڵ دەستەی کارگێڕیی یانەکەتان پلانتان چییە بۆ پێشخستنی وەرزشیی کچان؟**

- تەنیا و تەنیا خزمەتی وەرزشیی خانمان دەکەین، پێکەوە بە یەك دەست هەوڵی بەدەستهێنانی دەسکەوتەکان دەدەین.

***تێڕوانینی کۆمەڵگە چۆنە بۆ ئێوەی وەرزشکار؟**

- تێڕوانینی کۆمەڵگە لە کۆمەڵەیەك بۆ کۆمەڵەیەکی دیکە دەگۆڕێت، بە گشتی باشە و پاڵپشتی دەکرێت، زۆرێك لە خێزانەکان خۆیان ناوی کچەکانیان تۆمار دەکەن تا بەشداری لە چالاکییە وەرزشییەکاندا بکەن، بەتایبەتی لە وەرزی هاوین و پشووەکان.

***داواکاری و پێش نیارت بۆ لایەنی بەرپرسی؟**

-ساڵانێکە یەك داواکاریمان هەیە، ئەویش پاڵپشتی وەرزشیی خانمانە لەلایەن بەرپرسانەوە چ لە ڕووی دارایی بێت یان کەسی.

***خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونی وەرزشیمان زۆرە، چونکە خەونەکان بێ کۆتان ئەوەش بە هەوڵدان دەبێت تا بگەینە ئامانجەکانمان، بۆ برەودان و بەرەوپێشچوونی یارییە جۆراوجۆرەکان.

***بەهیوای نیت هەڵبژاردەی باڵەی کوردستان دابمەزرێت؟**

- ئەوە خەونی هەمووانە هەڵبژاردەی کوردستانە کە بە ئاڵای کوردستانەوە بەشداری لە کێبڕکێ جیهانییەکاندا بکەین، بەڵام من حەز دەکەم نەوەی نوێ ببینم و یاریزانە تازە پێگەیشتووەکان لە پاڵەوانیەتییەکان بەدی بکرێن.

*** خۆشترین یادەوەری وەرزشیت چییە لە ژیانی خۆت؟**

-ئەو دەستکەوتانە بووە کە لەگەڵ تیپەکانم و هاورێکانم بەدەستم هێناون.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا.**

- دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم کە بە بەردەوامی خزمەتی وەرزش و وەرزشکارانی کوردستان دەکەن بە بێ جیاوازی.

# هۆكاری ماڵئاواییكردنی بەلژیكا لە مۆندیال ئاشكرا بوو

ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی (زە ئەتلەتیك)ـی بەریتانی لایەنە شاراوەكانی پشت شكستە گەورەكەی هەڵبژاردەی بەلژیكا لە مۆندیالی ٢٠٢٢ـی ئاشكرا دەكات، كێشەی زمان و ململانێی ئەستێرەكان لە نێوخۆیاندا بووە هۆی ئەوەی هەر زوو بەلژیكا ماڵئاوایی لە مۆندیالی قەتەر بكات.

بەلژیكا لە قۆناغی كۆمەڵەكانی مۆندیال، سەرەتا لە كەنەدای بردەوە، دواتر بەرامبەر مەغریب شكست بوو بە بەشیان، بە یەكسانبوونەكەشیان لەگەڵ كرواتیا ڕاستەوخۆ ماڵئاواییان لە مۆندیالی ساڵی ٢٠٢٢ كرد، ئەمەش لە كاتێكدابوو هاندەرانی وڵاتەكەیان و شرۆڤەكاران هیوایەكی زۆریان لەسەر ئەو كۆمەڵە ئەستێرەی بەلژیكا هەڵچنی بوو، كە هەنگاوی گەورە لەو مۆندیالەدا بنێن، هەمووان چاوەڕێی ئەوەیان دەكرد كە ئەنجامێكی باشتر لە پلەی سێیەمی مۆندیالی ساڵی ٢٠١٨ـی ڕووسیا بەدەست بهێنن.

ڕۆژنامە بەریتانیاییەكە، نووسیویەتی: كێشەكانی بەلژیكا لەوە تێپەڕیوە كە پەیوەندیی بە وەرزشەوە هەبێت، كێشەكانیان هەر لە یەكەم ڕۆژی هاتنی ئەستێرەكانی هەڵبژاردەی بەلژیكا بۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان لە قەتەر دەستی پێ كرد، لە نێوخۆیاندا دابەشبوون لە ڕووی بیركردنەوەوە، هەرچەندە یەكەم نیشانەیان چەند مانگێك پێش مۆندیال دەركەوت، بەڵام لە مۆندیال كێشەكەیان تەقییەوە.

كێشەی زمانی گفتوگۆ یەكێك بوو لە بەربەستەكانی شكستەكەی بەلژیكا لە مۆندیال، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی دووبەرەكی لە نێوان ئەو كەسانەی لە باكووری وڵاتەكەدا بە زمانی فلاندەرز قسە دەكەن، وەك ئەلدەرڤیرێلد، ڤێرتۆخن و كیڤن دی برۆین، لەگەڵ ئەوانەی زمانی دایكیان فەرەنسییە، وەك ئەكسال ویسێل و ئیدن هازارد، لەولاشەوە تیبۆ كۆرتوا و ڤینسێنت كۆمپانی و ڕۆمێلۆ لۆكاكۆ زیاتر بە زمانی ئینگلیزی قسەیان دەكرد.

ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەلژیكا (ڕۆبێرتۆ مارتینێز) بۆ ئەوەی بەسەر ئەو كێشانەدا زاڵ بێت، بڕیاریدا كە زمانی هاوبەشی تیپەكە ئینگلیزی بێت، ئەو ڕاهێنەرە ئەگەرچی هاووڵاتییەكی بەرەگەز كەتەلۆنیی ئیسپانی بوو، بەڵام بە ئینگلیزییەكی ڕەوان و باش قسەی دەكرد، هیچیشی لە زمانی فەرەنسی و بەشێك لە زمانەكانی دیكەی یاریزانەكانی دیكەی نەدەزانی، بەڵام ئەمەش نەیتوانی كێشەكانی بەلژیكا چارەسەر



بکات، چونکە بەشێك لە یاریزانەکان هەرگەڕانەوە سەر بەکارهێنانی زمانی دایك و ناوچەکەیان، ئەمەش وای کرد بەلژیکا نەتوانێت سەرلەنوێ رۆحی بە کۆمەڵ لە نێو یاریزانەکاندا دروست بکاتەوە، وەك لە مۆندیالی ساڵی ٢٠١٨ بینرا کە بەلژیکا پلەی سێیەمی بەدەست هێنا.

کێشە و کاڵبوونەوەی زمانی هاوبەشی قسەکردن لە نێوان یاریزانەکان لە مۆندیال، بە تەنیا هۆکاری دابەزینی ئاستی بەلژیکا نەبوو، شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنی کەمپی مەشقی هەڵبژاردەی بەلژیکا لە قەتەر، رۆبێرت مارتینێزی راهێنەر و یاریزانەکانی نیگەران کرد بوو، بەوپێیەی شوێنی نیشتەجێبوونی یاریزانەکان ١٥٠ کیلۆمەتەر لە شوێنی راهێنانەکانیان دوور بوو، ئەگەرچی هۆتێلەکەیان لە تەنیشت کەنار دەریا بووە، بەڵام هەندێك لە یاریزانەکان نارەزاییەتیان لەو شوێنە دەربڕیوە، چونکە هەستیان بە گۆشەگیری و جیابوونەوە لە خێزانەکانیان دەکرد.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ژووری جلگۆڕین دزەی کردووە و گەیشتووەتە راگەیاندنەکان، بەردەوام رۆبێرتۆ مارتینێز رەخنەی توندی لێ گیراوە، بەهۆی ئەوەی سۆز و پشتگیرییەکی زۆری بۆ هازارد نیشان داوە، لە کاتێکدا هازارد نەك هەر نەیتوانی گۆڵێك، یان ئەسیستێك لە مۆندیال بکات، بەڵکو سەرجەم داتایەکانی سفر و نزم بوو، بەجۆرێك لە کۆی سێ یاری تەنیا پێنج بڕینی سەرکەوتووی ئەنجام داوە، تەنانەت مارتینێز پاڵپشتییەکی زۆری لە لۆکاکۆ کردووە، لە کاتێکدا دوو مانگی سەرەتای ئەم وەرزەی بە پێکان لەگەڵ ئینتەر میلان بەڕێ کرد و، پێشبینی دەکرا بانگهێشتی مۆندیال نەکرێت.

کیڤ دی برۆین رۆژێك پێش دەستپێکی مۆندیال چاوپێکەوتنێکی لە رۆژنامەی گاردیانی بەریتانیا بڵاوبووە، کە تێیدا بە رستەیەك دەڵێت: «ئێمە تیپێکی باشمان هەیە، بەڵام خەریکە پیر دەبێت و هەندێك یاریزانمان لەدەست داوە».

ئەم لێدوانەی مایسترۆیەکەی بەلژیکا سەرەتای هەستکردن بووە بە مەترسییە گەورەکەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی، تەنانەت دوای بردنەوەی بەلژیکا لە کەنەدا، دی برۆین وێنەیەکی خۆی لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکەی بڵاوکردەوە و نووسیبووی: «هیچ شتێك لە ئێوە گەورەتر نییە».

ئەم نووسینە و لێدوانانەی دی برۆین لە سۆشیاڵ میدیا، بە کاڵبوونەوەی هەستی ئینتیمای بۆ وڵاتەکەی لێك درایەوە، تەنانەت ڤێرتۆخن دوای شکستەکەیان بەرامبەر مەغریب گلەیی لە دی برۆین کرد، کە لێدوانەکانی لە مۆندیال بە خراپ بەسەر یاریزانەکاندا شکاوەتەوە.

رۆژنامەی بکیپی فەرەنسا، ئەم بابەتەی پشتڕاست کردەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە کێشە و ناکۆکیی گەورە کەوتووەتە نێوان دی برۆین و ڤێرتۆخن، بەجۆرێك رۆمیلو لوکاکۆ هاتووەتە نێوانیان، بۆ ئەوەی کۆتایی بە کێشەکانیان بهێنن.

تیبۆ کۆرتوای گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی بەلژیکا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە مۆندیال تورەیی خۆی دەربڕی، کە کەسێك لە ناو تیپەکەدا زانیاریی بۆ میدیاکان دزیوە، پێشتریش بەلژیکا هەمان کێشەی لە ساڵانی رابردوو هەبووە.

پێشتر راجا نایینگۆلان، یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی بەلژیکا، کە یەکێك بوو لەو یاریزانانەی بەراشکاوانە رایگەیاندبوو (بەلژیکا بەدەست خۆپەرستی و لێکترازانی یاریزانانەوە دەناڵێنێت) ئەوەش بووە یەکێك لە هۆکارەکان کە مارتینێز بۆ مۆندیالی ساڵی ٢٠١٨ ئەو یاریزانە دوور بخاتەوە.


ئەوکات نایگۆلان لە ساڵی ٢٠١٨ بە رۆژنامەی تایمزی گوت: «لە بەلژیکا هەموو کەسێك دەیەوێت خۆی بسەپێنێت و لە هەمووان گرنگتر بێت، هازارد دەیەوێت گرنگ بێت، هەروەها دی برۆین و لۆکاکۆش، بۆیە قورسە ئەو هەموو دابەشبوون و بیرکردنەوە جیاوازنە کۆبکەیتەوە، ئەمەش وای کردووە بەلجیکا ئاستی راستەقینەی خۆی پێشکەش نەکات».





# سەرنجراکێشترین یاریزانی مۆندیال بناسە

یاریزانێکی کۆریای باشوور بەهۆی جوانی و سەرنجراکێشییەکەی لە ماوەی شەش رۆژدا دوو ملیۆن کەس سەردانی ئینستاگرامەکەیان کردووە، بەهۆی لێشاوی فۆلۆوەرزەکانی، ناچاربووە مۆبایلەکەی دابخات.
چۆ کیۆ سۆنگ هێرشبەری لاوی هەڵبژاردەی کۆریای باشوور لە یەکەمین یاریی مۆندیال بەرامبەر ئۆرۆگوای لەسەر کورسیی یەدەگ دانیشتبوو، لەگەڵ دەرکەوتنی سەرنجی خانمانی جیهانی بۆخۆی راکێشا، دواتر لە خولەکی ٧٤ هاتە نێو یاریگە و ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد، تەنیا بە دانانی ڤیدیۆییەکی خۆی کاتێك لەسەر کورسیی یەدەگ دانیشتووە، نزیکەی دوو ملیۆن فۆلۆوەرزی نوێی ئینستاگرامی زیادی کردووە.



چۆ کیۆ سۆنگ لە دووەمین یاریی مۆندیال بەشێوەی سەرەکی یاریی کرد و دوو گۆڵی تۆمار کرد و، بە تەواوەتی شوێنی خۆی لە نێو دڵی هەزاران هەواداری جیهاندا کردەوە، بەجۆرێك کەوتە بەرلێشاوی فۆلۆوەرزەکان، تەنانەت ناچار بووە مۆبایلەکەی بکوژێنێتەوە، چونکە هەزاران کچ بەس داوای پەیوەندیی سۆزداری و هاوسەرگیریی لێ دەکەن، لەلایەکی دیکەوە ئەو دەنگۆیانە رەت دەکاتەوە، کە باس لە پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کچە مۆدێلێکی کۆریای باشوور بە ناوی (جی مینجو) دەکرێت.
ئەو یاریزانە تەمەن ٢٤ ساڵییە، کە پێش ئەوەی دوو گۆڵ بەرامبەر غانا تۆماربکات، کەمترین دۆست و خزم و کەسی هەبوو، لە دوای ئەو دوو گۆڵە تەنیا لە ئینستاگرام ٢٠ هەزار فۆلۆوەرزی هەبوو، دواتر بەرەو نزیکی دوو ملیۆن فۆلۆوەرز زیادی کرد، بەگشتی لە سۆشیاڵ میدیا زیاتر لە حەوت ملیۆن بینەری هەبووە.
سیۆ یۆنگ هوان یەکێکە لە هاورێ رۆژنامەنووسەکانی ئەو یاریزانە، رایگەیاند: «چۆ کیۆ سۆنگ کەوتە بەر لێشاوی فۆلۆوەرز، بۆیە مۆبایلەکەی داخستووە، بۆ ئەوەی هەندێك پشوو بدات و زیاتر سەرنجی لەسەر مۆندیال و تۆپی پێ بێت.»

چۆ کیۆ سۆنگ تەنیا لە خولی نێوخۆیی وڵاتەکەی یاری دەکات و وەرزی رابردوو گۆڵکاری خولی کۆریای باشوور بوو، بەڵام لەسەر ئاستی دەرەوەی وڵاتەکەی کەسێکی ناسراو نییە.
بەردەوام میدیایەکان لە کاتی رووماڵی یارییەکانی مۆندیال دەیانەوێت زۆرترین زانیاری لەبارەی ئەو یاریزانە بزانن، بەڵام چۆ کیۆ سۆنگ نایەوێت هیچ زانیارییەك لە بارەی ژیانی کەسی و تایبەتی خۆی ئاشکرا بکات.
ماڵپەری لایفستایل نووسیویەتی: چۆ کیۆ لە ساڵی ١٩٩٨ لە شاری ئەنسانی کۆریا لەدایکبووە، دایك و باوکی وەرزشوانن، بەڵام رەتی دەکاتەوە ناویان بهێنێت و هیچ زانیارییەکی زیاتر بدات.
چۆ سەرەتا لە ئەکادیمیای لاوان لە یانەی ئێف سی ئەنیانگ وەکو یاریزانێکی بەرگری و ناوەراستیش یاریی کردووە.
چۆ لە ماوەی یاریکردنیدا لە زانکۆی گوانجو بەشداریی خولەکانی کردووە، راهێنەرەکەی پێی گوتووە تۆ وەکو بەرگریکار و ناوەراست یاریزانێکی خراپی، بۆیە لە ساڵی ٢٠١٧ بریاری دا وەکو یاریزانێکی هێرشبەر یاری بکات.
چۆ کیو لە ساڵی ٢٠٢١ بۆ تەواوکردنی خزمەتی سەربازی چووە نێو سووپای وڵاتەکەی، لەوێ یاریی بۆ تیمی هێزە چەکدارەکانی کۆریای باشوور کرد.
پەیوەندیکردنی چۆ بۆ تەواوکردنی خزمەتی سەربازی یارمەتیی دا بۆ ئەوەی ئەمساڵ پەیوەندی بە یانەی جیۆنبوك بکات، کە توانی ببێتە گۆڵکاری خولەکە و نازناوەکەش لەگەڵ یانەکەی بباتەوە.
چۆ بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٢١ بانگهێشتی هەڵبژاردەی کۆریای باشوور کرا، یەکەم یاریی خۆی لە پالاوتنەکانی مۆندیال بەرامبەر لوبنان لە مانگی ئەیلولی ئەو ساڵەدا ئەنجام دا.
دوای وەرزێکی خەیاڵی لەگەڵ جیۆنبوك، چۆ ناوی لە پێکهاتەی کۆریای باشوور بۆ جامی جیهانی هات، لە یەکەمین یاریدا وەکو یاریزانی سەرەکی بەرامبەر غانا بەشداریی کرد و لە ماوەی شەش خولەکدا دوو گۆڵی کرد.
ئێستا چۆ لە نێو پێکهاتەی هەڵبژاردەی نیشتیمانیی وڵاتەکەیدا، لە مۆندیال ناوبانگی لە سۆن هیونگ مین زیاترە و پێشبینی دەکرێت چۆ ببێتە خۆشەویسترین یاریزانی وڵاتەکەی، لە کۆمێنت لە ژێر وێنە و ڤیدیۆییەکانیدا سەدان کچ بە (دڵی کۆریا) ناوی دەبەن و داوای خۆشەویستی و هاوسەرگیرییشی لێ دەکەن، یەکێك بۆی نووسیوە: «ئەو پیاوەی وای کرد هەموان عاشقی ببن».







# نمایشی دریفت بۆ سەرکێشیی ئۆتۆمبێل بەڕێوە چوو






وەرزشی دریفت Drift وەرزشێکی سەرکێشی و تایبەتە بە ئوتومبێل، کە لە پاش تۆپی پێ دووەمین وەرزشە کە زۆرترین هاندەر و بینەری تایبەتی خۆی لە سەرئاستی جیهان لە نێوچین و توێژی گەنجاندا هەیە .

بۆیەکەمجار ناوەندێکی وەرزشیی ئۆتۆمبێلرانی لە ساڵی ١٨٩٧ لە ژێرناوی ( RAC ) لە وڵاتی بریتانیا دامەزرا، لە دواییدا گەشە بەم وەرزشە درا و لە ساڵی ١٩٠٠ لە وڵاتی مەجەر و لەساڵی ١٩٠٢ یش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزرا.

بەرە بەرە ئەم وەرزشە زیاتر بایەخی پێ درا و بەهۆی زۆریی چالاکیی وەرزشیی ئۆتۆمبێل لە وڵاتان، ئەم وەرزشە دامەزراوەیی کرا و FIA (فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ئوتومبێلرانی) لەسەر ئاستی جیهان دامەزرا، کە لە ئێستادا پتر لە١٢٠ وڵات تێیدا ئەندامن و خەڵکێکی زۆریش لە جیهاندا ڕووی لەم وەرزشە کردووە. لە هەرێمی کوردستانیش بە لێشاو گەنجان ڕوویان لەم وەرزشە کردووە و، ناوە ناوە لەبەر نەبوونی گۆڕە پانی تایبەتی، لە گۆڕە پان و شوێنە چۆڵەکان ئەم نمایشەیان ئەنجام دەدا، کە برایانی پۆلیسی هاتووچۆ رووبەڕوویان دەبوون و پەرتەوازەیان دەکردن.

نووسەر و رۆژنامە نووس هاشم داودی بۆ یەکەم جار توانی ئەو گەنجانەی کە ئارەزووی وەرزشی ئوتومبێل یان هەیە، لە سەر ئاستی کوردستان لە دەوری یەك کۆبکاتەوە و دامەزراوەییان بکات و مۆڵەتی فەرمییان لە وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان بۆ وەر بگرێت، تاکو بتوانن بە بێ کێشە چالاکیی وەرزشی ئەنجام بدەن، لە بارەی دامەزراندنی ئەم رێکخراوەش هاشم داودی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامانج لە دامەزراندنی ئەم دەزگایە جیاکردنەوەی شۆفێری وەرزشکار و ئۆتۆمبێلی وەرزشی بوو لە ئۆتۆمبێلی سەر شەقام، چونکە ئەو ئۆتۆمبێلانە لەبەر هۆی بەرزیی دەنگیان کەڵکی ئەوەی نییە لە شەقام بهاژورێت، ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ئەم وەرزشەی پێ ئەنجام دەدرێت، بۆخۆپاراستن وسەلامەتیی گیانی شۆفێرەکە، ئۆتۆمبێلە هەموو کەلوپەلەکانی بە مەکینەیشەوە هەڵدەوەشێندرێت و دەستکاری دەکرێن و سەرلەنوێ دادەنرێنەوە و مەکینەکەی بە هێزتر دەکرێت»، هاشم داودی باسی لەوەش کرد کە لە ماوەی ڕابردوودا گرووپی وەرزشیی نمایشەکانی ئۆتۆمبێل بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی سەر بەخۆی سۆران و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی گەشتوگوزاری دەڤەرەکە، نمایشی وەرزشیی دریفت DRIFT لەسەر ئاستی عێراق بۆ ٣٠ شۆفێری دریفتکار لە گۆڕەپانی هاوینەهەواری جوندیان رێك خرا، کە نزیکەی ٥٠٠٠ کەس ئامادەی نمایشەکە بوون و بە سەرکەوتوویی و بێ کێشە بە ڕێوە چوو، کە هەریەك لە دریفتکارانی هەولێر و کەربەلا و سلێمانی و بەغداد و دهۆك و حلە و موسڵ و کەرکووك و نەجەف و بەسرا تێدا بەشدار بوون، بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هاوکاریمان بکەن و گۆڕەپانێکی نێودەوڵەتیمان لە دەرەوەی شاری هەولێری پایتەخت بۆ دروست بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین ساڵانە پاڵەوانێتی و نمایش و کێبڕکێی ئوتومبێلی لێ ئەنجام بدەین، تاکو لە داهاتوودا وەرزشکارانی ئەم بوارەیش بتوانن شانبەشانی وەرزشکارانی نێودەوڵەتی بە ئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە بەشداریی کێبڕکێ جیهانییەکان بکەن و پلەی باش بە دەست بهێنن و ببنە شانازی بۆ کوردستان».



# کوردێک دەبێتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی پاسکیلسواریی عێراق

ڕاهێنەرە کوردەکان لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا بەهۆی ئەنجامە باشەکانیان بەردەوام سەرپەرشتیی مەشقی هەڵبژاردەکانی عێراقی دەکەن، سەمیر سدیق ڕاهێنەری تیپی پاسکیلسواریی کچانی یانەی وەرزشیی برایەتی، بەهۆی ئەنجامە باشەکانی لەگەڵ یانەکان لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق، بووەتە جێگەی متمانەی بەرپرسانی یەکێتی ناوەندی پاسکیلسواریی عێراقی، لەلایەن فیدراسیۆنی ناوبراویشەوە بە ڕاهێنەری کچانی پاسکیلسواری هەڵبژاردەی عێراقی دەستنیشان کرا، لە بارەی دەستنیشانکردنیشی وەکو ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق (سەمیر سەدیق) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دیاری کراوین بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی هەڵبژاردەی کچانی پاسکیلسواری عێراقی، ئەویش بەهۆی ئەنجامە باشەکانمان لەگەڵ تیپی پاسکیلسواریی کچانی یانەی برایەتی لە خولەکانی کوردستان و عێراقی، تاکو ئێستاش بە فەرمی ناوی یاریزانانی کچانی هەڵبژاردەی عێراقی دیاری نەکراوە، بەڵام بە پێی ئەنجامەکان، زیاتر دوو یاریزانی یانەی برایەتی و دوو یاریزانی یانەی نەورۆز و یاریزانێکی یانەی هەولێر و یاریزانێکی عێراقیش لە ئیماراتە لەوێ نیشتە جێیە، بەڵام ئێمە ئامادەکاری دەکەین بۆ پاڵەوانێتیی وڵاتانی عەرەبی، کە بڕیارە لە ڕۆژی ١٦ی ئەم مانگە لە وڵاتی ئیمارات بەڕێوە بچێت، هەرچی بکرێت بۆ سەرخستنی هەڵبژاردەی عێراقی، ئەنجامی دەدەین».

# یانەی پێشمەرگەی هەولێرئامانجی گەورەی هەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر کە بەشدارە لە یارییەکانی خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو بە پێکهاتەیەکی جیاواز بەشداری لە یارییەکانی ئەم وەرزە کردووە، یانەی پێشمەرگە ئامانجی ئەوەیە بتوانێت ئاست و ئەنجامی گەورە لەم وەرزە تۆمار بکات و کێبڕکێی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات لەم وەرزە، لە بارەی بارودۆخی تیپەکە (نیعاد عادل) جێگری سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا بارودۆخی تیپەکەمان باشە، هەر چەندە تاڕادەیەك کەم و کووڕیمان هەیە لە هێلی بەرگری، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە خودی ڕاهێنەر، هێشتا پێویستیمان بە هەماهەنگیی زیاتر هەیە لە نێوان یاریزانانی یانەکەمان، جگە لەوەش هەندێك پێکانمان هەیە ئەوەش کاریگەریی هەیە و ئێمەش کاری لە سەر دەکەین»، هەروەها گوتیشی: «لە رووی ئیدارییەوە هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە یانەکەماندا و، لە ڕووی دارایی و کەلوپەل و یاریگا و گواستنەوەکانیشەوە هیچ گرفتێکمان نییە، ئێمە لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەران هەوڵ دەدەین زیاتر کار بکەین بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە دروست بکەین»، سەرۆکی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر گوتیشی: «لە نۆ یاریی ڕابردوو خاوەنی ١٧ خاڵین و خولەکە بەهێزە و یاریزانانی یانەکان هەموویان ململانێ لە سەر پێشاندنی ئاستی باش دەکەن، ئێمەش وەکو یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئامانجی گەورەمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئامانجەکەمان بپێکین، بە یەك ڕۆحییەتی بەرز یاری دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە سەرجەم ئەو یارییانەی ماومانە ئاست و ئەنجامان دڵخۆشکەر بێت».



# قەڵەوی منداڵ گرفتێکی گەورەیە!

ئایا گوێبیستی پەتای قەڵەویی منداڵ بوویت؟ لە ئامارە تەندروستییەکاندا هاتووە کە تەنیا لە ئەمریکا نزیکەی ١٦ ملیۆن منداڵ تووشی قەڵەوی بوون، هەروەها نزیکەی ١٤٪ی منداڵانی تەمەن ٢-٥ ساڵ گرفتی قەڵەوییان هەیە. هۆکاری سەرەکیی قەڵەوی منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هاوسەنگیی نێوان بڕی کالۆریی لە خۆراك وەرگیراو لەگەڵ بڕی وزەی سەرفکراودا، پاشان بۆماوە، دەوروبەر، باری ئابووری، هەروەها ژیان لە شارەکاندا هۆکاری دیکەن بۆ زیادبوونی ئەگەری قەڵەوی لە منداڵاندا. کاریگەریی قەڵەوی لەسەر تەندروستیی منداڵ بیتیە لە: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، هەوکردنی جومگە و ئێسکە بەشدارەکانی Osteoarthritis، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ و چەوریی گلیسریدە سیانییەکان لە خوێندا، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم، نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ و جەڵتەی مێشك لە ئایندەدا، کۆبوونەوەی چەوری لە جگەردا، نەخۆشیی کیسی زراو، گرفتەکانی کۆئەندامی هەناسە، بەتایبەتی ڕەبوو، هەروەها هەندێك جۆری شێرپەنجە. لە لایەنی دەروونییشەوە، گەلێك لە منداڵانی کێش زیاد یان قەڵەو نیگەرانن لەوەی کە ببنە مایەی شۆخی و گاڵتەجاڕی لە لایەن کەسانی دەوروبەریانەوە، دەرەنجام تووشی خەمۆکی و هەستکردن بە باوەڕ بەخۆنەبوون دەبنەوە و گرفتیان دەبێت لە پەیداکردنی هاوڕێدا. ئەمانە و کەمیی قەناعەتکردن بە شێوەی لەش زۆر جار منداڵ تووشی شەرمکردن دەکات، هاوکات لەگەڵ دابەزینی ئاستی خوێندن لە قوتابخانەدا.





# ئەو خۆراکانەی زیاتر برسیت دەکەن!

هەندێك جۆری خۆراك، بەتایبەتی کاربۆهیدراتی سافکراو وەکو بسکویت لە راستیدا هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی کتوپڕی ئاستی شەکری خوێن، واتە دەردانی ڕێژەیەکی زۆری هۆرمۆنی ئینسولین کە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، ئەمەش هەستی برسیبوون پەیدا دەکات. کاربۆهیدراتە سادەکان Simple carbs وەکو کێك و بسکویت، قەنادی، شیرە دەستکردەکانی میوە و شلەمەنییە شیرینکراوەکان، کە زیاتر شەکرەکانی فرکتۆز و گلوکۆز لەخۆدەگرن، نابنە هۆی هەستکردن بە تێربوون بۆ ماوەیەکی زۆر، بەڵکو هانی گلاندی پەنکریاس دەدەن بۆ زیاتر دەردانی هۆرمۆنی ئینسولین، کە ئاستی شەکری خوێن دادەبەزێنێت و هەستی برسیبوون پاش ماوەیەکی کورت دووبارە سەرهەڵدەداتەوە. شیرە دەستکردە شیرینکراوەکانی میوە و سۆدا خراپترینی ئەم خۆراکانەن، پاشان شیرەی گەنمەشامی Corn syrup، ماستی چێژکراو Flavored yogurt کە ڕێژەیەکی بەرزی شەکر لەخۆدەگرێت، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، هەویرکاری و ماکەرۆنی بە ئاردی سپی White pasta، چیپس کە خوێی زیاد لەخۆدەگرێت و هاندەرە بۆ کەمبوونەوەی شلەی لەش، کە دەبێتە ئەگەری تێکەڵبوونی هەستی تێنووبوون و هەستی برسیبوون. ئەو خۆراکانەی کە ڕێژەی بەرزی شەکر لەخۆدەگرن وەکو دۆنەت (کەعك) و شیرینی، هەروەها سۆدیۆم گلوتامەیت MSG کە وەکو خۆشکردنی چێژ و هاندەری ئارەزووی خواردن دەخرێتە ناو گەلێك خۆراك بەتایبەتی سوپ، خۆراکی چینی، گۆشتی پرۆسێسکراو، هەروەها خۆراکە قووتووبەندەکان.



# ئاکامەکانی لاوازبوونی ئێسک

لاوازبوونی ئێسك Osteoporosis نەخۆشییەکی ئێسکە کە دەبێتە ئەگەری ناسکبوونی ئێسك و شکانی بە زەبرێکی کەم، هەروەها کاریگەریی دەکاتە سەر گلاندی دەرەقی و هێلکەدانەکان لە ئافرەتدا. نەخۆشییەکە بەگشتی هێمن و بێ نیشانەیە تا کاتی شکانی ئێسکێکی لەش، بەتایبەتی ئێسکەکانی جومگەی نێك و بڕبڕەی پشت و مەچەك. بەگشتی ٢٠٪ ئافرەتان و ٥٪ ی پیاوان لە تەمەنی ٥٠ساڵی و بەسەرەوە تووشی لاوازبوونی ئێسك دەبن. شکانی ئێسکی نێك کە کاریگەریی نەرێنی زۆر دەکاتە سەر ستایلی ژیانی ڕۆژانەی تووشبوو و نزیکەی ٥٠٪ حاڵەتەکان ناتوانن کە پشت بە خۆیان ببەستن بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ئاسایی ڕۆژانەیان، هەروەها نزیکەی ٢٠٪ی تووشبووان لە ماوەی یەك ساڵدا لەبەر ئاڵۆزییەکانی شکانی ئێسکی نێك گیان لەدەست دەدەن. لە لایەکی دیکەوە شکانی بڕبڕەی پشت کە دەبێتە هۆی نیمچە تەختبوونی بڕبڕەکە Collapse و ئەم نیشانانە: پشت ئێشە، چەمانەوەی پشت، داکەتنی شانەکان، هەروەها کورتبوونەوەی باڵا.



# بە خواردنەوەی ئاو
# خۆت لە جەڵتەی مێشک بپارێزە!



لیکۆڵینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە خواردنەوەی بڕی تەواوی ئاو هەنگاوێکە بۆ خۆپاراستن لە جەڵتەی مێشك و، هاندەرە بۆ زووتر چاکبوونەوە پاش ڕوودانی جەڵتە. ئەمە ڕوونە کە کەمبوونەوەی شلە لە لەشدا وادەکات کە خوێن پەیتتر بێت و هاتووچۆی خوێن بۆ مێشك قورس دەبێت، هەروەها هاندەر دەبێت بۆ زیاتر قەتیسبوونی سۆدیۆم و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن. هەنگاوەکانی دیکەی خۆپاراستن لە جەڵتەی مێشك: دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان چونکە هاندەرن بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و بەرزبوونەوەی ئاستی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان TG لە خوێندا، کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیی شەکرە، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، هەروەها کۆنترۆڵکردنی پەستانی بەرزی خوێن لە تووشبوواندا لەوکاتەی کە پەستانی بەرزی خوێن هۆکارێکی سەرەکیی بەهێزە بۆ جەڵتەی مێشك.

# ٥ خاڵی گرنگ سەبارەت بە سوورێژە



- نیشانە بەراییەکان لە نیشانەکانی هەڵامەت دەچن بە شێوەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، زیادبوونی دەردراوی لووت، زیاد فرمێسککردن، کۆکە، کرانەوەی قوڕگ، لەگەڵ دەرکەوتنی پنتی سپی لە ناو دەمدا لە دوو تا سێ ڕۆژی سەرەتای تووشبووندا، ئینجا پاش پێنج ڕۆژ، پنتی سووری بێ خورشت لەسەر پێستی هەموو لەشدا دەکەون.
- ڤایرۆسی سوورێژە زۆر بە خێرایی لە ڕێگەی هەوادا بە پژمین یان کۆکە لە کەسی تووشبوو بۆ کەسێکی دی دەگوازرێتەوە، هەروەها ڤایرۆسەکە توانای مانەوەی بە زیندوویی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە هەوا یان لەسەر ڕووەکاندا هەیە.
- چارەسەری تایبەتی بۆ نییە، تووشبوو تەنیا پێویستی بە حەسانەوە و زیاد خواردنەوەی شلەمەنییەکان هەیە، پاشان نیشانەکان لەخۆیانەوە لە ماوەی یەك دوو هەفتەدا سووك دەبن و نامێنن.
- تووشی پێگەیشتووانیش دەبێت، هەروەها ئاڵۆزییەکان لە گەورەکانی تەمەن ٢٠ ساڵ و بەسەرەوە و لە ئافرەتانی دووگیاندا سەختترن بەراورد لەگەڵ منداڵانی تووشبوودا.
- دەتوانی خۆتی لێ بپارێزیت، چونکە بڵاوبوونەوەی سوورێژە بە کوتان کۆنترۆڵ دەکرێت، تووشبوون بە سوورێژە تەنیا بۆ یەك جار دەبێت لەوکاتەی کە لەش بەرگریی هەمیشەیی بەرانبەر بە ڤایرۆسی سوورێژە پەیدا دەکات، بەڵام بۆ کەسانی تووش نەبوو کوتان زۆر پێویستە، هەموو منداڵان دوو ژەمی ڤاکسینی سوورێژەیان پێ دەدرێت، بۆ گەورەکانیش یەك ژەمی ڤاکسین پێویستە.

# سوودە تەندروستییەکانی بیبەری ڕەش

بیبەری ڕەش دەوڵەمەندە بە ماددە دژەئۆکسانەکان، بەتایبەتی ماددەی پیپەرین Piperine کە ڕۆڵی گەورەی هەیە بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، هەروەها بیبەری ڕەش سوودی تەندروستیی دیکەی هەیە، وەکو: کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن Inflammation لە لەشدا، باشترکردنی تەندروستی و فرمانەکانی مێشک، ڕێکخستنی ئاستی شەکری خوێن، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ LDL لە خوێندا، خۆپاراستن لە تووشبوون بە هەندێك جۆری شێرپەنجە، هاندانی هەڵمژینی ماددە خۆراکییەکان لە کۆئەندامی هەرسدا بەتایبەتی کانزای کالسیۆم و سیلینیۆم، زیادکردنی گەشەی بەکتریای سوودبەخش لە ریخۆڵەدا، کەمکردنەوەی ئارەزووی خواردن، هەروەها لەوانەیە کە ڕۆڵی هەبێت بۆ سووککردنی ئازار.



# گرنگیی خۆراکی پرۆتینی لە ژەمی بەیانیدا

توێژینەوەکان جەخت دەکەنەوە کە برسیبوون لەبەر کەمیی پرۆتین Protein hunger هاندەرە بۆ زیاد خواردنی خۆراکی پرۆسێسکراو و زیادبوونی کێش و قەڵەوی، بۆیە ڕێنمایی دەکەن کە ژەمی بەیانییان بڕێکی زیادی پرۆتین لەخۆبگرێت، بۆنموونە: هێلکە، پاقلەمەنییەکان، پەنیر، شیر، مریشك، کەرەی فستقی سوودانی Nut butter، کاکڵەکانی وەکو گوێز یان باوی، چونکە پرۆتین هاوشێوەی چەوری هەرسکردن و هەڵمژینی شەکر و جۆرەکانی دیکەی کاربۆهیدرات لە کۆئەندامی هەرسدا لەسەرخۆ دەکاتەوە. ئەگەر لە ژەمی بەیانییاندا بڕی زیادی خۆراکی پرۆسێسراو و شیرینی بخۆین، ئەوا کرداری هەرس و هەڵمژینی ئەم جۆرە خۆراکانە لە کۆئەندامی هەرسدا بە خێرایی دەبێت و دەبێتە ئەگەری بەرزبوونەوەی خێرای ئاستی هۆرمۆنی ئینسولین لە لەشدا، کە هانی چوونەژوورەوەی خێرای شەکری گلوکۆز بۆ خانەکان دەدات و ئاستی شەکری خوێن بە خێرایی بەرزدەبێتەوە و پاش ماوەیەکی کورت بە خێرایی دادەبەزێت، ئەمەش هاندەرە بۆ زیادبوونی ئارەزووی خواردن و دووبارە پەنا بردنە بەر خۆراکی ناتەندروست، تەنانەت ئەگەر هەستی برسیبوونیش پەیدا نەبووبێت، لە ئەنجامدا ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی زیاد دەبێت.





# ئامێرێک بە وردی چاودێری دڵ دەکات

تەکنەلۆژیای و تەندروستی دوو زانستی پێکەوە گرێدراون، زانستی پزیشکی بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێوە پێشکەوت و بەهۆی ئەویشەوە دەگاتە لوتکە. ئامێری Frontier X2 تایبەت بە چاودێری دڵ دروستکراوە. قەوارەکەی بەقەد مۆبایلێك دەبێت بەهۆی پشتێنێکی تایبەتییەوە دەکرێ بەخۆی هەڵواسی و ئەوکات بە وردی چاودێری لێدانی دڵ، هێڵکاری دڵ، پەستانی خوێن و ئەوەی پەیوەندی بە دڵەوە هەبێ دەیکات و زانیاری لەوبارەوە بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر بەڕێ دەکات و تەنانەت دەتوانێت زانیارییەکان بۆ دکتۆری تایبەت بەڕێ بکات. بۆ هەموو جۆرە چالاکییەك وەك راکردن و مەلەکردن دەگونجێت. هەرکاتێك کێشەیەکی تەندروستی هەبێت ئاگاداری بەکارهێنەرەکەی دەکاتەوە و دەکرێت پەیامێکیش بۆ دکتۆری شارەزای ئەو بوارە بنێرێت. بەکارهێنەر دەکرێت لەکاتی مەلەکردنیشدا ئامێرەکە دادەنێ چونکە بە چوونە ناو ئاو کێشە بۆ ئامێرەکە نایەتە پێش.



# مینی لاپتۆپێکی هەمە کارە

ئەو مینی لاپتۆپەی کە لە وێنەکەدا دەیبینن ئەوە مینی لاپتۆپی جۆری GPD Win Max 2021یە بە قەوارە و کێش زۆر لە مۆبایلێك گەورەتر نییە! لاپتۆپێکی هەمە کارەیە و هەم لاپتۆپە و هەم ئامێری گەیم. شاشەکەی تەنیا ٨ ئینجە. رامەکەی ١٦ گیگابایتە و شوێنی داکردنی داتاکانی یەك ترابایتە. شاشەکەی لەمسیە و جۆری گوریلاکسە. لە بواری پەیوەندییەوە سیستەمی خێرای وای-فای ٦ و بلوتوس ٥ی لەسەرە. لە یەك کاتدا بە حەوت ئامێر پەیوەند دەدرێت. باترییەکی بەهێزی لەسەرە لەکاتی بەکارهێنان و یاریکردندا هەتا ٨ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت و لەکاتێکدا کە کارێکی ئەوتۆی پێناکرێت باترییەکەی ١٤ کاتژمێر دەخایەنێت. دوگمەی تایبەت بە گەیمی کردنی لەسەرەوەیە و جگە لەوەش دەسکی گەیمی بۆ دادەنرێ و خۆی سیستەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە و دەکرێ ویندۆز ١١یشی لەسەر دابندرێ.



# ئامێری راکردن لەناو ئاودا

ئامێـری راکـردن واتـە Treadmill بـۆ وەرزشـکردن و دابەزاندنـی کێـش و هەروەهـا بـۆ لەشـجوانی گرنگییەکـی تایبەتـی هەیـە. مەلەکـردن و مەلەوانیـش سـوودێکی زۆری هەیـە بـۆ تەندروسـتی و دابەزاندنـی کێش، ئەگـەر ئـەو دووانـە پێکـەوە بـن و واتـە هـەم رابکـەی و هـەم مەلـە رەنگـە زۆر زووتـر بەمەبەسـت بگـەی.


کۆمپانیایەکـی تایبـەت ئامێرێکـی راکردنیـان دانـاوە کـە وەك بانوویەکـی گەرمـاو دەچێـت و پڕ دەکرێت لـە ئـاو و بەکارهێنـەر دەچێتـە نـاوی و وەك ئامێـری راکـردن بـەکاری دێنێـت، بـەو جیاوازییـەی لەنـاو ئـاودا راکردنەکـە ئەنجـام دەدات. راکـردن لەنـاو ئـاودا وا دەکات بەکارهێنـەر مانـدوو نەبێـت و جومگەکانـی بـە نەرمـی بجوڵێنـەوە. یـان ئەوانـەی نەخۆشـی پشـت ئێشـە، نەخۆشـی سـەوەفانیان هەیـە یـا نەخۆشـی پووکانـەوەی ئێسـکیان هەیـە زۆر سـوودی هەیـە.



# گوێ لە هەر چرپەیەک بگرە!

کامێرای سپای کە تایبەتن بە سیخوڕی لە شوێنێکی نادیار و بە دزی دادەنرێت و مەبەستیان چاودێری کەسانێك یـا شـوێنێکی تایبەتـە. جگـە لەکامێـرای سـیخوڕی، ئامێـری دەنگهەڵگـری تایبەتیـش هەیـە کـە بۆ شـوێنی مەبەسـت دادەنرێـت و بەکارهێنـەر دەیـەوێ لەو شـوێنەی دەنگهەڵگـری لێداناوە چ باسـە. دەنگ هەڵگری جۆری Earzz solo جیاوازییەکـی زۆری هەیـە، ئەو مەبەسـتی سـیخوڕی و سـپای دانانرێـت، رەنگـە ئەو مەبەستەشـی تێدابـێ، بـەڵام دەنگهەڵگرەکـە هەمـان تایبەتی کامێرای چاودێری هەیە و دەنگی شوێنی مەبەست بەرێ دەکات.

ئامێـری Earzz لەگـەڵ مۆبایـل بەهۆی سیسـتەمی وای-فای پەیوەند دەدرێت، ئاپێك لەسەر مۆبایل دادەنرێت کـە تایبەتـە بـە ئامێرەکە لە ئاپەکـەوە دەتوانی کۆنترۆڵـی ئامێرەکـە بکـەی. دەتوانـی لـە ئاپەکـەوە کۆنترۆڵـی دەنگێکـی تایبـەت بکـەی، وەك دەنگی ئۆتۆمبیل یا دەنگـی گیانلەبەری ماڵی. نـە تەنیا دەنگی تایبەت بەڵکـو دەتوانـی لەنێـوان دەنگـی مرۆڤەکانیشـدا هی کەسـێکی تایبـەت وەربگـری، بـۆ نموونە لە شـوێنێك دایدەنـی نیـازت نییـە دەنگـی ئەندامانی ئەو شـوێنە هەڵبگرییـەوە و گـوێ بدەیـە بەڵکـو دەتهـەوێ تەنیـا دەنگـی کەسـێکی دیکە جیا لەوانـە هەڵبگریەوە. یان دایکێك لەلای بێشکەی منداڵەکەی دادەنێ ئامێرەکە لـە هیـچ دەنگێـك دایکەکە ئـاگادار ناکاتەوە جگە لە دەنگی گریانی منداڵەکەی نەبێت. ئاگادارکردنەوەشی هـەر ئـەو ئـەو چرکەیـە کـە دەنگی مەبەسـتی گوێ لێدەبێت.



# پشکێنەرێکی پزیشکی لە ماڵەوە






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**ئازێزێک پرسیارێك دەکا کە پرسیاری زۆر کەسی دیکەشە. دەپرسێت چۆن بزانم مۆبایلەکەم هەك کراوە؟**

خوێنەری بەڕێز ئاماژەکانی هەك کرانی مۆبایل گەلێکن، کە لێرەدا ئاماژە بە چەند هۆکارێك دەکەین. گەر هەستت بەوە کرد زوو باترییەکەی دادەبەزێت لەگەڵ ئەوەیدا باتری نوێیە. ئەگەر هەستت بەوە کرد لەخۆوە پرۆگرامەکان دەکرێنەوە. ئەگەر هەستت بەوە کرد لەخۆوە مۆبایلەکە گەرم دادێ، گەر هەستت بەوەی کرد مۆبایلەکەت لەخۆوە شاشەکەی هەڵدەبێت و دەکوژێتەوە. کاتێك پەیوەندییەکت دەبێت، بەڵام هەست بەوەی دەکەی دەنگە دەنگ دێت. گەر هەستت بەوە کرد مۆبایلەکەت درەنگ دەکوژێتەوە. یان ئێملەکانت ناکرێنەوە. ئەوانە گشتیان ئاماژەی هەك کرانی مۆبایلن.

## گرنگترین پرۆگرامی دروستکردنی ئاواز

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئاوازی مۆسقی، بەڵام پرۆگرامی Finale لە ریزی باشترین و کاریگەرترین پرۆگرامەکان دێت. تیپی مۆسیقا، کۆرسی مۆسیقا، ئەو خوێندکارانەی لە بەشی هونەر دەخوێنن و ئۆگرانی فێربوونی مۆسیقا، بۆ بردنە سەری ئاستی تێگەیشتیان لە مۆسیقا لە پرۆگرامی ناوبراو سوود وەردەگرن. ئاوازدانەران بۆ دانانی ئاوازەکانیان لەو پرۆگرامە سوود وەردەگرن. ئێوە دەتوانن گشت ئەو نۆتانەی بە زەینتان دێت لەو پرۆگرامەدا بنووسن. کلیلەکان بگۆڕن و هەزاران گۆڕانکاری لە نۆتەکاندا پێکبێنن. پاشان گوێ لە مۆسیقاکە بگرنەوە و یان چاپی بکەن. زیاتر لە ٣٠٠ جۆر سازی تێدایە کە یارمەتیدەرێکی باشە بۆ بەرهەمهێنانی پارچە ئاوازی نوێ. بەکارهێنەر دەتوانێ هەم بە کیبۆرد و هەم بە ماوس دەست بە لێدانی مۆسیقا بکات.



ئامێـری TytoCare کـە لەوێنەکـەدا دەیبینـن لەداهاتوویەکـی نزیکدا لـە هەمـوو ماڵێـك دەبینـدرێ، چـۆن مۆبایـل ئێسـتا گشـتگیر بـووە، ئـەو ئامێـرەش ئاوا گشـتگیر دەبێ. ئامێرەکە بەقەد مۆبایلێك دەبێت، بـەڵام ئەرکـی دکتۆرێکـی شـارەزا ئەنجـام دەدات.
تاقیگەیەکـی گەڕۆکـە، بـۆ دەستنیشـانکردنی نەخۆشـییەکانی پەیوەنـدی بـە کۆئەندامـی هەناسـەدان و پەسـیو و ئەنفلوانـزا، گـوێ ئێشـان و ددان و نەخۆشـییەکانی ددان، سـینگ و زگ و بەگشـتی زۆربـەی ئەندامەکانـی لـەش بەهـۆی ئـەو ئامێـرەوە پشـکنینان بـۆ دەکرێـت. بەهـۆی ئـەو ئامێـرەوە پزیشـکەکان دەتوانـن لـە ڕێـگای دوورەوە پشـکنین بـۆ نەخـۆش بکـەن و هـەر لـەو ڕێگایـەوەش چارەسـەری بـۆ دابنێـن.
دایـك و بـاوکان پێویسـت نـاکات منداڵەکانیـان لـە ئامێـز بگـرن و بچنـە لای پزیشـك، بەڵکـو بەهـۆی ئـەو ئامێرەوە کـە ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ مۆبایـل پەیوەند دەدرێ و دکتـۆرەکان لـە ڕێـگای دوورەوە چاودێـری نەخـۆش دەکـەن.
ئامێرەکـە بچووکـە، چوارگۆشـەیی شـێوەیە و کێشـێکی ئەوتـۆی نییـە. شاشـەیەکی LED هەیـە کـە بـۆ نیشـاندانی ئـەو کامێرایـەی لـە پێشـەوەی هەیـە. تیـن پێوێکـی تێدایـە، کامێـرا و چەنـد گلۆپێکە بۆ ڕووناکی. بەسەری ئامێرەکەوە شوێنی پەیوەنـدی کردنـی چەنـد ئامێرێکـی بچووکـی دیکـە هەیـە، وەك ئۆتۆسـکۆپ بـۆ پشـکنینی گـوێ، بیسـتۆکی پزیشـکی بـۆ گوێـدان بـە لێدانـی دڵ، ئامێرێك بۆ پشـکنینی زمـان و گـەروو. بـۆ هـەردوو سیسـتەمی ئەندرۆیـد و ئـای ئـۆ ئێـس پرۆگرامـی تایبەتـی هەیـە.

# ڕۆبۆتێکی هونەرمەند

ئایا داهاتوو هی ڕۆبۆتەکانە؟
ئایا ڕۆبۆتـەکان شـوێنی مرۆڤـەکان لـە کاروبـاری ڕۆژانـەدا دەگرنـەوە؟ دەبنـە پاڵپشـتی مـرۆڤ یـا نەیـاری مـرۆڤ؟ وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە هەرچییـەك بێـت داهاتـووی هـی ڕۆبۆتەکانـە و لـە ئێسـتاوە هاتوونەتـە نـاو ژیانـی مرۆڤـەوە.
ڕۆبۆتـی بچووکـی Scribit Drawing ڕۆبۆتێکـی هونەرمەنـدە، دەرودیـواری و دیکـۆری ماڵـەوە بـە ویسـتی بەکارهێنەرەکـەی نیـگار و وێنـە دەکێشـێتەوە. ڕۆبۆتەکـە بەدارودیـواردا هەڵدەگەڕێـت و بـە هەشـت قەڵەمـی ڕەنگـی وێنـەکان دەکێشـێتەوە. لەگـەڵ مۆبایـل بەهـۆی سیسـتەمی بلوتـوس یـا وای-فـای پەیوەنـد دەدرێـت. لەسـەر دار و شووشـە و گێـچ وێنـە دەکێشـێتەوە. گرنگـی کێشـانەوەی ڕۆبۆتـە هونەرمەندەکـە لەوەدایـە کـە بـە ئاسـانترین ڕێـگاش تابلـۆ و نیگارەکانـی سـەر دیوارەکـە دەسـڕێتەوە. ڕۆبۆتـی ناوبراو لەگـەڵ هـەردوو سیسـتەمی ئەندرۆیـد و ئـای ئـۆ ئێـس دەگونجێـت.






## ماڵپەڕێکی فێرکاری بۆ کەلوپەلی ماڵەوە

بەفرگر (سەلاجە)کەت تێکچووە، پێویست دەکات یا وەستا بێتە ماڵەوە یا بەفرگرەکە ببەیە لای وەستای. تەلەڤزیۆنەکەت کار ناکات؟ جلشۆر، قاپ شۆر، گەسکی کارەبایی، مایکرۆویڤ بەگشتی هەر کەلوپەلێکی کارەبایی هەیە لەماڵەوە کاتێك تێکدەچن دەبێ یا وەستا بێتە ماڵەوە چاکیان بکاتەوە یا ئامێرەکان ببەیە شوێنی چاکردنەوەی ئامرازەکان. ماڵپەڕی www.repairclinic.com ڕێك بۆ ئەم مەبەستە داندراوە. لە ماڵپەڕەکەدا چۆنییەتی چاکردنەوەی گشت ئامرازەکان بە ڤیدیۆ و لەلایەن وەستای شارەزاوە ئەو بوارە بە وردی شی کراوەتەوە. لە ماڵپەڕەکەدا هاتووە کە فێرکاری چۆنییەتی چاکردنەوەی ٤ هەزار ئامێری تێدایە. نەتەنیا ئامێرەکانی ماڵەوە بگرە هەندێك ئامێری دیکەی وەك تەراکتۆری بچووکی ناو باخ و فریزبڕەوەی کارەبایی و زۆر ئامێری دیکەی تێدایە.

# کرێمی سەرەکی بە سەلیقەوە بەکاربهێنە



ماکیاژەکەت جوانی روخسارت گەش و کراوە دەکات، ئەگەر بە شێوەیەکی دروست و کارامە بیکەیت، نموونەیەکی قەشەنگ بە روخسارت دەدات، زۆربەی خانمانیش وادەزانن کرێمی ئەساس جوانت دەکات، بە پێچەوانەوە کرێمی ئەساس تەنیا بۆ داپۆشینی ئەو گرفتانەیە کە لە پێستی روخساردا هەن، تا پێستی روخسارت جوان و بەرچاو بێت، دەبێ بەم جۆرە کرێمێك هەڵبژێریت، بەڵام دوای زانینی ئەو مەرجانە :

سەرەتا دەبێ جۆری پێستی روخسارت بناسی، کە ئایا چەورە یان وشکە یان ئاساییە، هەروەها بزانە ئەو کرێمەی بەپێی زانیاریی خۆی کە لەسەری نووسراوە، هاوشێوە بێت لەگەڵ شێوەی پێستت، تا هیچ گرفتێکت بۆت دروست نەکات، ماوەی هەر دوو مانگ جارێك کرێمەکەت بگۆڕە، چونکە تا زۆر بمێنێتەوە زیاتر بێ سوود دەبێت و جوانی لە دەست دەدات، هەوڵبدە هەمان ئەو جۆری کرێمەکەی خۆت پەیدا بکەیتەوە، بەڵام نوێ بکەوە و ئەوەی پێشتر بۆ ماوەیەکی زۆر بەکاری مەهێنە، وا باشە ئەو کرێمە هەڵبژێریت کە رەنگی پێستت بە یەك یان دوو نمرە دەکاتەوە، چونکە زیاد لەو نمرەیە جوانیت دەشێوێنێت و کەمتریش رەنگی روخسار و گەردن جیاواز و دیار دەکات، هەردەم کرێمی ئەساس لە رۆژدا بەکاربهێنە، چونکە بەکارهێنانی لە شەودا ئەوەندە کاریگەریی نابێت وەك ئەوەی لە رۆژدا دەیبێت، ئەگەر کرێمی ئەساست بەکارهێنا، رەنگەکەی بووە هۆی جیاوازیی لە رەنگی پێست و جەستە، وا باشە ئەو رەنگە بەکارنەهێنیت، یان رەنگێکی دیکەی لەگەڵ بەکاربهێنە، بۆ هاوشێوەکردنی رەنگی روخسارت، هەوڵبدە هەردەم کرێمی رەنگی نیمچە زەرد هەڵبژێرە، یان ئەوەی بە رەنگی خاکی ناسراوە، چونکە ئەو رەنگە رەنگی سەرەکیی پێستە و بەمەش کاریگەریی تەواوی دەبێت لەسەر جوانیت.



# ریکۆت و چاکێتی درێژ جلی پایەبەرزی زستانەیە

لە وەرزی زستاندا، جلی پۆشتە و نایاب جێگەی جوانی و سەرنجە و هەروەها لە سەرما دەتپارێزن، بۆیە تا جلەکەت باش بێت، جوانتر و قەشەنگتر دەردەکەوێت، یەکێك لەو جلە پڕ بایەخانەی لەو وەرزەدا باو دەبێت، چاکێتی درێژ و ریکۆت و کۆتە ئەستوورەکانن، پێویستە چەند ئەتەکێت و زانیارییەك لەسەر ئەو جلانە بزانیت، سەرەتا: پێویستە زیاتر لە سێ چاکێت و کۆتت هەبێت، بەر لە هاتنی زستان یان لە ماوەی هاتنی مۆدە جۆراوجۆرەکانی ئەو جلوبەرگانە چەند دانەیەك بە دەست بهێنە، لە رەنگە کاڵ وتۆخەکانیش بن، چونکە جیاوازییان هەیە لە کاتی پۆشینی بە پێی رەنگەکان، پسپۆرانی جوانکاری دەڵێن: پێویستە بۆ کاتی سەرلەبەیانی واتە دەوامی فەرمی و زانکۆ، چاکێتی رەنگ کراوە بپۆشیت، بۆ ئەوانەی باڵایان بەرزە پێویستە چاکێتی درێژ تا ژێر ئەژنۆ بێت، بۆ ئەوانەشی باڵایان کورت و ناوەندە، دەتوانن کۆتەکانی تا سەر ران هەڵبژێرن، تاوەکو جەستەیان لە نێو ریکۆتەکەدا ون نەبێت، هەروەها بۆ کاتی ئێوارە مەبەست لە دەرچوون و سەردانی و بۆنە و یادەکانە، رەنگی تۆخ بۆ چاکێتەکان هەڵبژێرن، هەروەها لە کاتی بەیانیان ئەو چاکێتانە لەبەر بکە کە پۆشتە و لە فەروو و نایلۆن دروست کراون، چونکە سەرمای بەیانیان بەتێنترە لە ئێواران، بۆ ئێوارەش چاکێتی خووری و جوخ و پێست بپۆشە، چەند ئەتەکێتێکی چاکێتەکان هەن، وەك: نابێت بۆ بۆنەی پرسە و نەخۆشی چاکێتی فەروو لەبەر بکەیت، لە چوونە ژوورەوە بۆ بۆنەیەك پێویستە چاکێتە درێژەکەت دابکەنیت، تا دواتر لەبەری دەکەیتەوە بۆ دەرچوون، لە شوێنی گشتیدا هەمیشە با چاکەتت داخراو بێت، لە کاتی دانیشتندا بەشی پێشەوەی بکەرەوە، دەتوانی لەگەڵ جینز یان تەنوورەدا لەبەری بکەیت، هەروەها لەگەڵ قەمیس و بلووز و بەدیشدا شیك دەکرێت.



# بازنی گەورە لەگەڵ جلی پۆشتە شیک بکە

لە هەر وەرزێکدا، چەشنێك ئێکسسواری جۆراوجۆر دەردەکەون، کە هەر یەکە دەبنە مۆدەیەکی باو، بە تایبەت لە وەرزی هاوین و پاییزدا، لە وەرزی زستانیش بەهۆی پۆشینی جلی پۆشتە و زۆرەوە، خشڵەکانت ون دەبن و دیار نابن، بۆیە پێویستە ئێکسسواری گەورە هەڵبژێریت کە زیاتر گرنگی بە ئێکسسوار دەدرێت، چونکە جلی ئەو دوو وەرزە کورت و کراوەیە، بۆیە ئێکسسوار زیاتر دیار دەبێ لە دەست و مل و مەچەك، لە وەرزی زستان و سەرماشدا، ئێکسسوار و قردێلە و بازن و خەناوکە و ملوانکە ئەوەندە دیار نابن، تەنیا بازن بە دیار دەبێت، چونکە ئەوەش بەهۆی دەستەوەیە کە هەردەم بە دەرەوەیە. بازن هەردەم جوانە، بەڵام خانمان دەبێ بزانن چ جۆرە ستایلێکی بازن هەڵدەبژێرن، جوانیی بازن لە شێوە و ڕەنگەکەیدا دەردەکەوێت، هەندێك لە خانمان دەچن بازنێك دەکڕن کە لە دەستیاندا گەورەیە، یان ئەوەندە نەشیاوە تەنانەت جوانیی دەستیشی تێك دەدات، لەم وەرزەدا زیاتر بازنی ڕەنگاوڕەنگ و شێوە ورد باو دەبێت، چونکە بەشێکی کەمی دەستی خانمان بە دەرەوە دەبێت، بۆیە تا بازنەکە لەو بەشەی بە دەرەوە دەربکەوێ و بەرچاو بێت، هەردەم وابیر بکەوە کە بازن دەست جوانتر دەکات، نەوەك دەست بازن جوان بکات.



# تەمەنێک لە نێو هەنگ و هەنگەوانی

هەنگەوان، پێویستە ساڵانێکی زۆر خەریکی ئەو کارە بێت تا دەبێتە کەسێکی شارەزا و کارامە لە بواری بەخێوکردنی هەنگ و بە دەستهێنانی هەنگوینێکی سرووشتی و بێ فرت و فێڵ، ئەوانەی ساڵانێك خەریکی ئەو بوارەن یان لە کەسانی دیکەوە فێری کارامەیی بەخێوکردنی هەنگ دەبن، لەلایەن کەسانی دیکەوە فێر دەکرێن، یان لەلایەن باوك و باپیرانیان بۆیان ماوەتەوە، بەڵام مام عەبدوڵا ئیبراهیم، تەمەنی ٦٢ ساڵە و لە تەمەنی ٣٢ ساڵییەوە دەستی بە ڕاگرتن و بەخێوکردنی هەنگ کردووە، ماوەی ٣٠ ساڵە خەریکی ئەو کارەیە، بەرهەمەکەشی هەنگوینێکی بە سرووشتی و بێ کێشە و گرفت ناوبانگی دەرکردووە، مام عەبدوڵڵا بە عەبدوڵڵای هەنگوینی سرووشتی بەناوبانگە، خەڵکی قەزای چوارقوڕنەیە، بەرهەمەکانی بۆ شارەکانی کوردستان و دەرەوەش دەنێرێت، ئەمەش بەپێی داواکاریی خەڵکە کە داوای هەنگوینەکەی دەکەن، مام عەبدوڵڵا لەوە بارەیەوە دەڵێت: «ئەگەر دەتەوێت بزانیت هەنگوین ئەسڵیە یان فێڵی تێدا کراوە، دەتوانیت بە چەندین ڕێگە، وەك: بیخەیتە ناو سەلاجە ئەگەر بەستی یان ڕەق بوو ئەوە ئەسڵی نییە، یان هەندێك هەنگوین بهێنە و ئاگری لێبدە ئەگەر ڕەش بوو ئەوە ئەسڵی نییە، شەکری تێکراوە، تا دەتوانن هەنگوینی ئەسڵی پەیدا بکەن کە شیفای زۆر ڕبەی نەخۆشییەکانە و بەسوودە بۆ جەستە.

**فۆتۆ: دانا حەمە غەریب**



# شارۆچکەیەک لە شێوەی جەستەی مرۆڤ

هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەو شارۆچکەیە کەوتۆتە سەر زنجیرە کێوێك، کە شێوەیەکی سەیری هەیە، لە مرۆڤێك دەچێت کە قاچ و دەستی کردبێتەوە، ئەو شوێنە ناوی سینترۆپیە بە دووریی ٦١ کیلۆمەتر دەکەوێتە نێوان شاری ئیننا نێون هەردوو ڕووباری سیسلی و ساڵسۆ، دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە لە ٥،٤٠٠ کەسن کە دەکەوێتە شوێنێك بە بەرزایی ٧٣٠ مەتر لە ئاستی دەریاوە بەناوی (چونتیریپ) لە ئیتاڵیا، دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕووباری (دیتاینۆ) و (سالسۆ)، ئەگەر لە ئاسمانەوە سەیری شارۆچکەکە بکەیت، شێوەی مرۆڤ تیای بەدی دەکەیت، چەندین وێنەی جۆراوجۆری لە ئاسمانەوە گیراوە کە هاوشێوەی لاشەی مرۆڤ وایە.



# ئوتۆمبێلی ڕازاوە بە قژی ئافرەتان





بیرۆکەکە لەلایەن (ماریا لوسیا)ی تەمەن (٤٤) ساڵەوەیە، کە خولیای قژی درێژ و پرچی جوانە، جگە لەوەی قژی خۆی جوان دەپارێزێت، تەنانەت ئوتۆمبێلەکەشی بە پرچ داپۆشیوە، (ماریا) نزیکەی (١٥٠) کاتژمێر بە بەستن و دوورینی پرچەوە خەریك بووە، تا بۆ ئوتۆمبێلەکەی ئامادەی بکات، جگە لەوەش چووەتە وڵاتی هیندستان لەوێ بڕی (٢٥) کیلۆگرام پرچی کچانی هیندیی هێناوە، بەبڕوای خۆی پرچی کچانی هیندستان بەهێزتر و توندترە لە کچی ئەوروپی، بە پێی بڕوای ئەو کچە پرچ خۆشەویستە، پرچ مانای سەربەستی و ئاشتی دەبەخشێت، بۆیە ئەویش ئوتۆمبێلەکەی لە پرچی مرۆڤ پۆشاندووە، جارجارەش بە شانەیەك پرچی ئوتۆمبێلەکەی جوان دادەهێنێت.

# نمایشی جارانی سەر شەقامەکان

مێژووی نمایشی جلوبەرگ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زوو کە یەکەم نمایشی جلوبەرگ لە ساڵی (١٨٩٠) لە ئەمریکا کرا، لەو کاتە کۆمەڵە کچێك بە جلی جوانەوە بە نێو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا دەهاتن و دەچوون، دواتریش نمایشەکە پەرەی پێ درا و کاری لەسەر کرا، تا ساڵی (١٩٢٠) یەکەمین نمایشی جلوبەرگی سەر شەقام کرایەوە، کە ئەوەش لە شاری لەندەن بەڕێوە چوو، کە لەلایەن ئافرەتێك بە ناوی (پینار کلایر) بوو، کە کۆمەڵێك جلی ئامادە کردبوو، تا بیفرۆشێت، ئەوە بوو کۆمەڵێك کچی هێنا، ئەوانیش جلەکانیان لەبەر کردبوو، لەسەر شەقامەکانی ئەو شارە دەهاتن و دەچوون، کە بووە جێگەی سەرنجی زۆربەی خەڵکی ئەو شارە، تەنانەت هەر لە کاتی نمایشەکەوە داوای نمایشکار و جلەکانیشیان دەکرد.







# لە پیریدا ڕەگەزی خۆی گۆڕی



ئەوانەی کێشەی جیناتی و جەستەیان هەیە لە ڕووی ڕەگەزەوە، کاتێك هەست دەکەن کە لە ڕەگەزی خۆیان ناژین، پەنا دەبەنە بەر گۆڕینی ڕەگەزیان، وەك ئەو پیاوە بەریتانییە، لە تەمەنی (٨١) ساڵیدا خۆی کردە ئافرەت، (جێمس دراو) ئەو پیاوەیە کە سێ منداڵی هەیە و تەنانەت چوار نەوەشی هەیە، وەك خۆی دەڵێت: «لە مێژە هەستم کردووە کە من لە ناو جەستەیەکی هەڵەدا دەژیم و حەزم دەکرد ئافرەت بم، ئەوەتا بەم دواییە ئەو بڕیارەم داوە و دوای چەندین نەشتەگەری، ئاواتی خۆم بەجێ گەیاند»، ئەو کەسە وێڕای ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنە و ناخۆشی بووەتەوە، کەچی لە بڕیارەکەی پاشگەز نەبووەتەوە و پێی خۆش بووە ئەوەندەی تەمەنی ماوە، وەك ئافرەتێك بیر بکاتەوە و بژی.

# یاسا



### شایەت بوون


لە دەقی ماددە (٦٨)ی قانونی ئوسوڵی دادگادا هاتووە، «کەسە نزیکەکان، منداڵ لەسەر باوانی و بەپێچەوانەشەوە، ژن لەسەر پیاوەکەی و بەپێچەوانەشەوە، ناتوانن لەدژی یەکدی ببنە شایەت» هۆکاری دانانی ئەم دەقە یاساییە بۆ پارێزگاری لە خێزان دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە دۆسییەیەکدا منداڵ لە دژی باوکی شایەتی نەدات و، دواتر ئەم شایەتیدانە بە ئاژاوە بۆ سەر خێزان بشکێتەوە. بەڵام لە خۆیدا ئەم دەقە دژی ئەساسی ترین بنەمای دادگاییکردنە، کە بریتییە لە «کەشفی حەقیقەت». لە مەیدانی داوەریدا کەشفی حەقیقەت ئەساسە و، باقی شتەکانی دیکە لە بەرانبەر کەشفی حەقیقەتدا شتانێکی فەرعین، بۆ ئەو ئامانجە دەبێ هەر شتێکی دیکە ئەگەر هەبوو وەلا بنرێت، هەرچەندە مەکانەتی خێزان و ڕێزگرتنی دایك و باوك لە ئایینی ئیسلامدا گرینگییەکی زۆری هەیە، بەڵام لە کاتی داوەریدا ئەوەی گرینگە، گەیشتنە بە حەقیقەت نەك ڕاگرتنی خێزان، لەبەر ئەوە لانیکەم دەبوو دەقە یاساییەکە بەجۆرێك بوایە کە مافی هەڵبژاردنی بە هەرکەسێك بدایە، لەوەی بیەوێت ببێتە شایەت بەسەر نزیکەکانییەوە یان نا، چونکە بەو شێوەی کە ئێستا هەیە، لە پێناو زویر نەبوونی دڵی تۆمەتبار، دەرخستنی حەقیقەت و ویژدانی شایەت پشتگوێ خراوە.

## کاریکاتێر



ئەم کاریکاتێرە باس لە سەرمایەداری جیهانی (ئیلۆن میسك) دەکات، دوای ئەوەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەری کڕیەوە، هێمای تویتەری وەك باڵندەیێك لەسەر دەستی داناوە.

## میوزیک



### وەك نهێنی وایە
### It›s Like a Secret

تراکێکی خۆش و بە جۆشی کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی (skullcrusher) ـە، کە ناوی خۆی هێلین باڵێنتیە، بە ناوی مێشك شکێن ناسراوە، تراکەکەی لە مانگی ١١ی ئەمساڵ تەواو بووە و لەم ماوەیە لە جیهاندا بڵاودەبێتەوە، لە ئەلبوومی ژووری بێدەنگ Quiet the Room بڵاو کراوەتەوە، لە جۆری فۆلك، ئەڵتەرناتیڤ ئێندیە.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە ژینگەیەك بڕەخسێنە کە تیایدا هەست بەئاسوودەیی بکەیت، ئەم ماوەیە چانسی ئەوەت زوترە کە بە ئامانجە شەخسییەکانت بگەیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە کاتێکی ڕۆمانسی لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر ببەیت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئێستا کاتی ئەوەیە ڕابردوت لەبیر بکەیت و هەنگاوی نوێ بنێیت، لە ڕووی پیشەییەوە ئەم چەند ڕۆژە زیاتر بازنەی هاوڕێیەتیت فراوان دەبێت، ئەگەر لە ناو خێزانەکەتدا ناکۆکی هەیە، هەوڵ بدە ببیت بەو پردەی پەیوەندییەکان پێکەوە ببەستیتەوە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

بە ئاسانی متمانە مەکە، ئەم ماوەیە کاتی ئەوە نییە خۆت بە قسەی ئەملاوئەولاوە سەرقاڵ بکەیت، سەرنجت بخەرە سەر ئامانجەکانت، لە ڕووی سۆزدارییەوە پاڵپشتی خۆشەویستەکەت بەرەو سەرکەوتنت دەبات، بە باشی گوێی لێ بگرە وقسەکانی بەهەند وەربگرە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

ژیانی تایبەتیت ئاوێنە و ڕەنگدانەوەی کارەکەتە، هەربۆیە وریابە لەوەی چ کارێك هەڵدەبژێریت و چۆن ئەنجامی دەدەیت، سەرکەوتنت نزیکە، بیرۆکەکانت بەکار بهێنە بۆ بەرەوپێشچوونت، هەنگاوەکانت بە باشی هەڵبسەنگێنە پاشان بڕیار بدە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

وزەیەکی زۆرت هەیە، باشتر دەبێت ئەگەر ڕێگە نەدەیت کەسانی دیکە کارێك بکەن کە بێهێز و لاوازت بکەن، متمانە بەخۆبون کلیلی سەرکەوتنەکانتە، ئەم ماوەیە کەسانێکی نزیکت بینیوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز بوون.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

خۆت ئامادە بکە بۆ چەند گۆڕانکارییەکی چاوەڕواننەکراو، کە پاڵپشتیی خێزانەکەت یارمەتیدەر دەبێت لەوەی بە ئاسانی بە ئامانجەکان بگەیت، پەیوەندیی هاوڕێیەتیت لەسەر متمانە بەندە، هەوڵ بدە ئەو متمانەیە مەدۆڕێنە و لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانتدا چالاك بە.

بۆ زانیاریت

# خەنجەرەکەی فیرعەون



لە ساڵی ١٩٢٥ زانای شوێنەوارناس (هاورد کارتەر) دوو خەنجەری لە نێو ئەو تابووتەدا دۆزییەوە کە جەستەی (تووت عەنخ ئاموون) ی تێدا بوو، کە مێژووەکەیان بۆ سێ هەزار و ٣٠٠ ساڵی پێش زایین دەگەڕایەوە و یەکێکیان ئاسن بوو و ئەوەی تریشی لە زێڕ پێك هاتبوو، لەو کاتەوە زانایان بەردەوام بەدوای نهێنییەکانی ئەو خەنجەرە ئاسنینەی فیرعەون ئاموونددا دەگەڕێن، چونکە بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکانیان، دروستکردنی خەنجەر لەو کاتەدا بەو جۆرە ئاسنە کە جیاوازە لە ئاسنەکانی دیکە، زۆر جێی سەرنج و تێڕامان بووە، ئەو خەنجە بە دەسکێکی زێڕینەوە و لەسەریدا نەخشەی جۆراوجۆر کێشرابوو، ئەوەشی لە هەمووی سەیرتر بوو، ئەوەیە کە ئەو ئاسنەی خەنجەرەکەی پێ دروستکراوە، چینێکی بەردینی تێدا بووە، کە سەری لە هەموو زانایان تێك دابوو و نهێنی و چۆنیەتیی دروستکردنی ئەو خەنجەرەیان بۆ نەدۆزرایەوە.

تا لە ڕێی پێکهاتەی کیمیایی خەنجەرەکەوە توێژینەوەیان کرد و لە ڕێی وێنەی تیشکییەوە پشکنینیان بۆ خەنجەرەکە کرد، ئەوان لە پێکهاتەی خەنجەرەکەدا ڕێژەیەکی زۆری نیکل و کۆباڵتیان بینی، ئەمەش بووە جێی سەرسوڕمان، چونکە ئەم جۆرە ئاسنە تەنیا لە بۆشایی ئاسماندا هەیە، بۆیە ئەوان پێکهاتەی ئەو خەنجەرەیان بەراورد کرد لەگەڵ پێکهاتەی بەردێکی نەیزەکی و، ئیتر نزیکییەکی یەکجار زۆر لە نێوان پێکهاتەی هەردووکیاندا دۆزرایەوە، لەوەیان کۆڵییەوە کە ئاخۆ ئەو خەنجەرە لە بەردی نەیزەك دروستکراوە، یان پێکهاتەکەی هاوشێوەی ئەو لێ کراوە، بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە مێژووییەکان بۆیان دەرکەوت لە دووریی دوو هەزار کیلۆمەتر لە دەوروبەری ئەو مێژووەی کە خەنجەرەکەی لێ دروستکراوە، بەردێکی نەیزەکی لە کەناراوەکانی دەریای سوور کەوتووەتە خوارەوە، دواتریش لە شاری مرسی لە دووریی ٢٤٠ کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای شاری ئەسکەندرییە شوێنەواری بەردێکی نەیزەکی لەسەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنی دۆزراوەتەوە.



## پەند و وتە

دامی ئەگاسا ماری کلاریسا کریستی، خاتوونی ماڵۆوان، نووسەری ئینگلیزی و داهێنەری ٦٦ ڕۆمان و ١٤ کورتە چیرۆك، لە ساڵی ١٨٩٠ لە شاری تۆرکوای لە بەریتانیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٧٦ لە وینتەربرۆك لە بەریتانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی داهێنان دەڵێت: «ئەگەر مرۆڤێك بیەوێت داهێنان بکات، پێویستە بە بیرۆکەی خۆی بیکات، بەڵام ئەگەر ناچاریان کرد لە کارەکەی داهێنان بکات، با لە بیرکردنەوەکانی ڕا بکات.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا ئوتۆمبێلێك هەیە، ڕووی شۆفێرەکەی بەرەو پێشەوەیە و تایەکانیشی پێچەوانەیە، کە ئەمەش پێچەوانەی سرووشتی ئوتۆمبێلە، فێڵێك لە وێنەکەدا کراوە، هەوڵ بدە لە ماوەی ٣٠چرکەدا بیدۆزیتەوە.

## فیلم




### ئەوانەی لە زەماوەند ڕقمان لێیانە
### The People We Hate at the Wedding

فیلمێکی کۆمەڵایەتیی فانتازیایە، باس لە خێزانێك دەکات، کە چەند دەستە خوشکێك ئاهەنگی زەماوەند بۆ زڕخوشکەکەیان ساز دەکەن، کە لەوێدا کەسانێك هەن ڕقیان لە میوانەکانە و بە دڵیان نین، بەم جۆرە مامەڵەی سەیر ڕوو دەدات، فیلمەکە لە دەرهێنانی کلەیر سکانیۆنە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٣٩ خولەکە، لە مانگی ١١ی ئەمساڵ تەواو بووە و نمایش دەکرێت، لە نواندنی (کریستین بێڵ، دەیستەن میلیگان، بێن پلات، ئەلیسۆن جەینی، کینتیا ئەددای ڕۆبێنسن، کاران سۆنی)یە.

**گۆزە** ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسانی چواردەورت تۆیان خۆشدەوێت و وەکو کەسێکی کراوە و کۆمەڵایەتی تەماشات دەکەن، کاتێکی خۆش بەسەر دەبەیت لەگەڵ کەسە نزیکەکانت و ئاسوودە دەبیت، کاتەکانت بەهەدەر مەدە و بۆ بەرەوپێشچونت سوودیان لێ ببینە.

**نەهەنگ** ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەگەر بەشێك لە پرۆژەکانت بەو شێوەیە نەڕۆشتن بەرێوە کە پلانت بۆی داناوە، لەبیرت بێت هەمیشە ڕێگەی نوێ هەیە، هەوڵ بدە ئەو ئامانجانەی دایدەنێیت، روون بن، لە ژیانی تایبەتیتدا بە زویی دەتوانیت سەرنجی کەسانی دیکە رابکێشیت و کاریگەرییان لەسەر دروست بکەیت.

**شایان** ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە ڕەنگە بانگهێشتی کۆمەڵێك پڕۆژەی گرنگ بکرێیت، هەوڵ بدە کەسانی دەوروبەرت لە کارەکەت بێزار نەکەیت، پەیوەندییت لەگەڵ خۆشەویستەکەت باش نییە و ڕەنگە تووشی جۆرێك لە دڵەڕاوکێ ببیت، ئەمەش دەبێتە هۆی بڕیاری خێرا، خواردنی تەندروست فەرامۆش مەکە.

**دووپشک** ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەمیشە بە دوای داهاتووی باشدا هەنگاو بنێ و خۆت پابەند بکە بە ئێستاوە، سوود لەو دەرفەتانە ببینە کە دێنە بەردەمت و، تەواوی ئەو هاوکارییانە ڕەت مەکەرەوە کە پێشکەشت دەکرێت، ئەم ماوەیە زۆرینەی دەرگا داخراوەکان بە ڕووتدا دەکرێتەوە، لە ڕووی سۆزدارییەوە هەوڵ بدە بچیتە قۆناغێکی باشتر.

**کەوان** ١١/٢٢ - ١٢/٢١


ڕێگە بە خۆت مەدە ببیتە هۆی دڵشکان و ئازاردانی کەسانی دیکە، دەنا پەشیمان دەبیتەوە، وردتر ڕەفتار بکە و وریای هەڵسوکەوتەکانت بە، ڕێگە مەدە بێهیواییت لە کارەکانتدا ساردت بکاتەوە لە گەیشتن بە ئامانجەکەت، بەڵکو زیاتر هەوڵ بۆ داهاتوو بدە.

**گیسک** ١٢/٢٢ - ١/١٩

واپێدەچێت لە ژیانی تایبەتیتدا نەگەیت بەو شتانەی کە دەتەوێت، بەڵام سارد مەبەرەوە، ئەگەر خۆت ماندوو بکەیت، باشتر لەوەی ئێستات بەدەست دەهێنیت، لە دەرەوەی کارەکەت هەوڵبدە پارێزگاری لە ئارامیت بکەیت و گرفتەکانی کارەکەت تێکەڵ بە ژیانی تایبەتیت مەکە.










بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دوایین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
December 12, 2022 Issue,No.1345


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626